# تیشك

گۆڤارێکی سیاسی . رۆشنبیریی گشتی یە

ژمارە: ٤٤



تەوەری ژمارە

## پرسی رێفراندۆم لە هەرێمی کوردستان

# تیشک

**گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە**

**کۆمیسیۆنی پەروەردەی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەریدەکا**



**ژمارەی ٤٤**

**خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی**

**سێپتامبری ٢٠١٧ی زایینی**

تیشک

ژمارەی ٤٤

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

تایپ: راسان

مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.

# لەم ژمارەیەدا

وتەی ژمارە ........................................................................ ٥
ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا و پرسی بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستان............................... ٩
ڕای گەل، چارەنووسی وەڵات ......................................... ٢٩
پرسی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا ........................... ٥١
پرسی ریفراندۆم لە ئاوێنە ئاڵوگۆڕکەرکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ........................................................................ ٥٩
سەربەخۆیی باشووری کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر رۆژهەڵات......................................................................... ١٣٧
دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو: کەیسی کۆماری ئیسلامی ئێران ........................................................................... ١٤٣

گۆڤاری تیشک

لەسەر ئینتیرنیت

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# ڕاپرسی لە باشووری کوردستان

ناسر ساڵحی ئەسڵ

لیژنـەی بـاڵای ریفرانـدۆم کە پێکهـاتوە لە زۆربەی هێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان و نـوێنەری کەمیـنە نەتەوە و ئایینییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان، بڕیـاری داوە کە لـە ٢٥ ی سـیپتامبری ٢٠١٧ دا ، بە مەبەسـتی دیـاریکردنی چارەنووسـی سیاسیی و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، راپرسی گشتیی بەڕێوە ببات. بۆیە ڕۆژی ٢٥ی سیپتامبر لـە لایـەک بـۆ نەتـەوەیی کـورد بـە گشتی و بۆ خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان بەتایبـەتی ڕۆژێکی مێژوویـە. و ڕاپرسی بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردییـە. بۆیـە ئـەو رۆژە لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی گەلی کورد دا، رۆژێکی گرنگـە وەک دەسپێکی هەنگاونانە بەرەو بەڕاستیکردنی ڕاگەیانـدنی دەوڵـەتێ "کوردستان". لە لایەکی دیکەوە سـەرکەوتنی ریفرانـدۆم لـە باشـووری کوردستان، لە داهاتوویەکی نزیکدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، تووشی گۆڕانکارییەکی مەزن دەکات. چاوەرووان دەکرێ کـە لـە ناوچەکـەدا گۆڕانکـاریی بنـەڕەتی لـە شـێوە و سـتراکتۆری هێـز و دەسـەڵات، و ژئۆپۆلـۆتیکی ناوچەکـە بێنێتــە کایــەوە. بۆیــە پرســی ریفرانــدۆمی سـەربەخۆیی و بـە دەوڵـەت بـوونی باشـوری کوردسـتان کاردانـەوەی جیاجیای دەوڵەتانی ناوچـەیی و سـەروو ناوچـەیی لێکەوتوتـەوە. بـەڵام ئـەو وڵاتـەی کـە ڕاشـکاوانە دژی بڕیـاری ریفرانـدۆمی سـەربەخۆیی باشوری کوردستان بوو و بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە دژایەتی خۆیان راگەیاند، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بۆ نموونە بەهرام قاسمی، گوتـەبێژی وەزارەتـی دەرەوەی رێژیمـی ئێـران هەڵوێسـتی وڵاتەکـەی

لـەبارەی ڕیفرانـدۆمی هـەرێمی کوردسـتان ڕاگەیانـد: "هـەڵوێسـتی بنـــەڕەتی و ڕوونـــی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران، پشـــتیوانییە لـــە یەکپارچەیی خاکی عێراق. هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کۆماری عێراق و بڕیاری ڕاپرسی یەکلایەنە و لە دەرەوەی ڕێسا و چوارچێوە نیشتمانی و یاساییەکان، بەتایبەتی یاسای بنەڕەتی عێراقە، ئەویش لە دۆخی ئاڵۆزی ئێستای عێراق و ناوچەکەدا، پلانی دوژمنانە بۆ بەردەوامی ناسەقامگیری لە عێراقدایە". بەم پێیە ڕێژیمی ئێران هەوڵدەدات کە لە ڕێگەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی کێشە و گرفت بۆ راپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دروست بکات. حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە رووی سیاسییەوە راپرسی لە هەرێمی کوردستان،وەک هەرەشە بۆ سەر خۆی دەزانێت. چونکە کاتێک هەرێمی کوردستان دەبێتە دەوڵەت، ئەوکات وەک دەوڵەتێک دەتوانێت ڕۆڵی ناوچەیی بگێڕێت. چونکە هەمیشە لە مێژووی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، وا باو بووە کە دەوڵەت تاکە ئەکتەرە کە بتوانێت ماف و سەروەریی خۆی بپارێزی و داکۆکییان لێ بکات. لەو سۆنگەیەوە ڕێژیمی ئێران پێی وایە، سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەبێتە چەترێکی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و هەروەها بە مەبەستی یارمەتی و پشتیوانیکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.

بۆیە ڕێژیمی ئێران، هەر جورە ئاڵوگۆڕێک لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا، بە کاریگەری لە سەر ئەمنییەت و یەکپارچەیی خۆی دەزانێت. لەو سۆنگەیەوە، حکوومەتی ئێران ترسی ئەوەی لێ

نیشتووە کە لە داهاتوودا وڵاتی کوردستان ببێتە، هەم هاندەریک و هەم پاڵپشتێک بۆخەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا سوورتر لە ڕابردوو بۆ مافە رەواکانی خۆی لە ئێراندا خەبات بکات. هەر وەها ڕێژیمی ئێران پێی وایە بە لەدایکبوونی "وڵاتی کوردستان" دەوڵەتێکی دیکەی دێمۆکراتیک و سێکۆلار لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا زیاد دەبێت. ئەمەش، لە لایەک پێچەوانەی شوناسی سیاسی سیستمی سەرەڕۆی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانە، کە خۆی لە سیستمێکی "ویلایەتی فەقیە شیعەگەرا" وێنا کردووە و لە لایەکی دیکەوە نفووزی ڕێژیمی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا لاواز دەکات.

لەکۆتایی وتەدا، دیارە پرۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ، پرۆسەیەکی گرینگ و کاتبەرە، تا کوو هەم لە لایەن ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەم لەلایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە بە فەرمی بناسرێ. بەڵام لە هەمان کاتدا بە سەربەخۆ بوونی هەرێمی کوردستان، پرسی نەتەوەی کورد بە گشتی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و سیاسەت و ژووره فیکرییەکانی ولاتە زلهێزەکان و بە تایبەت وڵاتی ئەمریکا دەبێتە پرسی رۆژ و گرینگی تایبەتی پێدەدرێت. هەروەها لە ئایندە دا نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵات و باکوری و رۆژئاوای کوردستان بە هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی باشتر و خیراتر دەتوانن لە ڕێگای کاناڵە نێونەتەوەییەکانەوە، پرسی کورد و چارەسەر کردنی دێموکراتیکی ئەو پرسە لە گەڵ لە دەسەڵاتدارانی تاران و ئانکارا و دەمشق بێنیتە گۆڕی و گوشاریان بخەێنەسەر.

# ئاسایشی كۆماری ئیسلامی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا و پرسی بەدەوڵەتبوونی باشووری كوردستان

د. پەرویز ڕەحیم قادر

**پێشەکی:**

پرسـی ریفرانـدۆمی سـەربەخۆیی و بـە دەوڵـەتبوونی کوردسـتان کاردانــەوەی جیاجیــای دەوڵــەتانی ناوچــەیی و ســەروو ناوچــەیی لێکەوتـەوە. بـەڵام ئـەو دەوڵەتـەی کـە بـە ڕاشـکاوانە دژی بڕیـاری ریفراندۆمی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو و بەرپرسانی ئـەم دەوڵەتـە دژایـەتی خۆیـان راگەیاند، کۆمـاری ئیسلامی ئێران بـوو. بۆ نموونـە بــەهرام قاســمی، گوتــەبێژی وەزارەتــی دەرەوەی ئێــران هەڵوێســتی وڵاتەکەی لەبارەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و گوتی: "هەڵوێستی بنەڕەتی و ڕوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پشتیوانییە لـە خاک و یەکپارچەییی عێراق. هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کۆماری عێراق و بڕیاریی ڕاپرسی تاکلایەنە و لە دەرەوەی ڕێسا و چوارچێوە نیشـتمانی و یاسـاییەکان، بەتایبـەتی دەسـتووری عێـراق، ئـەویش لـە دۆخــی ئــاڵۆزی ئێســتای عێــراق و ناوچەکــە و پلانــی ناحــەزان بــۆ بـەردەوامیی ناسـەقامگیری لـە عێراقـدا، تـەنیا درێـژە بـە دروسـتبوونی کێشەی نوێ لەو وڵاتە دەدات. بـەم پێیـە ئێـران هەوڵدەدات کـە لـە ڕێگـەی سیاسـەتی دەرەوەی خـۆی کێشـە و گرفـت بـۆ ریفرانـدۆم و سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات.

بۆیـە پێویسـتە کـە وڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەینـەوە کـە رەفتـاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەهەمبەر پرسی بەدەوڵەتبوونی کوردسـتان و پاشـان سـەربەخۆیی ئـەم هەرێمـە لەسـەر چ بنەمایـە دامـەزراوە و بۆچی کۆماری ئیسلامی هەست بە دڵـەراوکێی ئاسایشی دەکات لـە

ژینگەی دەرەکی خۆیدا؟ بۆ ئەم مەبەستەش لێرەدا هەوڵدەدەین سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و پرسی بەدەوڵەتبوونی کوردستان لەم پەیوەندیەدا بخەینە بەر باس و لێکدانەوە.

## سیاسەتی دەرەوە:

بە گشتی سیاسەتی دەرەوە لە سەر چوار کردەوەی سەرەکی راوەستاوە: ١- ناسینی ژینگەی نێونەتەوەیی. ٢-دارشتنی ستراتیژیەتی نەتەوەیی. ٣- دارشتنی تاکتیکی جێبەجێ کردن. ٤- دیپلۆماسی. بەم پێیە سیاسەتی دەرەوە کۆمەڵە ئامانج، هەڵوێست، ڕێباز و ئامرازێکە کە حکومەتێک لە هەمبەر یەکە سیاسییەکانی تری نێونەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بەدواداچوونیان بۆ دەکات. سیاسەتی دەرەوە، هەوڵ دەدات کاریگەری لە سەر ڕەفتاری وڵاتانی تر بکات یاخود کاریگەری لە سەر کۆی سیستەمی نێونەتەوەیی هەبێت کەئەمەش لە هەنگاوی دروستبوونی بیرۆکەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی ئامانج و مەبەستی دیاریکراو و دواتر دەستنیشان کردنی فاکتەرەکانی هەلومەرجی ناوخۆیی ودەرەکی کە کاریگەری لە سەر ئامانجەکان هەیە و شیکردنەوەی تواناکانی دەوڵەت و دارشتنی پلان و ستراتیژی بۆ بەکارهێنانی تواناکان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکاندا خۆی دەبینێتەوە. سیاسەتی دەرەوە گرنگی بە پرسە جۆراوجۆرکان وەکو: پرۆسەکانی هەنووکەیی لە ئاستی دامەزراوە

فەرمی و نافەرمییەکانی حکومەت، پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیار دروستکردن و ستراتیژیەکانی هەڵبژاردنی عەقڵانی، ئامانجەکان و ئامرازەکان، ژینگە و سروشتی سیاسی ناوخۆیی، بکەرەکان و ڕەگەزە دەروونییەکانیان و تێگەیشتنیان، ئایدۆلۆژیا، ژیۆپۆلیتیک و...هتد، دەدات. لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی دەرەوە جەخت لەسەر پڕۆسە ناوخۆییەکانی دروستکردنی بڕیار دەکات و سیاسەتی نێونەتەوەیی تەرکیز لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتان وەک سیستەمێکی نێونەتەوەیی و تایبەتمەندیەکانی سیستەمەکە دەکات.

ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە:

به گشتی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە دەکرێت بەم دوو شێوەیە پۆلین بکرێن: ١- لە ڕووی مەوداوە. ٢- لە ڕووی بابەتەوە.

**یەکەم/ ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕووی مەودا:**

١- ئامانجە کورت مەوداکان: زیاتر هەنووکەیی و کاتین یاخود کاردانەوەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکان.

٢- ئامانجە مەودا مام ناوەندییەکان: وەک حەڵقەی نێوان ئامانجە کورت مەودا و درێژخایەنەکانن کە ئامانجانەکانی خۆشگوزەرانی گشتی، پرستیژی نێونەتەوەیی و... هتد لە خۆ دەگرێت، بە جۆرێک کە کۆمەڵێک ڕەفتاری دەرەکی، ویست و داواکاریەکانی ناوخۆیی جێبەجێ بکات.

٣- ئامانجە درێژ مەوداکان: ئەم ئامانجانە لە چوارچێوەی ئایدیا و بەها و بەرژەوەندییە درێژخایەنەکاندایە و لە چوارچێوەی سنوورە

جوگرافیاییەکانی دەوڵەتدا قەتییس ناکرێتەوە و لە سەروو سنوورە نەتەوەییەکاندا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، وەک دروستکردنی حکومەتی جیهانی کۆمونیستی لە وڵاتانی کۆمۆنیزمی پێشوو یان دامەزراندنی حکومەتی جیهانی ئیسلام لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

**دووەم/ ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ڕووی بابەتەوە:**

١- ئامانجە ئابووری و داراییەکان: کە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی ئابووری وڵاتی مەبەستە، بەم مانایە کە گەیشتن بەدۆخی خوازراوی ئابووری.

٢- ئامانجە کولتووری و ئایدۆلۆژیکەکان: سیاسەتی دەرەوە تەنیا پەیوەندی مادی نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەها و باوەڕی کولتووری و ئایدۆلۆژی، کە خەڵک بڕوایان پێ هەیە، وەکو: دیموکراسی، کۆمونیزم، ئیسلام و...هتد.

٣- ئامانجە ئاسایشی و سەربازی و بەرگریەکان: ئەم ئامانجانە لە سیاسەتی دەرەوەدا باڵاترین ئامانجەکانی دەوڵەتن کە لە لایەک بوون و مانەوە و لە لایەکی ترەوە یەکپارچەیی وڵات، دانیشتوان و پاراستن و پارێزگاری لە مانەوەی دەوڵەت لە خۆ دەگرێت و هەروەها ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دەگرێتەوە.

ستراتیژی لە سیاسەتی دەرەوەدا

دەوڵەتان بە پێی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیان و هەروەها لە ژێر کاریگەری پێکهاتە و پرۆسەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی،

ستراتیژی جیاواز بۆ گەیشتن و بەدیهێنانی ئامانجەکان هەڵدەبژێرن، لێرەدا ستراتیژی بە مانای چۆنییەتی گەیشتن بەئامانجە نەتەوەییەکان و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیە، کە دەتوانین بە ستراتیژی گۆشەگیری، بێلایەنی، پابەندبوون یاخود هاوپەیمانی دابەشیبکەین، کە ئەمەش لە ژێر کاریگەری فاکتەرەکانی چۆنیەتی دابەشبوونی هێز لە ئاستی سیستەمی نێونەتەوەیی، ژمارە و جۆری ئەکتەرەکانی نێونەتەوەیی، گرێدراوی و پێویستیەکانی ئابووری و تکنولۆژیا و...هتد، دایە. هەر دەوڵەتێک سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە ئاراستەیەکدا ڕێکدەخات کە لە کۆتاییدا ویست و پێویستییە ئاسایشی، ستراتیژیک، ئابووری، سیاسی، کولتووری و سەربازییەکانی لە مەودای کورتخایەن یان درێژخایەندا، دەستەبەر بکرێت و لە ڕاستیدا ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگەکان، دروستکراوی کۆمەڵێک فاکتەر وەکو: مێژوو، بیروباوەڕ و ئایین، کولتوور، کولتووری سیاسی، پەروەردە و...هتد، لە ئەو وڵاتەیە و ئەم ئامانجانە لە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی تایبەتدا پێناسە و ئاشکرا دەکرێت.

ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لە ڕوانگەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم، بۆ ناسین و شیکردنەوەی ڕەفتاری دەوڵەتان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دەبێت پێش هەر شتێک گرنگی و سەرنج بدرێتە ناسنامەی ئەو وڵاتانە کە بۆ خۆیان پێناسەیان کردووە، کە دروستکەری عەقڵانییەتی ئەم دەوڵەتە و پێناسە کردنی واقعیەتە لە ڕوانگەی ئەو ئەکتەرەیەوە کە بەرژەوەندی و ویستەکان وداخوازیەکانی لە پەیوندی لەگەڵ جیهانی

دەرەوەدا بنیـات دەنێـت، هەروەهـا بەرگـری کـردن لەم ناسـنامەیە دەبێتە ئەولەویەتـی سـەرەکی سیاسـەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک کە ئەمەش ڕەوایەتـی بە ڕەفتارەکـانی ئەو دەوڵەتە دەدات و لەوانەیە بە پێچەوانەکەی راست بێت بۆ دەوڵەتێکی تـر.

لە ڕوانـگەی کۆنسـتـراکتیڤیستەکان دژایەتـی ناسـنامەیی فـاکتەری سـەرەکی جەنـگ و پەشـێویە و قەیـران و پەشـێویش بەرهەمـی دروستکراوی ململانێیە ناسنامەییەکانە.

ناسـنامەی بکەرەکـان لە ناوەنـدی تیـۆری کۆنسـتـراکتیڤیزمدایە، ناسنامە بـریتییە لە تیگەیشتنەکان و چاوەڕوانییەکان دەربارەی (خود) کە تـایبەتە بە ڕۆڵ بینـین. کۆنسـتـراکتیڤیزم وەک لقێـک لە تیـۆرییە ڕەخنەگەراییەکـان بە خسـتنەڕووی تێگەیشـتنێک لە سیاسـەتی ناسـنامەیی هەوڵ دەدات چـۆنیەتی رۆل و کـاریگەری کـۆمەڵە نێـوان زەینییەکان وەکو: ناسیونالیزم، ئەتنیک، نەژاد، مەزهەب و پرستیژ لە سیاسـەتی دەرەوەدا شـیکردنەوەیان بـۆ بکـات، هەروەهـا کۆنسـتـراکتیڤیستەکان بڕوایان وایە کە گرنگی بابەتەکانی ناسـنامەیی لەوەدایە کە ناسنامە بەشێکە لە پرۆسەکانی پێکهێنەری وڵاتێک و لە ئەنجامدا ڕەفتارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئاراستە دەکات.

یەکێک لە زاناکان بە ناوی ئیمانۆئێل ئادلێر ، بە جەختکردنەوە لە سەر ناسنامەی دەوڵەتان بڕوای وایە کە گرنگی پێدانی دەوڵەتـان بە ناسـنامە، دەربـڕی ئەوەیە کە وەک تاکەکـان، دەوڵەتـیش لە چوارچێـوەی کـۆمەڵە بەهاکـان و ناسـنامەی خۆیـدا، جیهـان مانـادار دەکـات و لەم سـۆنگەیەوە، ناسـنامەی دەوڵەتـان، تەوەری سـەرەکی

پێناسـه کردنـی ئەوان لە واقعیـیەت و هەروەهـا هێـز و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و دۆسـت ودوژمـن وئاسایش و...هتـد، دروسـتدەکات و لە ئەنجامیشـدا دروسـتکردنی بڕیـار و کردەوەکـان لە سـەر ئەم بنەمـایە دروستدەبن.

کۆماری ئیسلامی ئێران شـوناس یـان ناسـنامەی سیاسـی تـایبەتی خوی هەیە. ئەم ناسنامەیە سێ ڕەهەنـدی (جیهانی سـێیەم گەرایـی، شۆڕشـگێڕی و ئیسـلامی- شـیعی) هەیە کە ڕێـگە نیشـاندەریەتی لە دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەفتاری دەرەکی ئێران لەسەر بنەمای جۆرێـــک لە عەقڵانیەتـــی ئەخلاقـــی_پەیوەنـــدی و ڕەخنەیـــی و ئایدیالیسـتی پیناسـەدەکریت. بۆیـە دەتـوانین بڵێـین کە لە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دا ئاسایشـی نەتەوەیـی پەیوەنـدی بە سیسـتەمی ئابووری و پەیوەندی دەرەکی ئابووری لەگەڵ وولاتان نییە و بەهـۆی سروشـتی هێـز لە کۆمـاری ئیسـلامی کە بـڕواییە(عەقیـدەتیە) لە ئەنجامدا ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانیش عەقیـدەتیە و پاراستنی هێـز لە ئێـران پەیوەنـدی بە پاراسـتنی سیسـتەمی عەقیـدەتی لە نـاوخۆ و دەرەوەدا هەیە، هەروەها پاراستنی دەسەڵاتداریەتی حوکمڕانانی ئێران پەیوەندی بە پاراستنی ئەم ستراتیژیە لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانـدا هەیە.

دەوڵەتـی نەتەوەیـی لە گوتـاری ئیسـلامگەرای کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا، لە چوارچێـوەی ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامی - شـیعی دا پێناسـە دەکرێت. لە سەر بنەمای تیۆری سیاسی شیعە، دەوڵەتـی هەرێمـی و نەتەوەیی ڕەسەنایەتی شەرعی نییە، چونکە ئەو سنوورانەی ئێسـتا کە

موسـولّمانان دابەشـدەکات، رەوا نـین، هەروەهـا دەوڵەتـی نەتەوەیـی نەتەوە لە خۆ دەگرێت، کە لە ئیسلامدا ڕەسەنایەتی نییە. کۆمەڵگەی سیاســی ڕەوا لە ئیســلامدا ئــۆمەتە و ئــۆمەتی ئیســلامی بەمانــای کۆمەڵێک موسـوڵمان کە لە ڕێگەی ئایین و بـڕوای هاوبەشـەوەوە لە جــێگەی نەتەوە کــۆمەڵگەیەکی هــاوبەش پێکــدێنن و دەوڵەتــی ئیســـلامیش بەرپرســـیارە کە زەمیـــنە و ئیمکانـــاتی پێویســـت بـــۆ هاووڵاتیـانی ئۆمەتی ئیسلامی بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجە پیرۆزەکانیـان دەستەبەر بکـات. بە پـێچەوانەی دەوڵەت – نەتەوە، کە ئایـدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم ژێرخانەکەی پێکدێنێت، بە بـڕوای کۆمـاری ئیسلامی لە دەوڵەتـی ئیسـلامیدا بنەمـای ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامی  ـ شـیعی ئەوە پێکدێنێت.

بە گشتی دەوڵەت لەم ڕوانگەیەدا، سەرچاوەیەکی ئیلاهی و ئایینی هەیە. لەم سـۆنگەیەوە بنەمـای پاراسـتنی دارولئیسـلام و پاراسـتنی سیستەمی ئیسـلامی لە سـەر بنەماکانی فیقهـی شیعیەوە بە (اوجـب الواجبــات) دادەنــدرێت، واتــا ئەرکــێکە کە لە ســەرەوەی هەمــوو ئەرکەکانەوەیە، کە ئەمەش دەبێتە گرنگترین و بنەڕەتیـترین بنەمای سیاســەتی دەروەی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران کە لە تیۆرییەکــانی پەیوەندی نێونەتەوەیی بە مانای پاراستن ومانەوەی دەوڵەت لە سـەر بنەمـای دەوڵەت  ـ نەتەوەدا خـراوەتە ڕوو، بەڵام لە ڕوانـگەی فیقهـی ئیسـلامی  ـ شیعی، جوگرافیـای سـنووری بڕوایـی و ئایـدۆلۆژیایی ئەم سنوورە دیاریدەکات.

دەتـوانین بڵێـین کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەوڵەتێکـی ئـایینی بە ناسنامەی ئیسلامییە کە لە هەرێمێکدا بە ناوی ئێران دروستبووە و مەزهەبـی شـیعەی دووازدە ئیمـامی و ئیسـلام گرنگتـرین ڕەگەزی پێکهێـنەری سیسـتەمی سیاسـی ئەم کۆمـارەیە کە ڕەوایەتـی لێوەردەگرێـت و ئەرکـی دەوڵەتـی ئیسـلامی پاراسـتنی ئیسـلام و مەزهەبەکەی و پابەندبوونە بە جێبەجێ کردنی ئایدیا و بەهاباڵاکانی، کە وابوو دەوڵەتی ئیسلامی سروشتێکی سەروو نەتەوەیی هەیە کە بە شێوەی کاتی لە بنکەی هەرێمی و نەتەوەیی ئێران، بە مەبەستی دروستکردنی سیستەمی ویستـراوی ئیسلامی و کۆمەڵگەی جیهانی ئیسـلام، سـوود وەردەگرێـت لەم ڕووەوە، پاراسـتنی ئەم دەوڵەت و کیانە، هەروەها ئاسایش و مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک پێشـەکی و پێویسـتی هـاتنەدیی ئەم دۆخە ویسـتـراوە واجـبە، لەم ڕوانـگەیەوە ئەرکەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کە بەرژەوەنـدی سـەروو نەتەوەیـی(ئـۆمەتی ئیسـلامی) و بەرژەوەنـدی ئیسـلامە، لە ڕێگەی ئامانج و بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا دێتەدیی.

یەکێـک لە گەورەتـرین کێشـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لە سیاسـەتی دەرەوەدا ئەوەبـووە کە ئێـران لە نـاوچەکەدا هاوپەیمـانی سـتـراتیژیکی نەبـووە، بەم واتـایەی کە ئێـران لە نێـوان عەرەبەکـان، تورکەکان و دەوڵەت-نەتەوەکانی تـردا بووە، بەڵام بەشێک نەبووە لە هیچکامیان. هەروەها بۆ زیاترکردنی نفووز و بەرزکردنەوەی پێگە و زیـادکردنی هێـزی خـۆی زۆر گرنگـی بە فـاکتەری ئـایین بە تـایبەت

شیعەگەرایی دەدات. هەرچەندە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵ دەدەن لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیاندا شۆڕش و سیستەمی خۆیان ئیسلامی بناسێنن و ڕەگەزی شیعە لە هەمبەر وڵاتانی سوننەدا بشارنەوە وجەخت لە سەر برایەتی موسوڵمانان و یەکێتی جیهانی ئیسلام بکەنەوە.

جێگەی ئاماژەیەکە کاتێک ئێمە باس لە کۆماری ئیسلامی دەکەین، لە سەرەتادا ئەوە تایبەتمەندیە ئیسلامییەکەیە کەدەستنیشانکەری کۆمەڵێک پێوەر و بەهایە وجۆرێک لە ناسنامەی ئیسلامی بۆ ئەم دەوڵەتە دروستکردووە، کە کاریگەری لە سەر ئاراستە کردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە لە سیستەمی نێونەتەوەییدا داناوە و کۆماریبوون تەنیا رواڵەتی سیستەمە سیاسییەکەیە، بەڵام ئیسلامییەت ناوەڕۆکی سیستەمەکەیە. لەم پەیوەندییەدا محمد جواد لاریجانی، لە تیۆریسیەنە ئیسلامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەم جۆرە پۆلین دەکات: ١- پاراستن و مانەوەی ئێران. ٢- ئاوەدانکردنەوەی ئێران. ٣- بلاوکردنەوەی هزری ئیسلامی-شیعی. هەروەها محمود سریع القلم، پسپۆر و لێکۆڵەری بواری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەم جۆرە باس لە ئامانجەکان دەکات: ١- پاراستنی یەکپارچەیی وڵات، سەروەری نەتەوەیی و گەشەپێدانی ئابووری. ٢- بەرگری لە موسوڵمانان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان و دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل. ٣- دامەزراندنی کۆمەڵگەی جیهانی ئیسلامی لە سەر بنەمای مەزهەبی شیعە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە سەربەخۆیی، سەروەری و پاراستنی خاک و ناسنامەی ئیسلامی حکومەتی ئیسلامی لە سەر بنەمای ولایەتی فەقیە و یەکێتی جیهانی ئیسلام لە ڕەهەندەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێرانن. ئامانجەکانی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێی یاسای بنچینەیی لە مادەکانی (٣، ٩، ٦٧، ١٢١، ١٥٢، ١٥٣)دا، هاتووە کە پاراستنی ئیسلام، ئازادی و سەربەخۆیی لە هەموو ڕەهەندێکەوە، یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات، بەشداری هەمووخەڵک و بەهێزترکردنی توانای سەربازی و بەرگری و پرستیژ، لە خۆدەگرێت.

بە پێی ئەم بنەمایەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی ئیسلامی، گرنگترین ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامی ئەوەیە کە لە هەر قۆناغێك، بە پێی ڕەچاوکردنی پاراستنی بەرژەوەندی سیستەم، لە دوو سیاسەتی خۆگونجاندن و قبوڵ کردنی بەهاکانی نێونەتەوەیی یاخود ڕەچاو نەکردنیان، بە پێی بەرژەوەندی، یەکێکیان هەڵبژێرێت و ڕەفتار و سیاسەتی دەرەوەی خۆی ئاراستە بکات.

هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ڕەگەزە بنەرەتییەکانی سیستەمی سیاسی ئێران، ئیسلام و شۆڕشی ئیسلامییە، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە سەر بنەمای بەهاکان، ئایدیاکان، بنەماکانی ئیسلام و شۆڕشی ئیسلامییە، چونکە نەتەوە ڕەسەنایەتی نییە و بەرژەوەندی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئیسلام و حکومەتی ئیسلامیدایە، ئەمەش بە جۆرێک ڕەگەزی ناسنامەیی ئێرانی لە پلەی دووهەم یان تێکەڵ بە ناسنامە ئیسلامییەکەیە و ئێران نیشتمانێکی

ئیسـلامییە (بە پێـی ئەم ئایـدۆلۆژیایە) و لە ئەنجامـدا پاراسـتنی ئەم کیــانە، مــانەوەی، ســەربەخۆیی و ســەروەریەکەی و ئاسایشـــی، خۆشگوزەرانی و گەشەسـەندنی لە سـەر بنەماکانی بەهایی ئیسلامی شۆڕشـــگێرانەی کۆمــاری ئیســلامی ئەرکە. بەم مانــایە جــگە لە بەرژەوەنــدییە حەیاتییەکــان و پرســی ئاســایش و ئــابووری لە کورتخایەنــدا، بەرژەوەنــدی و ئامانجەکــانی دوورمەودای گــۆڕینی سیستەمی جیهانی و ئایدۆلۆژیەکان لە سیاسـەتی دەرەوەدا کاری بۆ دەکرێت، هەروەها دەبێت سیستەمێکی سیاسی ـ ئابووری لە ئاستی نێونەتەوەیی پێکبهێندرێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران تیایدا هەست بە ئاسایش بکات.

لیـرەوە دەتـوانین بڵێـین کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لەسـەر زمیـنەی دژایەتـی "دۆخـی هەنـووکەیی" و "سیسـتەمی دەوڵەت-نەتەوەکـان" و "سیستەمی نێـودەوڵەتی" دەژیـت بـۆ پێکهێنـانی "سیسـتەمێکی جیهـانی ئیسلامی"، بەڵام لە کردەوەدا و بەپێی پەیرەوکردنی ئەسڵی "تەقیە" لە مەزهەبی شیعە دا و پاراستنی "نیزامی ئیسلامی" دەبینن کە ڕەفتـاری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێـران بەپێـی بەرژەوەنـدی و لێکدانەوەی ڕێـبەری کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی دەگۆڕێـت. بـۆ نموونە، سیاسەتە جیاوازەکانی ئێـران لە پاڵپشـتیکردن لە موسوڵمانان لە فەلەسـتین و لوبنـان بەڵام دەربـارەی موسـوڵمانانی "شیشـان" لە ڕووسـیا و موسـوڵمانانی "ئەیغـور" لەچـین دا، ئێـران بێـدەنگ دەبێت. هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە بارودۆخی جیـاوازدا دەگۆڕێـت بـۆ نمـونە لە دەیەی یەکەمـی شۆڕشـدا ئـاوێتە یـاخود تێکەڵێـک لە

بەرژەوەنــدی و ئایــدیالیزم بــوو، بەڵام لەپــاش کۆتــایی شــەڕ بە پێشکەشکردنی تیـژی (ام القـری)ی ئیسـلامی، ئاسایش و پاراسـتنی رژێمی ئێران بـوو بە سـەرەکیترین بنەمـا یـان ئەولەویەت بـۆ رژێمـی ئیسلامی ئێران.

**فاکتــەرە ناوخۆییــە ناســنامەییەکانی ئێــران و کاریگــەریان لەســەر دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان:**

١- بە هۆی نادیموکراتیکبوونی سیستەمی سیاسیی ئێران و ناسنامە شۆڕشــگێری و ئایینییەکــەی، هــەر گۆڕانکارییــەک لــە ژینگــەی دەرەکیـدا، کـە لـە دژی نـۆرم و بـەها زاڵـەکانی نـاوخۆییی ئـەم وڵاتـە بێت، ئەوە کاریگەریی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران دەبێت. بەم مانایـە ئێـران دڵـەراوکێی قـووڵی لـە پرۆسـەی دیموکراتیزاسیۆنی وڵاتـانی ناوچەکە هەیـە و، بـە مەترسـیی بـۆ سـەر ئاسایشـی سیاسـیی خـۆی دەزانێـت. کاتێـک کـە دەوڵـەتی کوردسـتان بـە ناسـنامەیەکی سـێکیولار لــەدایک بێــت، کاریگەرییــەکانی دەتوانێــت ئێرانییــەکان نیگەران بکات.

٢- ناسنامە ئایینی و شیعییەکەی سیستەمی سیاسیی ئێران، هەوڵی جێگیربوون لە کۆمەڵگەی فرەپێکهاتە و ناسنامەی ئێران دەدات و، لە هەمبەر لەدایکبوونی ئەکتەری سێکیولار و نەتەوەییدا زۆر هەستیارە. بەم مانایە کە ئێرانییـەکان ترسی ئـەوەیان هەیـە کـە ئـەم ئاڵوگۆڕە، ڕاســتەوخۆ ببێتــە هــۆی ئــەوەی کــە پێکهاتــەکانی تــر، بەتایبــەت کوردەکان لە ئێران، داوای مـافی سیاسـی، کـەلتووری و ئابووری و....، خۆیـان بکـەن. ئەمـەیش بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی بـە مانـای کەوتنـەژێر

مەترسی و تەنانەت هەڵوەشانەوە و کۆتاییهاتنی سیستەمی سیاسیی هەنووکەیی دێت.

٣- بە هۆی ئەم فاکتەرەی سەرەوە، کۆماری ئیسلامی ترسی ئەوەی هەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بێت و، لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ئەوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو مۆدێل و نموونەیەکی زیندووی سەرنجراکێش سەیری دەوڵەتی کوردستان بکەن و هەوڵی بەدیهێنانی مۆدێلێکی هاوشێوە بدەن یاخود لەوە کەمتر، داوای فیدراڵی بکەن. ئەمەیش لە هەر دوو حاڵەتدا بۆ دەسەڵاتدارانی تاران بە مانای کۆتاییهاتنی سیستەمە سیاسییەکەیان دێت؛ ئەگەر بە مانای کۆتاییهاتنی ئێران وەکوو یەکە و کیانێکی سیاسی، مێژووی و جوگرافیایی نەبێت.

٤- کۆماری ئیسلامی لەوە دەترسێت کە لە ئاستی ناوخۆیی و ڕای گشتیدا سیاسەتەکانی لە ناوچەکە بە شکستخواردوو بناسرێت. بەم مانایە بە هەڵوەشانەوەی عێراق و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، هەموو ئەو تێچووە مرۆیی و داراییانەی چەند ساڵی ڕابردووی ئێران بەفیرۆ دەچێت و دەستێوەردانەکانی سوپای پاسداران لە وڵاتانی ناوچەکە بە بێسوود دەزاندرێت. ئەمەیش بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران تێچوویەکی سیاسیی زۆری هەیە، چونکە ئێران پاساوی ئەم تێچووانە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە ڕووی ئاسایشی و سیاسی و ئابوورییەوە قازانجی بۆ ئێران هەیە و هێژموونیی ئێران دەسەپێنێت، بەڵام لە ئەگەری هەڵوەشانەوەی عێراق و گۆڕانگاری لە هاوکێشە

جیۆسیاسییەکان، ئەوە پاساوی دەستێوەردانەکانی ئێرانیش ناڕەوا و کاڵ دەبێتەوە.

٥- لە ڕووی ئایدیۆلۆژیی سیاسییەوە کە کۆماری ئیسلامی بزووتنەوەکانی بە "هەستانەوەی ئیسلامی" دەناساند و، ڕای گەیاندبوو کە بە ئیلهاموەرگرتن لە شۆڕشی ئێران وڵاتان و گەلانی ناوچەکە شوێنپێی شۆڕشی ئێران دەکەون، ئەمەیش تووشی شکست دەبێت و ئاسەواری ناوخۆیی نەریتیی بۆ ئێران دەبێت.

## فاکتەرە دەرەکییەکانی دڵەڕاوکێی ئاسایشی ئێران لەپرسی بە دەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە، هەستکردن بە دڵەڕاوکێی ئاسایشی و هەڕەشە لە هەمبەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە، تەنیا بە هۆی خودی سیاسەت و ستراتیژی و تێگەیشتنی ئێرانەوەیە لە پرسە ئاسایشییەکان و هاوکێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا. بۆیە دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

یەکەم: کۆماری ئیسلامی، بە هۆی جۆری فرەیی پێکهاتەی دانیشتووانی دەوڵەتی کوردستان لە ڕووی ناسنامەیی و نەتەوەیی و ئایینییەوە لە لایەک و، توانای ئابووریی هەرێمی کوردستان و پێگەی جیۆئێکۆنۆمیی ئەم دەوڵەتە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی سروشتی و پرسی ئاسایشی وزە و، هەروەها بوونی هێزی پێشمەرگەی ئامادە و جەنگدیدە و بەئەزموون، ئەم دەوڵەتە بە هەڕەشە دەزانێت. ئەمە بێجگە لە ئەگەری گرێدانی هاوپەیمانێتیی سەربازیی کوردستان

لەگــەڵ ئــەمریکا و تەنانــەت ئیســڕائیل لــە داهــاتوودا؛ ئەمــەیش هاوسەنگیی هێز لە دژی ئێران لە ناوچەکەدا تێک دەدات.

دووەم: دەوڵـەتی کوردسـتان هاوسـنووری ئێرانـە و، هـاتنی ئـەمریکا بـۆ سـنوورەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بـە هـۆی سـتراتیژی و سیاسـەتی ئێران لەناوخۆ و لە ناوچەکەدا، بە مەترسیی ئاسایشی بۆسـەر ئێـران دادەنـدرێت. ئەمــە بێجگــە لــە ئەگــەری نفــووزی تورکیــا و وڵاتــانی سوننەی نەیاری ئێـران، کـە بـە جۆرێـک دۆسـت و هاوپەیمانەکـەیان (کوردستان)، دەبێتە دەوڵەتی هاوسنووری ئێران و، کۆماری ئیسـلامی دەکەوێتـە نێـو گـەمارۆ و ئابڵووقـەی جیۆسیاسـییەوە. هـەروەها پرسـی کورد لە ئێران و هاوسنووریی دەوڵەتی کوردستان  لەگەڵ کوردەکان لە ئێران، بە  هەڕەشەی ئاسایشی دادەندرێت.

سێیەم: کۆماری ئیسلامی پێی وایە کە دەوڵەتی کوردسـتان دەبێتـە پێگـەی ئـەمریکا و، لـە ڕێگـەی کوردسـتانەوە توانـای هێرشـبەرانەی ئەمریکا و تەنانەت ئیسڕائیل بۆ سەر ئێران بـەرز دەبێتـەوە. ڕێبـەری ئێـران و نوخبـە سیاسـی و سـەربازی و ئەمنییـەکانی ئێـران ئەمـەیان بەئاشکرا ڕاگەیاندووە و، ئەو دڵەڕاوکێ و مەترسییەیان نەشاردۆتەوە. بۆیە لەوانەیە کوردەکان و هێزە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی ئێـران لـە نـاوخۆی ئێـران، لـە پێنـاو ڕووخانـدنی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێراندا هـان بدرێن یاخود پڕچەک بکرێن.

چوارەم: کۆماری ئیسـلامیی ئێـران، وا تـێ دەگـات کـە دابەشبوونی عێراق و دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، بە هاندان و پاڵپشـتیی ئـەمریکا و ئیســڕائیله و، لەســەر نییــەتی ئــەوان، کــە لــە هەمبــەر ئێرانــدا

دوژمنكارانەیـە، ئـەم دەوڵەتـە دەبێتـە هەڕەشـەی ئاسایشـی بـۆ سـەر ئێران. ئەمە دیسانەوە پەیوەندیی بە دابەشبوونی عێراقی هاوپـەیمانی ئێران و پچڕانی هێڵی بەرگریی ئێران لە سووریا و لوبنان و، هەروەها پرسـی کـورد لـە ئێرانـەوە هەیـە. هـەروەها ئێـران ئەمـە بەسـەرەتای ڕووخان و دابەشبوونی دەوڵەتانی ناوچەكە و خودی ئێران دادەنێت.

**كۆبەند:**

بـەهۆی جـۆری سیسـتەمی سیاسـیی نـا دیموكراتیـك و ناسـنامە تایبەتەكەی كۆماری ئیسلامی پرسی بە دەوڵـەتبوونی كوردستان لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئـەو وڵاتـەدا بنـەمای ئاسایشـی هەیـە و بـە فاكتـەریكی نائاسایشـی دادەنـدرێت. بـەم پێیـەش بـە دژ یـاخود پێچەوانەی ئامانج و بەرژەوەنـدی و بنـەماكانی ستراتیژیی سیاسـەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی هەژمار دەكرێت.

كۆماری ئیسلامیش لە بەرامبەردا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ ئـەم دڵەراوكێیـە ئاسایشـییە لـە سیاسـەتی دەرەوەی خۆیـدا ئێـران هەوڵ دەدات بە هەمـــوو شـــێوەیەك ڕێـــگە لە ســـەربەخۆیی هەرێمـــی كوردستان و دروستبوونی دەوڵەتـی كوردسـتان- باشـوور بگرێـت. بـۆ ئەم مەبەسـتە، هەمـوو ئـامرازە نەرم و ڕەقەكـانی بەكـار دێنێـت و چەنـدین ڕێوشـوێن و سـتراتیژی دەگرێتـە بـەر كـە گرنگترینیـان ئەمانەن:

١- دژایەتی و هەوڵی دروستكردنی كێشەی ناوخۆیی لە ناوخۆی هەرێـم و هەروەهـا گوشارخستنەسـەر هەرێـم لە لایەن بەغـداوە و،

تەنانەت دروستکردنی هەڕەشەی ئاسایشی لەسەر سنوورەکان بە بیانوی جۆراوجۆر.

٢- کارکردن لەسەر لێکترازانی گوتاری یەکگرتووی کورد لە ڕێگەی کاریگەریدانان لەسەر لایەنێک لە لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیی ناوخۆی کوردستان.

٣- زەقکردنەوەی کێشەکان، دروستکردنی نارەزایەتیی هاوولاتیانی هەرێم دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پرسیارخستنەسەر "ڕەوایەتی"ی دەسەڵاتدارانی هەرێم دەدات.

٤- کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی گوشارەکانی بەغدا (سیاسی و ئابووری) و هەروەها سەربازی، وەکوو پێکدادان لە نێوان شیعە-کورد و هەروەها لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سوننە-کورد، چاوەڕوانکراوترین سیناریۆکانن لە داهاتوویەکی نزیکدا.

٥- پرسی ئاو و خەستنە ژێر هەڕەشەی ئاسایشی خۆراکی کوردستان.

٦- نزیکبوونەوە لە تورکیا و پێدانی ئیمتیاز لەو بارەویەوە لە ناوچە و بوارەکانی تر.

٧- بەکارهێنانی هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها گوشار بۆ پێکهاتەکانی دیکەی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی پشێوی و نائاسایشی و تەنانەت پێکدادانی سەربازی لە ریگەی حەشدی شەعبییەوە لەو ناوچانە.

٨- بەکارهێنانی لۆبییەکانی نزیک لە ئێران کە لە ئەمریکا پێشووتر کاریان بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەمریکا کرد، ئەم جارە بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بەکاریان دێنێت بە شیوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

تیشک

# ڕای گەل، چارەنووسی وەڵات

عەبدوڵلا حیجاب

بابــەتی گشتپرســی لــە ســەر داهــاتووی باشــووری کوردســتان ئــەزموونێکی سیاســییە کــە بــە شــێوەیەکی جیــاواز دەســەڵاتدارە پاوانخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەوڕووی شێوەیەکی نوێ لە خــەباتی مــەدەنی دەکاتــەوە کــە کاریگــەری ڕاســتەوخۆی لــە ســەر داهاتووی پێکەوەژیانی کورد و ئەوان دەبێ. بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانیش گشتپرسی ئەزموونێی جیاوازتری دێموکراتیکە کە ڕێگا دەدا حیزب یا دەسەڵاتی سیاسی لە ویست و حەزی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێبازی خۆی زیاتر، بە شێوەی بەربڵاو و بە پشت بەستن بــە ڕای ڕاســتەوخۆی گــەل بــەرەو بژاردەیــەکی سیاســی هــەنگاو هەڵێنێتەوە کە لە ئێستاوە هەموو دەستکەوت و نرخەکانی بە وردی پــێش بێنــی نــاکرێن. وێــڕای لــە بــەرچاوگرتنی هــەموو ئەگــەرەکان، گشتپرسی وەک دیاردەیەکی مەدەنی و شکڵێکی ئارام و ئەمڕۆیی لە خەباتی سیاسی، مافێکی دێمۆکراتیکە کە دەکرێ هەم لە سەرەوە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و هەمیش لە خوارەوە و بە دەستپێشخەری خــەڵک، ڕێکخــراو یــا کۆمەڵێکــەوە هــەنگاوی بــۆ هــەڵبگیرێ و بــەڕێوە ببــردرێ. لــە چوارچێــوەی تیئــۆری سیاســی دا گشتپرســیی باشــووری کوردستان دەکەوێتە خانەی ئەو ڕەوتە سیاسیانەوە کە لە سەرەوەڕا بــەرەوخوار و لــە لایــەن بڕیــاردەرانی خــاوەن دەســەڵاتەوە بــۆ مەشرووعیەت بەخشینی زیاتر بە بڕیار یا ڕەوتی بڕیاردانی خۆیان ئەنجام دەدرێ.

گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک بۆ بڕیاردان لە سەر بابەتێک و یەک لایی کردنەوەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها ئەو پرسانەی کە پێوەندییان بە بەڕێوەبەرییەوە هەیە، پێشینەی مێژوویی و فەلسەفی هەیە. لە یوونانی کۆن دا، کۆمەڵگای ئاتێن بەوە ناسرابوو کە بۆ هەموو بڕیارەکان ڕووی دەکردە خەڵک و بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک بڕیاری لە سەر مەسەلە گرینگەکان دەدا. لە چەند قۆناغی مێژوویی لە نێوان ساڵەکانی ٥٠٠ تا ٣٥٠ی بەر لە ز. زۆربەی بڕیارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاتێن بە دەنگی ڕاستەوخۆی ئەو بەشە لە کۆمەڵگا دەدران کە مافی دەنگدان و بەشداریکردنیان لە بڕیاردان دا هەبوو، واتا دەنگی ئەو پیاوانەی کە خزمەتی لەشکرییان ئەنجام دابوو و بە پیاوە ئازادەکانی کۆمەڵگای ئاتێن دەناسران؛ پیاوانی کۆیلە و بە ڕەچەڵەک بیانی نەبن. شێوەی بڕیاردانیش زۆر ساکار بوو. پیاوەکان لە کۆڕێک دا کۆدەبوونەوە، کەسێک بابەتی جێی باسی دەهێنایە بەر باس و بەشداران بە ڕاشکارانە و بە بەرزکردنەوەی دەستیان، ڕای خۆیان دەردەبڕی. هەر پرسێک کە ڕای زۆربەی بەشدارانی بە شێوەی ئەرێنی لە سەر بوایە، دەبوو بە بڕیار.

هەر چەند فەلسەفەی سیاسی ڕێباز و ڕێ و شوێنی بڕیاردان لە کۆمەڵگای کۆنی ئاتێن دا بە شێوەیەک لە گشتپرسی پێناسە دەکا، بەڵام مێژووی ڕاستەقینەی پشت بەستن بە ڕای ڕاستەوخۆی گەل پێوەندی نەپچڕاوەی بە گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێزگرتنی دەسەڵاتداران لە مافی خەڵک و دەستپێکردنی ڕەوتی دێمۆکراسییەوە

هەیە. لە جیهاندا وەڵاتی سویس بە کانگای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ دەناسرێ، چونکە لە سەرەتای شکڵ گرتنیەوە وەک وەڵاتێکی مودێرن و کۆنفیدڕاڵ کە بە دانانی یاسای نویێ لە ساڵی ١٨٤٨ دا دەست پێ دەکا، سویس بۆ زۆربەی پرسە سیاسیەکان و پرسەکانی پێوەندیدار بە بەرێوەبەری و چارەنووسی خەڵکەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر ڕای گەل.

مێژووی کۆنتری بەکارهێنانی ڕێفراندۆم وەک ئامرازێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕای گشتیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ وەڵاتی سویس کە بۆ یەکەم جار لە سەدەی ١٣دا ویستی بە ڕای ڕاستەوخۆی خەڵک لە چوارچێوەی گشتپرسی دا، سیاسەتی بەڕێوەبەریی وەڵات دابڕێژێ. لە سەرەتای شکڵ گرتنی سیستەمی کۆنفیدراڵەوە تا ئێستا، وەڵاتی سویس بە سەدان گشتپرسیی سەبارەت بە دەیان مەسەلە، لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە چارەنووسی وەڵاتەوە بگرە تا ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ئەنجام داوە. یاساکانی وەڵات ڕێگا دەدن کە تەنانەت لە یەک ناوچەش بۆ بڕیاردان لە سەر پرسێکی پێوەندیدار بە خودی ئەو ناوچەیەوە ڕێفراندۆم بکرێ. هێندێک نموونەی گشتپرسی یەکانی سویس وەک گشتپرسی لە سەر دیاریکردنی دەرماڵە بۆ هەموو هاووەڵاتیان، قبووڵ کردنی ڕێککەوتننامەی وزە، ناسراو بە ستراتێژیی ئەنەرژی ٢٠٥٠، سەبارەت بە سێهەمین بەرەی هاووەڵاتیانی بە ڕەچەڵەک بیانی و هتد کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر سیاسەتی گشتی سویس و تەنانەت ئەرکە نێونەتەوەییەکانی وەڵاتەوە هەیە. لە ساڵی ١٩٤٠ەوە تا ئێستا، ساڵی ١٩٤٣ی لێ

دەرچێ، لە هەموو ساڵەکانی دیکەدا، لە یەکەوە تا چەند ڕێفراندۆم لە سویس بەڕێوە براون و ئەنجامی زۆربەشیان بووە بە بڕیار بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وەڵات.

بێجگە لە وەڵاتی سویس، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە زۆربەی سیستەمە دێمۆکراتیکەکانی جیهان گەڕانەوە بۆ ڕای زۆربەی کۆمەڵگایان بۆ دیاریکردنی شێوەی بڕیاردان لە سەر پرسە چارەنووسسازەکان یا ئەو پرسانەی کە وەک پرەنسیپ دەبنە ڕچە شکێن یا دانەری پیوانێکی نوێ لە کۆمەڵگادا، یا بە یاسا مسۆگەر کردوە یا چوارچێوەیەکیان بۆ پێک هێناوە کە لەودا یاسا ڕێگری ناکا تا هەر کات بە پێویست زانرا پەنا بۆ گشتپرسی ببرێ. هێندێک لە سیستەمە دێمۆکراتیکەکانیش بە یاسا هیچ چوارچێوەیەکیان بۆ دیاردەی ڕێفراندۆم دانەناوە، بەڵکوو لە ڕێگای دامەزراوە و دام و دەزگا جێکەوتوەکانی سیاسیەوە، بە بڕیاری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک لە پارلەمان دا پرسە چارەنووسسازەکان یەکلایی دەکەنەوە و بڕیاری لە سەر دەدەن. هەر کاتێکیش کە پارلەمان بڕیاری دا، دەکرێ بۆ یەکلایی کردنەوەی بابەتێک پەنا ببرێتە بەر ڕای ڕاستەوخۆی گەل، بە بێ ئەوەی کە پێویست بکا چوارچێوەیەکی یاسایی نوێی بۆ دابندرێ.

ئەمڕۆ زۆربەی ئایدیۆلۆژییە سیاسیەکان، لە بیری ئانارشیستیەوە بگرە تا دەگاتە دێمۆکراسی لیبەراڵ، بە کارهێنانی مافی گشتپرسی بە هەنگاوێکی گرینگی دێمۆکراتیک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕوانگەی زاڵ لە کۆمەڵگادا سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو دادەنێن. بەڵام دیاردەی

گشتپرسی لە خۆی دا و بە بێ لە بەر چاوگرتنی چوارچێوە و میکانیزمێک بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو بڕیارەی کە لە ئاکامی دەنگی خەڵک دا دەبێ بدرێ، هیچ کاریگەرییەکی نیە. تەنانەت گشتپرسی دەتوانێ کاریگەریی پێچەوانەی ئەو ویستەشی بێ کە ڕێکخەرانی بە دوایەوەن وەک ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی سکۆتلاند لە بریتانیا کە ساڵی ٢٠١۴ بەڕێوە چوو و ئەنجامی پێچەوانەی پێکا.

بە کردەوە هەم لە بەرەی دێمۆکراسی لیبەراڵ و هەمیش لە بەرەی دژبەردا، بە تایبەت لە لایەن ئانارشیستەکانەوە هەم لایەنگری لە دیاردەی گشتپرسی دەکرێ و هەمیش دژایەتیی لە گەڵ دەکرێ و ڕەخنەی لێ دەگیرێ. هێندێک لە ئانارشیستەکان پرسی ڕێفراندۆم وەک ئامرازێک لە دژی دەسەڵات و بۆ بەرزکردنەوەی ``ڕای گەل`` لە بەرامبەر ویستی دەسەڵاتداراندا هەڵدەسەنگێنن. لە کاتێکدا کە هێندێک بیرمەندی دیکەی دیار و ناو بە دەرەوەی ئانارشیست ڕەخنەی توند لە بە کار هێنانی دیاردەی ڕێفراندۆم وەکوو مافێکی مسۆگەر بۆ خەڵک دەگرن. بۆ وێنە فەیلەسۆفی ئانارشیستی ئامەریکایی موورای بووکچین پێی وایە کە دەنگی زۆربە لە ڕێفراندۆم دا، دەبێتە هۆی هەڵاوەردنی کەمینە و ئەوان بەرەو پەراوێز و دوورەپەرێزی لە بەشداریی سیاسی پاڵ پێوە دەنێ. لەو لاشەوە لایەنگرانی دێمۆکراسیی لیبەراڵ پرسی ڕێفراندۆم هەم بۆ وەدەستهێنانی زیاتری مەشرووعییەت بۆ پرۆژە سیاسیەکانیان بە کار دێنن و هەمیش بە چاوی ڕەخنەوە تەماشای دەکەن و وەک تەڤگەرێکی پۆپۆلیستی چاو لێ دەکەن کە دەکرێ کەڵکی خراپی لێ

وەربگیرێ. نموونەی بەرچاوی بە کار هێنانی هەڵخەڵەتێنەرانە لە پرسی ڕیفراندۆمیش دەکرێ هەر لە وەڵاتانی دەورووبەری کوردستان، لە تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا ببینینەوە کە لە بەردەوامیی ئەو باسە دا زیاتر ئاماژەی پێ دەکرێ.

سەرەڕای جیاوازیی بۆچوون، گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، مافێکی حاشاهەڵنەگرە کە وەک پرەنسیپ دەکرێ و دەبێ بۆ هەر پێکهاتەیەکی خاوەن شیانی بە نەتەوەبوون پارێزراو بێ. ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش هەر دەبێ لە سۆنگەی ئەو ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. بەڵام گرفتی سەرەکی لە سەر ڕێگای بەکار هێنانی ئەو مافە لە کوردستان، گەشە نەکردنی هزر و لەویش گرینگتر کردەوەی دێمۆکراتیک لە وەڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت چوار وەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان دایە. هەر بۆیەش پرسی ڕای گەڵ، بە مافی بەڕێوەبردنی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسیشەوە، لە جیاتی ئەوەی وەک پرەنسیپێکی دێمۆکراتیک بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان چاوی لێ بکرێ، ئێستا کراوە بە بیانوویەکی دیکە بۆ پتر کردنی دژایەتی و بەردەوامی پێشێلکارییەکانی مافی نەتەوەی کورد بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی.

دژایەتی سنوورنەناسی وەڵاتانی دەورووبەر لە گەڵ ویستی پێشەنگانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی، لە ترسێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە ساڵانە بووە بە مۆتەکەی دەسەڵاتدارانی ناوچە؛ ترسی

وشیاربوونەوەی گەلان و بەرز کردنەوەی داخوازیی مافی سیاسی. گەشە نەکردنی بنەماکانی دیمۆکراسی لەو وەڵاتانەدا ئەو ترسەی خستۆتە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەییانەوە. بە شێوەیەک کە بە لێکدانەوەی داڕێژەرانی پلانی نەتەوەیی هەر کام لەو وەڵاتانە، هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە چوارچێوەی سیستەمە جێگرتوەکاندا، دەتوانێ هەرەس هێنانێکی گشتگری بە دواوە بێ کە کۆنترۆڵ کردنی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وەڵاتانەوە ئاستەم دەبێ. لەو ڕوانگەیەوە، هەر ڕەوتێک کە لە چوارچێوەی پلانەکانی ئەوان دا نەبێ، دەبێ وەک هەنگاوێکی دژبەر لە قەڵەم بدرێ و بە هەموو تواناکانەوە پێشی پێ بگیرێ. هەنگاوێکیش کە لە ژێر کاریگەریی سیاسەت یا بە پێی بەرنامەی داڕێژراوی ئەوان بێ، هەر ئەو ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە کە لەو ``گشتپرسی یانە`` کەوتەوە کە هەر کام لە وەڵاتانی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق لە مێژووی خۆیان دا بەڕێوەیان بردوە.

لە وەڵاتانی باسکراودا تەنیا ئەزموونێک کە لە پێوەندی لە گەڵ گشتپرسیدا تاقی کراوەتەوە، ئەو دەگمەن دەرفەتانە بوون کە دیاردەی گشتپرسی بۆ پتەو کردنی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی دیکتاتۆرەکان بە کار هێنراوە. ئێران لە سەرانسەری مێژووی کۆن و نوێی خۆی دا تەنیا یەک جار و ئەویش ساڵی ١٩٧٩ بۆ جێگیرکردنی سیستەمی سیاسی جێ پەسەندی خومەینی گشتپرسی ئەنجام داوە. لەو ساڵەدا، پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا، خومەینی کە جارێ جێ پێی بە باشی قایم نەببوو و هێشتا ڕەنگ و ڕووی

شـەقامەکانی پاریسـی لـە بـەر چاوان ون نـەبوو، لـە ژێـر کاریگـەریی کۆمەڵێک ڕووناکبیری لیبـەراڵی مەزهـەبی وەک سادقی قوتب زادە، بـراییم یـەزدی، بازەرگـان و هتـد لـە مـانۆڤرێکی هەڵخەڵەتێنـەردا ڕێفرانـدۆمی کۆمـاری ئیسـلامیی لـە ١٠ و ١١ی خاکـەلێوەی ١٣٥٨، ٣٠ و ٣١ی مارسـی ١٩٧٩ دا بـەڕێوە بـرد. ئامـانج و ئاکـامی ئـەو گشتپرسیە پێشتر دیاری کرابوون و بژارەی ``بـەڵێ`` یا ``نـە`` بـۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر وەک پرسە خەسوویەک بۆ ئـەرێ کردنـی بڕیاری خومەینی دەچوو تا بژارەیەکی ڕاستەقینە بـۆ خـەڵک. بۆیـەش سـەرەڕای دژبـەری کردنـی پێکهاتـە نەتەوەییـەکانی وەڵات بـۆ وێنـە خەڵکی کوردستان لە گەڵ ئەو بە ناو گشتپرسی یە، دەسـەڵاتدارانی نوێ لە کـۆی دەنگەکانی لـە سندووق خـراو، ٩٨،٢% دەنگـی ئـەرێ یان بۆ کۆماری ئیسلامی تۆمار کرد. بەو شـێوەیە پـڕۆژەی خومـەینی وەک چۆن پلانی بۆ داڕێژرابوو چووە سەر. پاش بە ئەنجام گەیشتنی پڕۆژەی خومەینی، ئیدی گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک و هێنانە ڕۆژەڤی بابـەتی گشتپرسـیش بـە یـەکجاری لـە ئێـران وەرپێچـرا و خرایـە ئارشیوی مێژوویەوە.

مێـژووی هاوچـەرخی عێـراقیش لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ بابـەتی گشتپرسیدا، جیاوازییەکی بنچینەیی لە گەڵ ئێران نیە. هەر چەند لە یەکـەم ساڵەکانی دامـەزرانی عێراقـی نـوێ لـە ژێـر سەرپەرسـتیی بریتانیای مەزن دا و بـەر لـەوەی دەسـەڵاتی عێراق بکەوێتـە دەستی ``عێراقیەکانـەوە``، لـە چەنـد دەرفەتـدا شـێوە ڕاپرسـییەک لـە ``پیاومـاقووڵانی`` سـەردەم کـرا کـە دەکـرێ بـە شـێوەیەک لـە

ڕیفراندۆم ناودێر بکرێن. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٢١دا بۆ دەستنیشان کردنی شازادە فەیسەل وەک پاشای عێراق پرس و ڕاوێژ لە گەڵ هێندێک کەسانی بژاردەی ئەو سەردەمەی عێراق کرا. ساڵی ١٩٢٢ش بۆ ئەنجومەنی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق و دواتر لە ساڵی ١٩٢٥دا بۆ دانانی یەکەم دەستووری وەڵاتی تازە دروست کراو شێوە ڕاوێژێک لە گەڵ سەرکردەی هۆزەکان و هێندێک لە پیاوە دیارەکانی ئەو سەردەمەی عێراق کرا. پاش تێکشکاندنی حکوومەتی سەددام لە لایەن ئامریکاوە و دوای ئامادەکردنی دەستووری نوێی عێراق، لە ١٥ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٥دا گشتپرسییەکی سەرانسەری، بە هەرێمی باشووری کوردستانیشەوە لە هەموو بەشەکانی وەڵاتدا بەڕێوە برا. لەو گشتپرسیەدا زۆربەی ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی لە عەرەبی سوننە پێک دەهات دەنگی ``نە``یان بە کار هێنا، بەڵام کوردستان و ناوچە شیعە مەزهەبەکان دەنگی ``ئەرێ``یان بە دەستووری نوێی عێراق دا.

ڕیفراندۆمی دەستووری بنچینەیی، وەک دیارترین نیشانەی تێپەڕبوونی عێراق لە دیکتاتۆریی بێ ئەم لا و ئەولاوە بۆ سیستەمێکی جیاواز، دەکرا لە ئەگەری سەرکەوتنی دا ببێ بە بنەمایەکی دروست بۆ دامەزراندنی ڕێژیمرێکی کراوەی پشت بەستوو بە دێمۆکراسی لیبەرال. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەنجامی سەرکەوتوانەی گشتپرسی، لە بەرەوڕووبوونەوەیدا لە گەڵ ڕاستیە تاڵەکانی پشت بەستوو بە کرداری دەسەڵاتدارانی نادێمۆکرات، ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ دروست کردنی سیستەمی دێمۆکراتیک وەدەست نەهێنا. چونکە

هەر چەند ئەنجامی گشتیی ڕیفراندۆم دەریخست کە ٧٨،٥% کۆی دانیشتوانی عێراق لە گەڵ دەستووری نوێ دان، دواتر هەر ئەو دەستوورە کرا بە ئامرازێک بۆ هەڵاوەردنی بەشێک لە کۆمەڵگا و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ و لێکدابڕانی هەر چی زیاتری پێکهاتە جیاوازەکانی وەڵات.

تورکیەش، وێڕای هەنگاونانەوە بۆ سیستەمی دێمۆکراسی پارلەمانی لە نیوەڕاستی سەدەی ڕابردووی زایینییەوە، تا ساڵی ٢٠١٧ بۆ یەکلایی کردنەوەی هیچ پرسێکی سیاسی ڕیفراندۆمی وەک ڕێبازێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕای خەڵک بە کار نەهێنابوو. یەکەم دەستوور لە ئیمپەراتۆریی عۆسمانی دا کە بە ماکەی دەستووری بنچینەیی تورکیای هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێ، ساڵی ١٨٧٦ دانرا و ساڵی ١٩٠٨ پێداچوونەوەی بۆ کراوە. دواتر، ساڵەکانی ١٩٢١ و ١٩٢٤ دەستووری نوێ بۆ شکڵ پێدانی سیستەمی کۆماری لە وەڵاتدا نووسرا. سالەکانی ١٩٦١ و ١٩٨٢، هەر دوو جار پاش ئەنجامدانی کوودیتای سەربازی لە لایەن ئارتێشی وەڵاتەوە، یاسای گشتیی نوێ نووسرایەوە. بەڵام بۆ ئەرێ کردنی هیچ کام لەو یاسایانە دەنگی خەڵکی وەڵات وەرنەگیرایەوە.

ساڵی ٢٠٠٢، پاش سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان، AKPلە هەڵژاردنی سەرانسەریی تورکیەدا ڕەوش گۆڕانی بە سەردا هات. ساڵی ٢٠١٥ کاتێک سیاسەتوانی پۆپۆلیستی تورک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەستی کرد کە دەتوانێ ڕای بەشی کۆنینەپارێزی کۆمەڵگا، بە تایبەت توێژی پارێزڤان و ڕەگەزپەرستی تورک وەجووڵە

بخا و بە قازانجی ویستە سیاسیەکانی خۆی بە کاری بێنێ، وردە وردە ``دەنگی`` خەڵک و بابەتی گشتپرسی خرایە رۆژەڤی تورکیەوە. ئەو ڕەوتە پۆپۆلیستیەی کە ئەردۆغان سواری ببوو، ساڵی ٢٠١٧ خرایە بواری جێ بە جێ کردنەوە، و لە مانگی ئاوڕیلی ٢٠١٧دا ڕیفراندۆمی پلانکراوی ئەردۆغان بەڕێوە برا. باکووری کوردستان وێڕای ئەو هەرێمانەی تورکیە کە لە بواری پیشەسازی و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایتیەوە لە پێشترن دەنگی ``نە``یان بە کار هێنا، بەڵام پلانی ئەردغان بە زۆرایەتیەکی کەمەوە سەرکەوت. دەستووری نوێی تورکیە کە ئەوجارە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن ``خەڵک``ەوە پەسند کرابوو، دەسەڵاتی ئەردۆغانی وەک سەرۆک کۆماری وەڵات پەرە پێدا و لە ڕاستیدا هەنگاوێکی دێمۆکراتیک کرا بە ئامرازێک بۆ سەرخستنی پلانێکی غەیرە دێمۆکراتیک.

هەر بە شێوەی سێ وەڵاتی تورکیە، ئێران و عێراق، سووریەش تەنیا گشتپرسیی خۆی ساڵی ٢٠١٢ و لە کاتێکدا بەڕێوە برد کە بەشار ئەسەد لە گەرماوگەرمی قەیرانی مەشرووعییەتدا، ویستی وا بنوێنێ کە ڕێز لە ڕای خەڵک و دەنگی هاووەڵاتیان دەگرێ. ئەو گشتپرسیەی کە ئەسەد پلانی بۆ دارشتبوو و مەبەستیشی بە هێزترکردنی پێگەی سیاسی خۆی بوو لە مانگی فێورییەی ٢٠١٢ دا بەڕێوە چوو و بە پێی ئەنجامە ڕاگەیەندراوەکەی ٨٣٧٦٤٤٧ کەس لە کۆی گشتی ١٤،٦ میلیۆن دەنگدەری سووری تێدا بەشدارییان کرد. لەو کۆیە، پتر لە ٨٩٪ ``خەڵک`` دەنگی ``ئەرێ``یان بۆ یاسای گشتیی نوێی ئەسەد دا، لە کاتێک دا کە ئەو کات پتر لە

نیوەی وەڵات لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دا نەمابوو و لەو شوێنانەش کە دەوڵەت دەسەڵاتێکی نیوەچڵی بە سەردا مابوو، زۆربەی خەڵک سەرقاڵی کێشەی ژیان و گرفتەکانی ڕۆژانەیان بوون و ئەوەی لە ڕۆژەڤیاندا نەبوو بابەتی گشتپرسی بۆ یاسای نوێی وەڵات بوو.

لە وەها ڕەوشێک دا کە بابەتی گشتپرسی وەک ئامرازێک بۆ پتەوکردنی بنەماکانی دیکتاتۆری بە کار دهەبرێ، ئاساییە کە هێنانە گۆڕێی بابەتی گشتپرسی لە لایەن بەڕێوەبەرانی باشووری کوردستانەوە، پرسێک نیە کە بە ئاسانی لە لایەن وەڵاتانی جیرانەوە کە هەمووشیان گشتپرسیی کوردستان بە زیانی خۆیان دەزانن پەسند بکرێ. بۆیە ئەگەر بەرنامەی ڕاگەیەندراو لە لایەن سەرۆکی هەرێم، ڕێزدار مەسعوود بارزانییەوە بە پێی پلانی داڕێژراو بچێتە پێش و ڕێفراندۆم لە کاتی دیاریکراو لە ٢٥ی مانگی ٩ دا بەڕێوە بچێ، دەبێ چاوەڕوانی وەرچەرخانێکی کاریگەر لە سیاسەتی ناوچە بە نیسبەت چارەنووسی نەتەوەی کورد و خاکەکەی، کوردستان بین. چونکە بەڕێوەبردنی گشتپرسی لە باشووری کوردستان دەبێتە یەکەم هەنگاوی بە کردەوە بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردی لە تەنیشت ئەو چوار وەڵاتانەدا کە پتر لە سەد ساڵە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی ڕاست پێش بە شکڵ گرتنی وەها سیناریۆیەک بگرن.

پرۆپاگەندەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بە کار هێنانی ئەنجامی گشتپرسی بە مەبەستی دەستپێکردنی ڕەوتی سەربەخۆیی لە باشوور، پرۆژەی گشتپرسی ئەو جارە لەو هەنگاوە جیا دەکاتەوە کە ساڵی ٢٠٠٥ و بە دەست پێشخەریی بزووتنەوەی گشتپرسی

کوردستان ئەنجام درا. لەو ساڵەدا و هاوکات لە گەڵ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی لە عێراق و باشووری کوردستان، بزووتنەوەی ڕیفراندۆم کە لە کۆمەڵێک چالاکڤانی کوردی سەربەخۆ لە حیزبەکان پێک هاتبوو، بە شێوەیەکی نافەرمی هەستا بە ئەنجامدانی گشتپرسیەکی ڕاویژکاری و لەو کارەشیدا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد. بە شێوەیەک کە لە کۆی گشتی ١٩٩٨٠٦١ دەنگدەر، ١٩٧٣٤١٢ کەس کە دەکاتە نزیکەی ٩٩% هاووەڵاتیانی بەشداری گشتپرسی دەنگی بەڵێ یان بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دا. لە ڕاستیدا پاش ئەو پرسە خەسووەی کە لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی نوێی عێراقدا لە بەشێک لە پیاو ``ماقووڵانی`` ئەو سەردەمەی کوردستان کرابوو تا مەشرووعیەت بە دانانی فەیسەل وەک شای عێراق بدرێ (١٩٢١)، و دواتریش ڕاپرسی بۆ لکاندنی باشووری کوردستان یا ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە کە ساڵی ١٩٢٥ ئەنجام درابوو، ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم ئەزموونی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ لە هەموو کوردستان بوو کە لە باشوور ئەنجام درا.

بەڵام پاش ئەنجام دانی گشتپرسی، دەستپێکی ڕەوتی بە سەربەخۆیی گەیاندنی باشوور پێویستی بە یەکڕیزی پتری نێوماڵی کورد و کاراکردنەوەی دام و دەزگا نەتەوەییەکانی دەوڵەت هەیە. لەو ئاستەدا باشووری کوردستان جارێ بە سەر قەیران دا زاڵ نەبووە و هێشتا ڕێگایەکی چڕ و پڕی لە پێشە. چونکە هەر چەند ڕەوشی ئێستای کوردستان، ناوچە و جیهان گۆڕانی جەوهەرییان بە

سەردا هاتووە و پێگەی باشووری کوردستان لە سیاسەتی ناوچەدا بە هێزە، بەڵام هەر بەو پێیەش مەترسییەکانی سەر کوردستان زیاتر بوون. بۆیە ناکرێ و نابێ کورد ئەو دەرفەتە لە دەست بدا و ئەزماانە سەرنەکەوتووەکانی ڕابردوو دوبارە بکاتەوە.

ئەگەر بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی ئێستا بە بەراورد لە گەڵ ساڵەکانی ٢٠ی سەدەی ڕابردووش بێ، بە جێیە کە ئاوڕێک لەو هەلومەرجە بدەین کە تێیدا بۆ یەکەم جار بابەتی ڕاپرسی لە بەشێک لە پێشەنگانی کۆمەڵگای ئەوسەردەمەی باشووری کوردستان هاتە ڕۆژەڤەوە. ساڵی ١٩١٨، پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لە گەڵ ئیمپەراتۆریی عۆسمانی، بریتانیا دوو گەورە ئەفسەری پلەداری خۆی، E.E. Soane N و E.W.C. Noel کردە بەرپرسیاری پێوەندی گرتن لە گەڵ سەرۆک هۆز و عەشیرە کوردەکانی مووسڵ و باقی ناوچەکانی باشووری کوردستان کە تازە لە ژێر دەسەڵاتی عۆسمانی دەرهێنرابوون. کۆمیسارپای مەدەنی بریتانیا لە بەغدا لە ٣٠ ئۆکتۆبری ١٩١٨ دا بە لەندەنی ڕاسپارد کە شووڕایەکی ناوەندی لە سەرۆک هۆزەکانی باشوور پێک بێنێ کە لە ژێر چاوەدێریی بریتانیا دا بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان کار بکا. مەبەست لە پێک هێنانی ئەو شووڕایە ئەوە بوو کە بە ڕاسپاردەی نوئێل بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ناوچەی ``وان`` ەوە تا ``سلێمانی``، بە مووسڵیشەوە تێبکۆشێ. لە ناوەڕاستی مانگی نوامبری هەمان ساڵدا شێخ مەحموودی بەرزەنجی وەک قایمەقامی سلێمانی دیاری کرا و لە بەر قورسایی پێگەی کۆمەڵایەتی شێخ چاوەڕوان

دەکرا کە دەرفەتی یەکخستنەوەی هۆزە کوردەکان بۆ هەنگاونانەوە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە هێزتر بێ. بەڵام بە هۆی ناکۆکیی نێوان هۆزەکان و سەرنەکەوتنی پلانی نوئێل بۆ یەکخستنەوەیان، ئەویش ڕوانگەی خۆی بە نیسبەت دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە گۆڕی و لە ساڵی ١٩١٩ دا دەوڵەتی بریتانیای لە گرفتی یەکخستنەوەی هۆزە کوردەکان ئاگادار کردەوە.

سەرنجڕاکێشە کە لە مانگی دێسامبری ساڵی ١٩٢٢دا بەڕێوەبەرایەتی بریتانیا لە بەغدا، وێڕای هەوڵدان بۆ شکڵ پێدانی ئەو شێوە دەوڵەتەی لە بەغدا خەریکی دروستکردنی بوون، داوایەک بەو ناوەڕۆکەوە دەخاتە پێش سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە: ``بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکوومەتی عێراق مافی کوردەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی عێراق دا بە فەرمی دەناسێ و هیواداره کە پێکهاتە جیاوازەکانی کورد، لە زووترین کات دا لە نێوخۆیان دا بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێ و لە چوارجێوەی ئەو سنوورەی کە خۆیان دیاری دەکەن بۆ بەرێوەبردنی خۆیان ڕێک بکەون و شاندێکی بەرپرسیار بنێرن بۆ بەغدا بۆ باس و گفتوگۆلە سەر چۆنیەتیی پێوەندیی ئابووری و سیاسیان لە گەڵ دەوڵەتی خاوەنشکۆی بریتانیا و دەوڵەتی عێراق.

(The Kurdish Problem and the Mosul Boundary: 1918-1925. By Peter Sluglett)

ئاماژە پێدان بە هەنگاوی سەرنەکەوتووی یەکخستنەوەی پێشەنگانی کورد لە دەستپێکی سەدەی ڕابردوودا بە مانای ئەوە نیە کە تاوانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی بخرێتە ئەستۆی خودی

کوردەوە. بەڵام ناکرێ ئەوەش لە بیر بکەین کە دووبەرەکی و ناکۆکیی نێوخۆیی ، کە بە داخەوە ئێستاش شوێنەوارەکانی دیارن لەمپەرێکی گەورە بۆ بە کردەیی کردنی ئەنجامی گشتپرسی دروست دەکا. ئێستا دوای نزیکەی سەدەیەک خەبات و خۆڕاگری دەرفەتێکی نوێ بۆ باشووری کوردستان ڕەخساوە. بە تێپەڕبوونی کات و لە ئەنجامی هاتنە گۆڕێی هەلومەرجێکی نوێ، لە ڕاستیدا هەر پاش شەری یەکەمی کەنداو و دروستبوونی هێڵی پارێزراو یا قەدەغەکراو بۆ فڕین (١٩٩١ تا ٢٠٠٣) پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان کەوتۆتە ڕۆژەڤی دارێژەرانی سیاسەتی نوێی جیهانییەوە. بەڵام هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەوە تارماییەکی بە سەر ئەو پرسەدا کێشایەوە و ڕێگای نەدا کە سەربەخۆیی باشووری کوردستان جا چ لە ڕێگای بڕیاری سیاسییەوە بێ یا خود گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک و لە ڕێگای گشتپرسیەوە تا ئێستا یەک لایی بکرێتەوە. تا ئەوەی کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا لە کاتی سەرۆک وەزیریی نووری مالیکی دا (لە ٢٠٠٦ەوە تا ٢٠١٤) گەیشتە ئاستی تەقینەوە و بە کردەوە هاوکاریی نێوان هەولێر و بەغدای ڕاوەستاند.

ساڵی ٢٠١٤ بە سەرهەڵدانی گرووپی زێدەڕۆ و توندئاژۆی داعش، مەسەلەی تێکچوونی دەوڵەتی عێراق بە شێوەی جیددی هاتە ڕۆژەڤی سیاسیەوە، هەر بەو پێیەش پرسی سەربەخۆیی کوردستان زیاتر کەوتە بەر باسەوە. بە شێوەیەکی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعوود بارزانی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق و دروست بوونی دەوڵەتێکی نوێی ``خیلافەت`` لە

سنوورەکانی کوردستاندا هێنایە گۆڕێ. پاش ئەو ڕووداوە هێزی پێشمەرگە بەشێکی بەرچاوی ناوچە ناکۆکی لە سەرەکانی کەردستانی ڕزگار کرد و بە کردەوە کوردستان و هێزی پێشمەرگە ستاتوویەکی نوێی جیهانی یان وەدەست هێنا. ئەگەر تا ئەو کات باشووری کوردستان وەک بەشێکی عێراق و هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی سەر بە وزارەتی پاراستنی عێراق چاو لێ دەکرا، لەو کاتەدا کوردستان بوو بە ``هاوپەیمانی`` عێراق و وەڵاتە هاوپەیمانەکان و هێزی پێشمەرگەش وەک ئارتێشێکی خاوەن ئیرادە و لە بەرامبەر داعشدا لە شکان نەهاتوو چاوی لێ کرا.

بەردەوام بوونی سیاسەتی دوڕدۆنگانەی عێراق لە بەرامبەر باشووری کوردستاندا و پێکهاتنی ڕەوشێکی نوێی ئەمنی و سیاسی، ئەو جار متمانەی ئەوەی لە لای بەڕێوەبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرد کە دەکرێ و دەبێ ڕێگای خۆیان لە بەغدا جیا بکەنەوە. لەو کاتەوە بابەتی گشتپرسی بە جیددی کەوتۆتە ڕۆژەڤ و بووە بە باسی گرینگی ناوەندەکانی بڕیاردان لە باشووری کوردستان. ئێستاش بۆ یەکەم جار لایەنێکی دەسەڵاتدار و خاوەن توانایی جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ڕای گەل، بە شێوەی فەرمی کەوتۆتە پشت پرسی ڕێفراندۆمەوە و بە ڕاشکاوی باسی بە کار هێنانی ئەنجامەکانی ڕاپرسی بۆ وەرێخستنی ڕەوتی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکا. سەرئەنجام بە دیاریکردنی کات و ڕۆژی ڕێفراندۆم لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، بە کردەوە بابەتی گشتپرسی کەوتۆتە سەر هێڵی جێ بە جێ کردنەوە. بەو شێوەیە دەرفەتێک

ڕەخساوە کە بۆ یەکەم جار باشوری کوردستانیش بچێتە ڕیزی ئەو وەڵات و ناوچانەوە کە ئەزموونی ئەو شێوە دێمۆکراسییە تاقی دەکاتەوە و بە کردەوە بە پێی ویستی زۆربەی دانیشتوانی هەرێم داهاتووی سیاسی خۆی دیاری دەکا. بەڵام هەڵکەوتی جۆگرافیایی کوردستان و هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی عێراق و وەڵاتانی جیران، پرسی گشتپرسیی کوردستان لە ڕەوتێکی دێمۆکراتیک و ئاسایی سیاسیەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ مژارێکی فرە ڕەهەندی ستراتێژیک کە دەتوانێ زۆر پیوان و پارسنەگ نە تەنیا لە باشووری کوردستان و عێراق، بەڵکوو لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بگۆڕێ.

بە هۆی داخراوەیی سیاسی، زێدەخوازی و خۆ بە مەزنترزانینی دەسەڵاتداران لە هەر چوار وەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا، دوور نیە کە پرسی ڕێفراندۆمیش وەکوو زۆربەی بابەتەکانی پێوەندیدار بە ماف و ویستی خەڵکەوە زیاتر بخرێتە خانەی پرسە قەدەغەکراوەکانەوە و کاردانەوەی توندی وەڵاتانی جیرانی لێ بکەوێتەوە. نیشانەکانیوەها هەڵوێستێک لە زۆر هەڵس و کەوتی بەرپرسانی ئەو وەڵاتانەڕا دیارن. لەو ڕۆژەوە کە هەرێمی کوردستان بڕیاری بەڕێوەبردنی گشتپرسی داوە، وێڕای دەسەڵاتدارانی عێراق، کاربەدەستانی هەر دوو ڕێژیمی زێدەخوازی ئێران و تورکیە جار بە هەڕەشە، جار بە نسیحەت کردن و ئامۆژگاری و جاریش لە ڕێگای هەوڵی دووبەرەکی نانەوەوە هەوڵ دەدەن پێش بە ئەنجامدانی گشتپرسی لە باشووری کوردستان بگرن. چڕتربوونی ترافیکی

دیپلۆماتیکی نێوان تاران، ئانکارا و بەغدا، زیاترکردنی چالاکیە سەربازییەکان لە هەموو دەڤەرەکانی دەورووبەری حکۆوومەتی هەرێمی کوردستان، سنووردارکردنی گۆڕەپان بۆ بەشدارییەکی ڕاستەقینەی نوێنەرانی کوردستان لە ناوەندەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبەریی عێراق و تەنانەت زماندرێژیی بەشار ئەسەدیش لە بەرامبەر داخوازەییەکانی گەلی کوردستاندا، بەشێک لەو هەوڵە ئاشکرایانە پێک دێنن کە نیشان دەدەن داگیرکەران چۆن بۆ بێبەش کردنی نەتەوەی کورد لە مافی بڕیاردان لە سەر داهاتووی سیاسی خۆی وەخۆ کەوتوون.

ئەو دوژمنایەتیە ئاشکرایە لە کاتێکدایە کە باشووری کوردستان پتر لە ٢٥ ساڵە بە کردەوە لە لایەن دەسەڵاتی خۆماڵییەوە بەڕێوە دەچێ و بە بەراورد لە گەڵ وەڵاتانی جیران نموونەیەکی سەرکەوتووتری لە ئاشتی، ئارامی، گەشەی ئابووری و کار کردن بۆ کرانەوەی سیاسی و دێمۆکراسیی تاقی دەکاتەوە. لەو ماوەیەدا، دەسەڵاتی کوردی لە باشوور بە کردەوە بووە بە گەورەترین پاڵپشت بۆ خۆڕاگریی بەغدا لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکی و نێوخۆییەکانەوە. لە هەمان کاتیش دا بۆ وەڵاتانی ئێران و تورکیەش، خۆبەڕێوەبەریی خۆماڵی کورد لە باشوور بووە بە هۆکاری ئارامی، ئاسایش و تەنانەت گەشەی ئابووری.

گشتپرسی باشووری کوردستاندا ڕێفراندۆمێکی ڕاوێژکارانەیە کە یارمەتی کاربەدەستانی باشوور دەدا تا لە هەوڵەکانیاندا بۆ بە سەربەخۆیی گەیاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە لایەنی بەرامبەر

ڕابگەیەنن کە ویستی زۆربەی خەڵکی کوردستان سەربەخۆییە. بێ ئۆقرەیی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی دژبەری مافی نەتەوەیی کورد لە بەرامبە ڕەوتی گشتپرسی لە باشووری کوردستان، ڕاشکاوترین نموونەی کاریگەریی ئەو هەنگاوە مێژووییە لە سەر باقی پارچەکانی کوردستان و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. چونکە ئەوانیش دەزانن چارەسەریی پرسی کورد لە هەر بەشێکی وەڵات، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەدا دەبێ. کاریگەرییەک کە زەحمەتە بە دەستدرێژییە زێدەخوازییەکانی ئێران، بە هێزکردنی تیرۆر لە دژی گەلی کورد، پلانە ئەمنیەکان و بە مینرێژکردنی سنوورەکان یا ڕاکێشانی دیواری ئەمنی لەو چەشنەی کە تورکیە خەریکە لە سەر سنوورەکانی ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوا دەکێشێ پێشی پێ بگیرێ.

# پرسی گشتپرسی
# لە هەرێمی کوردستاندا

موهەندیس حامید فەرازی

١- بە پـێچەوانەی هەمـوو ئەو بانگەشـەو پڕۆپاگەنـدانەی لەدژی گشتپرسـی دەکـرێ، وادەردەکەوێ حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەڕاسـتی سـوورە لە سـەر بەڕێـوەبردنی گشتپرسـی و گشتپرسـی لە ئێسـتادا هەنگـاوێکە بـۆ ئامادەکـاری و راگەیانـدنی سـەربەخۆیی لە داهـاتوویەکی نێزیـک یـا دووردا، بە تـایبەت پـاش ئامۆژگارییەکـانی ئەمریکا بۆ دواخستنی و دژایەتی بەئاشکرای بەغدا و تاران و ئەنکارا لە گەڵ پرسـەکەدا و سـەرەڕای ئەوانەش راوەسـتانی بـارزانی لە بەرامبەر هەموو فشار وگوشارەکاندا.

٢- دەنگی بەڵێ بۆ ریفراندۆم بە واتای رازیبوون بەو دۆخە نالەبارە نیـیە کە دانیشـتووانی هەرێمـی تێـدا دەژیـن، بەڵام رۆشـنبیری ئاگا و نەتەوەی هۆشیار، بۆ خاتری نارەزایی لە حکوومەتی ناکارامە و لە بـۆ رقەبەرایەتـی و لە بەر بەرژەوەنـدی دەسـتەیی و حیزبـی خـۆی، قەت نایە لە بەرامبەر دەوڵەتی نەتەوەییدا بوەستێتەوە! بە لە بەرچاو گرتنی ئەو راسـتییە کە هـیچ گەرنتیـیەک نیـیە تـا هەتـایە کـورد لە ژێـر دەسەڵاتی حکوومەتی غەیرە کوردیدا دۆخی ئابووری لەوە باشتر بێ. دەبـێ ئەوەش ببینـین کە بەشـێک لەو گەنـدەڵی و کەموکووڕییـانە حکـوومەتی هەرێـم بەهـۆی بـوون لە گەڵ عێراقـدایە و بەهـۆی ئەو ئـابلۆوقە ئابوورییـانەوەیە کە لە لایەن بەغـداوە خـراوەتە سـەر کوردسـتان، گەنـدەڵی بەشـێکی میراتـی حکـوومەتی بەعسـە و بەشێکیشی نابێ نکوولی لێبکەین کە هەڵدەگەرێتەوە بۆناو ساختار و

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان و خەڵکیش لێی بەرپرسیارن.

ئەوکارەی دژبەرانی ریفراندۆم دەیکەن لە بنەمادا بریتییە لە دڵساردکردنەوەی خەڵک لە دەسەڵات و دەوڵەتی کوردی و بێ باوەڕی بە خۆ و جێخستنی ئەو بڕوایە کە کورد هەر نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە حوکمی خۆی بکا.

٣- بایەخی ئازادی دەبێ لە سەروو هەمووشتێکەوە بێ بۆکورد، هێچ پاساوێک نییە بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادی و پێشێلکردنی لانیکەمەکانی بەها و نۆرمە دیموکراتییەکان .کورد دەبێ تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەیی قوربانی بکا لە بەر پێی ئازادیدا ئەگەر بزانێ ئەو ئازادییە لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی غەیرەکوردیدا بۆی مسۆگەر دەبێ و لەوێدا مافەکانی باشتر دەستەبەر دەبێ، بەڵام ئایا شتی وا مسۆگەر دەبێ؟ من پێم وانییە ئەو دەوڵەتانەی کە لە لایەن غەیرە کوردەوە بە سەر کورددا دەسەپێ، سەرکەوتووتر بن و پێشینەیەکی باشتریان هەبێ لە وەفاداری بە نۆرم و بەها دێموکراتییەکان. کەواتە ئەگەر بڕیارە ئیمکانی گەندەڵی و ناکارامەیی لە هەر حاڵدا ببێ و لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەدا بەنسبەتی کوردەوە زیاتریش بێ دەڵێم دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەرەکیترین و گرنگترین پرسە و زیاتر لە هەموو پرسەکان بوونی لە ئەولەوییەتدایە، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو راستییە کە لەوێ ئەوەی بە سەری دێ، دەسکردی خۆیەتی و خۆی لێی بەرپرسیارە. و دەستەبەربوونی مافە ئینسانی و دێموکڕاتییەکانی کورد

لە بنەڕەتـدا جیـا لە پرسـی سـەربەخۆیی نیـیە و ئەو دوو پرسـە بە جۆرێک گرێدراوی یەکترن.

٤- مـن نـازنم سـەربەخۆیی کوردسـتان کەی رادەگەیەنـدرێ و مەسەلەی جیابوونەوەی هەرێم لە بەغدا، لە ئێستادا بەڕاستی تا چ ڕادە جـدییە بەڵام هیچکـات وەک ئێسـتا زەمیـنە ئامـادە نەبـووە بـۆ هێنانە گۆڕێی پرسی گشتپرسی و ئامادەکاری بۆ دامەزرانـی دەوڵەتـی سەربەخۆی کوردی. لە ئاستی جیهانیدا قەت ئەوەندە ئێستا کورد بە باشـی نەناسـراوە و دۆسـت و پاڵپشـتی بەهێـزی نەبـووە، هەلـومەرجی ناوچەش قەت ئەوەندەی ئێستا لەبار و ئامادە نەبووە بۆ ڕاگەیانـدنی دەوڵەت. ئەگەر تەماشایەکی دۆخی دەوڵەتانی ناوچە بکەین، دەبینـین عێراق و سووریای هەر لێ نییە و کارێکی ئەوتۆیـان لە دەست نـایە، ئێران هیچکات ئەوەنـدەی ئێستا نـاکۆکی لە گەڵ ئەمریکا و ڕۆژئـاوا نەبـووە و دوژمنـایەتی لە گەڵیـان نەبـووە، مـن پێمـوانییە ڕاسـتەوخۆ بـیەوێ دەسـتێوەردانێکی لەو ئاسـتەدا بکـا کە بیـانوو بە دەسـت زلهێزەکـانەوە بـدات. تورکیـا هیچکـات ئەوەنـدەی ئێسـتا تـووش هەڵوێسـتی هەڵەی سیاسـی نەبـووە و لە ڕۆژئـاوا دوور نەکەوتـۆتەوە، تورکیا بەرژەوەندی بازرگانی لە گەڵ هەرێـم هەیە، ڕێـژەی بازرگـانی تورکیا لە گەڵ حکوومەتی هەرێم لەم ساڵانەدە هەنـدێجار تـا ئاستی ١٢ ملیـــار دۆلار چـــۆتە ســـەرەوە، لە بەر ئەوە و لە ترســـی نێزیکبـوونەوەی پـارتی لە پ ک ک یـش بـووە تورکیـا پێمـوانییە بـیەوێ ئەوەنـدە نێوانی لە گەڵ حکـوومەتی هەرێـم تووشـی گـرژی و ئاڵۆزی بکا!

ئەگەر هەمــوو ئەوانە بخەیــنە پــاڵ یەک و کێشــە و قەیــرانە ناوەکییەکانی ئەو دەوڵەتانە،چ لە نێو خۆیاندا و چ لە گەڵ یەکتردا، لێی زیاد کەین، من پێموایە حکوومەتی هەرێم لەو بارەوە تووشی زەختێکی جددی نابێتەوە و بگرە هەرکام لەو دەوڵەتانە کەم کەم ئەو واقــعە قبــووڵ دەکەن و هەوڵ دەدەن بەپێــی بەرژەوەنــدییەکانیان پێوەنـدیی لە گەڵ ساز بـکەن و خۆیـان لە گەڵ هەلـوومەرجی نـوێ بگونجێنن.

٥- هیچ زەمانەت و گەرنتییەک نییە بڵێین دۆخەکە لە داهاتوودا بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لە بارتر دەبێ، ئەگەریش ببێ بێگومان بەو هەمـوو کێشـانەوە لە داهـاتوویەکی نێزیکـدا هەلـوومەرج لەوە باشـتر نـابێ، کەواتە لە بەر ئەوەی کە نەکـا ئەو دۆخەی ئێسـتا لە زەرەری کورد بە بارێکی تردا بشکێتەوە، من پێموایە ئەو هەلە نسبییەش کە هاتۆتە پێش نابێ لە دەست بدرێ، دژبەرانـی ریفرانـدۆم، بە بـڕوای من یا راستگۆ نین لە راگەیاندنەکانیانـدا یـا لێکدانەوەیەکی هەڵەیـان هەیە. ئەوان لە لایەکەوە دەڵــێن ئەو ڕیفرانــدۆمە درۆیە و بـــۆ سەربەخۆیی نییە، لە لایەکەوە کەچـی خەڵکی کوردستان دەترسێنن لەوەی کە ئەگەر دەوڵەتــی کــوردی دامەزرێ دەوڵەتــانی نــاوچە درگاکانیان بە ڕووماندا دادەخەن و تووشی نەهامەتی دەبین، ئەوان لە لایەکەوە دەڵـێن دەوڵەتـانی نـاوچە بەهـیچ شـێوە رازی نـابن بە سەربەخۆیی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە دەڵێن ئەوە پلانی تورکیا و پـارتییە بـۆ بەرگـرتن لە سـەربەخۆییەکی گەورەتـر لەسـەر دەسـتی ئەمریکـا، وەک بڵێـی ئەمریکـا تورکیـای یەکسـەر وەلانـابێ و هەمـوو

بەرژەوەندی و پێوەندییەکانی خۆی لە بەر پێی بەرژەوەندی کورددا قوربانی کردبێ!!!

ئەوان هەموو کێشەکان هەڵدەگەڕێننەوە بۆ حکوومەتی هەرێم و دەڵێن گشتپرسی هیچ میکانیزم و ئامادەکاری بۆ نەکراوە، بەڵام خۆشیان هیچ پلان و پرۆژە و ستراتیژێکیان نییە، من پێموایە ئەوانە بەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتانەیانەوە هیچ دیموکراتتر لە حکوومەتی هەرێم نین و بە ناوی دژایەتی لە گەڵ خەتەری دیکتاتۆریەت خەریکن پەرە بە چەشنێک ئانارشیزم و بێ سەرەوبەرەیی دەدەن!!!

٦- لە هەفتەکانی رابردوودا پارتی دیموکراتی کوردستان بە یارمەتی یەکیەتی نیشتمانی چەند هەنگاوێکی باشی بۆ نێزیکبوونەوە لە لایەنەکانی تر هەڵگرتووە کە بەرای من دەبێ لە لایەن ئەوانەوە بەهەند بگیرێ و پێشوازی لێبکرێ، بۆنموونە لەو ماوەدا بۆ دانیشتنی دوو قۆڵی لە گەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کاراکردنەوەی پارلمان، هەموو مەرجەکان لە لایەن پارتییەوە وەلانراوە. حکوومەتی هەرێم ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلمان و سەروکایەتی هەرێم لە ١ی یازدەدا و بارزانی ڕایگەیاند بەرلەوەش ئەگەر هەموو لایەنەکان دانیشن و کەسێک بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژێرن، لە سەرۆکایەتی دەچێتە دواوە، ئەو هەروەها گوتی نەخۆی و نە هیچ خزمێکی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو خۆی کاندیدا ناکاتەوە. هەروەها لەوماوەدا بارزانی هەندێ هەڵوێست و وتەی باش و سەرنجڕاکێشی هەبووە کە جێی تێڕامانە، ئەو پاش سەردانەکەی جەیمز ماتیس

وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ هەولێر، لە دیدار لە گەڵ رۆژنامەیەکی سەعوودیدا ڕایگەیاند کە هیچ بەڵێنێکیان بۆ دواخستنی ریفراندۆم بە ئەمریکـا نەداوە، هەروەهـا گـوتی ئەوەنــدەی پێوەنــدیمان لە گەڵ عەرەبستان و کووەیت باشە لە گەڵ قەتەر وتورکیا بەو شێوەیە نییە، لە ئاخریشـدا لە وەڵامـی پرسیارێک سـەبارەت بە پ ک ک گـوتی پارتی کرێکارانی کوردستان تێرۆریست نییە.

٧- لەکۆتاییـدا دەمەوێ بڵـێم منـیش پێمـوایە پرسـی گشتپرسـی کەمتـر دەکەوێـتە خـانەی خوێنــدنەوەی چەمکـی دێموکڕاسـییەوە کەواتە دەبـێ زیـاتر لە چوارچێـوە و لە ژێـر کـاریگەری گوتـاری رزگـاریخوازانە دا خوێنــدنەوەی بـۆ بکـرێ. دەکـرێ بڵێـین خـودی سەقامگیربوونی دێموکڕاسی و باشتر بوونی دۆخی ئابووریش شتێکی نسـبییە و کەمـوو کورتییەکـان لە هەر زەمانێکـدا بە شـێوەیەک هەر دەبن، بۆیە ئەگەر بەو پێوانە بچینـە پێش، کێشـەکان قەت کۆتاییـان نایە.

بەربەرەکانێ لە گەڵ سـەربەخۆیی لە داخـی ئـەم و ئـەو خـۆێ لە نیگـایەکی حیزبــی و ئایــدۆلۆژییەوە ســەرچاوە دەگــرێ کە هــیچ سـنخییەتێکی لە گەڵ دێموکڕاسـیخوازیدا نیـیە، بەڵکـوو لە باشـترین حاڵـدا ترسـێکە لە بەهێزبـوون و بە دەسـەڵات گەیشـتنی پـارتی و یەکیەتـی و کەوتـنە ژێـر مەترسی بەرژەوەنـدی لایەنەکانی دژبەری ریفراندۆم.

تیشک

# پرسی ریفراندۆم لە ئاوێنە ئاڵوگۆڕکەرکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

کەماڵ مەجیدپوور

له ٧ی ژانـویەی ٢٠١٧ سـەرۆکایەتی هەریمـی کوردسـتان بەرێـز مسـعود بـارزانی، لە تویتێکـدا بە کـورتی هەواڵیکـی مەزنـی لە سـەر چارەنووسی داهاتووی کوردستانی باشوور بڵاو کـردەوە. لەو هەواڵە دا هــاتبوو کە " ئەمــن خۆشــحالم کە رابگەێــنم کــاتی ریفرانــدۆمی سەربەخۆی بۆ رۆژی دووشەمۆ ٢٥ی مانگی سیپتامبر دیاریکراوە ".

دوا بە دوای ئەو هەواڵە دا باس لە سەر ریفراندۆم، کات و ساتی ئەو هەڵبــژاردەنە و بیــر و بۆچــوون و هەلســوکەوتی لایەنەکــانی نێوخــۆیی، نــاوچەیی و جیهــانی پیوەندیــدار بە مەســەلەی کــورد و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوون بە هەوێنـی گەلێـک لیکدانەوە و هەواڵ و هەلویستی جوراوجـور و دژبەیەک لە دنیایی ماسا میـدیا و ناوەندەکانی سیاسی بریاردان لە کەلین و قووژبنی دونیا.

ئەو هەواڵە لە نێوخـۆی کوردسـتان دا، بەتـایبەتی لە باشـوور، هەر لەو کـاتە دا بـوو بە جێـی خوشـحاڵی بەشـێکی زۆری خەڵکـی ئاسـایی کوردستان،و هەر لەو کاتش دا درزیلایەنەسیاسییەکان لێکەوتەوە.

لە رادەی ناوچەیـدا هەروەک چـاوەڕوان دەکـرا وڵاتـانی دراوسـی کوردستان، تورکیا و ئێران لە لایەکەوە و حکوومەتی ناوەنـدی ئێـراق لە لایەکـی دیکـەوەبە دژی ریفرانـدۆم ڕاوسـتان.لە ڕادەی جیهـانی دا ئەو هێزانەی کە لە سالانی ڕابردوو دا بە شێوەیەکی بەرچاو لە شەڕ لە دژی داعشـــدا بە بەردەوام یـــارمەتی هێـــزی پێشـــمەرگەی کوردسـتانیان دابـوو و بەشـداریی چالاکـانی کـورد لەو شـەڕە دا لە

ئێراق و سوریە بەرز دەنرخاند، بە دردۆنگی و بە پەریزەوە لە گەڵ ئەو پەیامەی هەریمی کوردستان هەڵسوکەوتیانکرد.

گومان لەوە دانییە کە مێژووی پر لە هەوراز و نشێوی کورد لە سەد ساڵی رابردوودا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەر لایەکەوە بڕوانینە پرسی سەربەخۆی کوردستان، دەیان و سەدان بەڵگەی حاشا هەڵنەگر دەخاتە ڕوو کە ڕەوایی دەبەخشێت بە بڕیاریکی لەو چەشنە کە لە لایەن بەرێز مسعود بارزانی لە ٧ی ژانویەی ئەوساڵدا بۆ دنیایی دەرەوەی ئاشکرا کرد.هەر لەو کاتە دا بە لەبەر چاوەگرتنی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و هەڵویستی لایەنە ناوچەی و جیهانییەکان لە مەڕ ئەو بڕیارداکورد ناچار دەکا کە ئەو بڕیارە میژوویی و سیاسییە لە کۆنتیکستی خۆیدا هەڵبسەنگینین و هەر لەو کاتە دا مەترسییەکانی سەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سنگ و سووک بکەێن، لێکی بدەێنەوە و سەرئەنجام بە ئاکامێکی خۆزراوە و درووست کە لە بەرژەوەندی خەلکی کوردستان و بەتایبەتی باشووری کوردستان دایە، بگەن.

ئەو لێکدانەوەیە هەولدەدا کە لە ژێر تیشکی ڕووداوو، ئاڵوگۆڕ و هەلویستە سیاسیەکانی ئاکتەرەکانی نێوخۆ، ناوچە و جیهانیپرسی ریفراندۆم لە چەند ئاستی جیاوازدا شی بکاتەوە و لیان ورد بیتەوە تا بتوانی ڕۆڵ و جیگا و هەڵویستی هەرکام لەو لایەنانە بە باشی دەست نیشان بکا.

بۆ ئەوە کە بڕیاری ریفراندۆم لە کۆنتیکستی پیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سەنگ و سووک بکرێ، لەو لێکدانەوەیە دا

هەوڵدەدری لە سەرەتادا بە کورتی باسێک لە سەر چلۆنایەتی پێک هـــاتنی ژێرخـــانی ئیـــدیولۆژیکی سیاســـەتی نیـــودەوڵەتی بێـــتە ئاراوە.دوابەدوای ئەو باسە دا جێگا و شوێنی زلهێزەکان لە سیاسـەتی جیهانیدا تـاوتووی دەکرێ. لە درێـژی ئەو لێکدانەوەیەدا سـەرنجیک دەخـــریتە ســـەر ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـت و لە دەلاقەی تێرامـــانێکی هـوویەتی، قەیرانێـک کە ١٠٠ سـاڵە بـەرۆکی بەو نـاوچەیە گرتـووە تاوتوو دەکرێ. هەر لەو چوارچێوەیەدا هەوڵدەردی سیاسەت و ڕۆڵـی دەوڵەتـــانی ئێـــران، ئێـــراق، تـــورکیە و ســـووریە لە پێوەنـــدییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوون بکرێتەوە.کێشەی کورد لە پاش شەڕی سارد و هەلومەرجی نێوخۆی باشووری کوردستان بڕگەیەکی دیکەی ئەو لێکـدانەوەیە کە دەپـرژێتە سـەر بۆارەکـانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی، ئابووری و نیزامی حکوومەتی هەرێم. بەشێکیتری ئەو لێکدانەوەیە بـۆ شێکردنەوەی هەڵویستە سیاسییەکانی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان لە هەمـبەر ڕێفرانـدۆم ترخـان کـراوە. گەلـدانەوەی باسـەکە بەشـی کۆتایی ئەو لێکدانەوەیە دەبێ.

## ژێرخانی ئیدیولۆژیەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی

کۆتـــایێی شـــەڕی ســـارد ئەگەر لە لایەک لێکترازانـــی پارســـەنگی دەســـەڵات لە پێوەنـــدییە نێودەوڵەتییەکانـــدا بـــوو، هەر لەو کاتەشـــدا سەرەتای ئاڵۆزی بیرکردنەوە لە سەر داهاتووی ئەو پێوەندیانەش بوو کە خـاوەنی ژێرخـانێکی ئیـدیولۆژیکی بەهێـز بـۆ نەزمـدان بە جیهـان نەبوو. بۆ شێکردنەوەی ئەو باسە پێویستە لێردا لە دەلاقەی شـەڕی

کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا بڕۆانینە سەرهەڵدانی ژێرخانی ئێدیولۆژیکی پێوەنــدیە نێودەوڵەتییەکــان. لە ســاڵی ١٩٩٠دەوڵەتــی ئێــراق بە سەرکۆماری سەدام حوسێن بە هێرشێکی نیزامی وڵاتی کویتی داگیـر کـرد. ئەو دەسـتدرێژییە ئێـراق لە لایەن کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بە ســەرکردایەتی ئەمریکــا بــێ وڵام نەمــایەوە و لە ســاڵی ١٩٩١ دا ئیتلافێیکی چەند میللەیەتی بە جڵوداری وڵاتە یەکگرتووکانی ئامریکا لە ماوەیەکی کورتدا ڕێژیمی ئێڕاقی لە ژێر گورزی نیزامـی مجبوور بە پاشەکشە کرد و بەشێکی بەرچاوەیی باشووریی ئێڕاق خستە ژێـر کـۆنترۆلی خـۆیەوە. ئەوەش جیـا لە رزگـارکردنی وڵاتێکـی بچـوکی کەنداوی فارس، پەیامێکی تازەشی بۆ جیهان پـێ بـوو. ئەویش ئەوە بوو کە لەمە بەدوا جیهان بە ڕێبەرایەتـی ئەمریکا پێـدەنێتە ' نەزمـی نــوێ جیهــانی'. دوکتــورین نەزمــی نــوێ جیهــانی کە لە لایەن سەرکۆمار بووشی بابەوە هاتە ئاراوە لەسەر جیهانبینی کاپیتالیزمی لیبــرال دێموکراتیــک دامەزرابــوو کە لە ســەدەیٰنوزدەهەم بەولاوە یەکێک لە جەمسەرەکانی بیر و ئەندیشەی مرۆڤی لە ڕۆژئـاوا پێـک هێنابوو. لەو جیهانبینیەدا ئاشتی و ئاسایش و سەقامگێری کۆمەڵگای مرۆڤـایەتی لە گەشەسـەندن و پەرەسـەندەنی ئـازادی لە جیهـانێکی کاپیتالیســتی و دیموکراتیــک دا دەدیــتەوە کە وەک بەیــاخگەلێکی جیهانشــموول بەرەبەرە هەمــوو کۆمەڵگــا کۆنبــاو و نەریتیەکــانی مرۆڤـایەتی بە هەمـوو، ئەرزش و پێـوانە و بایەخەکانیـەوە لە سـەر ڕێگای خۆی لا دەبا و خۆی بە سەر مرۆڤایەتی دا فەرز دەکا.[١]

---

[1]Parsons, T. (1977a). *The evolution of societies*. Englewood Cliffs (N.J.): Prentice-Hall.

جەمسەری دووهەمی ئەو بیر کردنەوە، لە بۆچوونەکانی مارکس لە سەر کۆمەڵگا و مرۆڤ و ئازادیی دا دەدۆزراوە کە بریتی بوو لەوە کە گەیشتن بە جیهانێکی ئازاد بە دوور لە توند و تیژیی و چەوسانەوە، ڕاست لە جەرگەی پێکدادان و ناکۆکی نێوان سەرمایە و کار کە لە جیهانی کاپیتالیستی دا بە لوتکەی بەرزی خۆی دەگا، دێتە دەر و بە تێکرۆخانی جیهانی کاپیتالیستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەبەرە پێدەنێتە ئاخرین فازی گەشەکردنیکە هەمان جیهانێکی بەرابەر و دوور لە چەوسانەوە و زوڵم و زۆرە، واتە کۆمەڵگایەکی کومونیستییە.

ئەو تێگەیشتنانە لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش لە سەدەی بیستمدا کاردانەوەی سیاسی زۆر گەورەی لێدەکەوەێتەوە. تێگەیشتنی مارکس لە سەر کۆمەڵگای بەشەری دەبێتە سەرچاوەیەکی ئیلهام بۆ دەیان شۆڕش و بەرخۆدانی ڕزگاریخۆازنە لە دنیا دا. شۆڕشی روسیە و دامەزراندی وڵاتێکی سوسیالیستی بە ناوی یەکیەتی سۆڤیەت لە سەرەتای سەدەی بیستمدا دەبێتە نۆختە گۆڕانێک لە پێوەندیە نێودەوڵەتییەکان و بەرە بەرە باوڕ و بیرۆکەی سازدانی دنیایەکی نوێ لە سەر بنەمای تێگەیشتنەکانی مارکسبەهێز دەبێ. و هەتا دەی ئەو جیهانبینی یە، دەبی بە ئاڵترناتیویک لە هەمبەر جیهانی کاپیتالیستی لیبرالی دا و بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا، بەشێکی زۆری جولانەوە ڕزگاریخۆازکان بە ئیلهام وەرگرتن لە تێڕۆانین و ئەندیشەی

مارکسیستی لە ئاسیا، ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا قـــارەی ئەفریقـــا لە دژی سیاســـەتی کلونیالیســـتی ڕۆژئـــاوا دا سەرهەڵدەدن و گەلانێکی زۆر بە ڕزگاری خۆیان دەگەن و هەتا دێ ململانـی لە نێـوان جیهـانینی مارکسیسـت-لینیسـتی سوسـیالیزم و کاپیتالیزم لیبرال دیموکراتیک گرژتر و توندتر دبێـتە و سـەرئەنجام پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە کردەوەدا شـەڕێکی سارد دەست پێدەکا لە نێوان بلۆکی سوسیالیستی و کاپیتالیستیدا.

لە ڕۆژئـاواش پـاش شـەڕی دووهەمـی جیهـانی بیـرۆکەی ڕەوتـی گەشـەکردنی کۆمەڵگـا بەرەوە جیهـانبینێکی کاپیتالیسـتی، لیبـراڵ و دێموکراتیک دەبێتە بەردی بەناخەی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا و لە سەرجەم ئەو وڵاتانە کە لە ژێرِ نفووزی ڕۆژئـاوا دابـوون هەوڵدان بۆ مودێرنیزەکردنی کۆمەڵگاکان لە دەڵاقەیەکی ڕۆژئـاوایەوە دەست پێـدەکا و بـەم شـێوەیە کێبرکێکـی ئیـدیولۆژیەک بـۆ پەرەسـەندنی نفووزی سیاسی ئەو دوو جەمسەرە دەست پێدەکا.

نـوختەی هاوبەشـی ئەو دوو جیهـان بێنییـانە لەوە دا بـوو کە هەر دووک ئیـدعای جیهانشـموول بوونیـان دەکـرد و هەر دووک لا لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە حەقیقەتی ڕەها لە لای وانە و سـەرئەنجام هەمـوو کۆمەڵگـا مرۆڤایەتیەکـان بە هەمـوو جیاوازییەکانیـانەوەهیچ ڕێگایەکیـان لەبەر نـەمانی لەو زیـاتر کە بـۆ پێشـکەوتن و ئاشـتی و ئاسـایش، بەختەوەریـی و حەقـیقەت هەر دەبـی ئەو ڕێگـا و ڕەوتـی گەشەکردن بە پێوەن کە لە ڕۆژئاوا و یا خـۆ لە یەکیـەتی سـۆڤییەت هاتۆتە ئاراوە. بە واتەیەکتر ئەو ڕەوەتە وەک ڕەوتێکی هێژمونیـک، و

جیهانشموول له هەموو شوێنیەکی ئەو دنیایە بەشێوەکی یەکسان، ساختاریی و بە یەک ئیونفۆرم لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوریی خۆی دەردەخا و سەرئەنجام هەموو مرۆڤایەتی نرخ و بایەخ و پێوانەکانی ڕۆژئاوایی کاپیتالیستی لیبرال دیموکراتیک یا خۆ سوسیالیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە باوەش دەگرنو بەو شێوەیە سەرجەم ئەرزش و پێوانەوە و کولتور و بایەخەکانیتر ڕەد دەکەنەوە و لایان وایە کە مەحکووم بە نەمانن. ئەو بۆچوونە لە سەر گەشەی کۆمەڵایەتی لە ڕاستیدا چ لە ڕۆژئاوا و چ لە بلۆکی سوسیالیستی دا بەرەبەرە دەخزیتە نیو سیاسەتی ئەو دوو بلۆکە بۆ ئەوە کە هێژموونی سیاسی، کولتوریی و نیزامی خۆیان بە سەر هەموو جیهان دا بەسەپێنن.

کەچی لە ساڵەکانی ٧٠ی سەدەی بیستمدا کۆمەڵێک لە بیردۆزان و ئەندیشمندان بەو ئاکامە دەگەن کە هەردووک لەو جیهان بێنییانە لە سەر کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی تێگەیشتنێکی ریالیستی نین. ئەو بیردۆز و ئەندیشمەندە نوێ باوانە کە بە پوست مودێرنیستەکان ناسراوەن، لە راستیدا دا جیهانشموول بوونی ئەو بۆچوونانە دەدەنە بەر ڕەخنە و بەو ئاکامە دەگەن کە حەقیقەتێک کە لە سەر ڕاشیۆنالیزمێکی جیهانشموول دامەزراوە لە ڕاستیدا نە تەنیا حەقیقەتێکە کە هەیە و نە ئەوەند جیهانشمولیشە کە ئەوان ئیدعای دەکەن. بە باوەڕی ئەو بیردۆزانە کاتێک بە وردی سەرنج دەدینە ئەو زانست و شناخت و حەقیقەتەکە وەک جیهان شمول و ڕاشیونیل چاوەیی لێدەکرێ لە ڕاستیدا هەڵقوڵاو لە کۆنتیکستیکی

دیـــاریکراو، لە کولتـــورێکی تایبەتیـــدا کە لە خـــزمەت قـــازانج و بەرژەوەنـــدیەکی دیـــاریکراو دان، ســـەریان هەڵـــداوە.جـــا بـــۆیە ئەو تیگەیشتنە لە دنیا هەر چەشنە خۆنیشاندانێکی نامۆ لە بە ڕۆاڵـەت ئیـــدعا جیهانشـــمولییەکانی وانـــرەد دەکـــاتەوە، ســـەرکوتیان دەکـــا و مەحکووم بە نەمانن. پوست مودێرنەکان بە سەرەنجدان بە جیاوازی لە کۆمەڵگاکـــانی مرۆڤـــی بەو ئاکـــامە دەگەن کە بـــوونی یەک حەقیقەتنامکینە و دەرک و شناختی مرۆڤ لە حەقیقەت و رزگاری و بەختەوەریـــی بەســـتراوەتەوە بەو کۆنتیکســـت، کولتـــور و شـــوێن و مێژوویە کە مرۆڤ تێدا دەژی.[٢] هەر بۆیە لایان وایە ئەو جیهانبینی و ڕەوتانە کە ئێدعای جیهانشموولیان کردەوە سەرچاوەی پێکهێنانی سیاســـەتێکی مـــوزمنی راسیســـتی و مـــاڵوێرانی، شـــەڕ و پێکـــدان و کوشتاری بە میلیۆن مرۆڤی بوون.[٣]

هەرچەند پۆست مودێرنەکان هەلێکیتریان ڕەخساند بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە سەر دنیایی دەورووبەری خۆی،بە رووخانی دیواریی برلین، جـــاریکیتر جیهـــانبینی لیبـــرال دێموکراســـی کاپیتالیســـتی خـــۆی لە بـازنەیرەخنەی پۆسـت مـودێرنیزم دەربـاز دەکا.بیـردۆزی ئامریکـای فۆکۆیاما(١٩٩٢) بەدوای ڕووخـانی دیـواری برلینـدا، بەو ئاکامە دەگا کە خەبات و پێکدادان بۆ کۆمەڵگایەکی ئیـدئال کۆتـایی پێهـاتووە و بانگەشـەی " کۆتـایی مێژوویـی" کـرد. فۆکویامـا تێکرەمـانی جیهـانی

---

[2]Lyotard, F. (1984).*The Postmodern Condition*. Manchester: Manchester University Press.

[3]

سوسیالیستی وەک بەڵگەیەکی بەهێز بۆ درووستی تێگەیشتنێکی کاپیتالیستی و لیبرال دێموکراتیک لە سەر جیهان و کۆمەڵگا و مرۆڤ زانی. ئەو لای وا بوو کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ڕزگاری، هیچ ڕێگایەکی نەماوە لەو زیاتر کە دەستملانی جیهانبینی لیبرالی بێ. هەر لەو چوارچێویە و لە سەربەندی هاتنە کایەیی بیر فۆکۆیاما دا، سیاسییەکی ئامریکایی بە ناوەیهۆنتینگتۆن (١٩٩٦)باس لە پێکدادانی تەمەدونەکان دەکا. ئەو لای وا بوو کە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا لە سەراسەری دنیا دا وەکیەک دووپات نابێتە و هێژموونی رۆژئاوا دەستەبەر ناکا، " پێکدادانی تەمەدونەکان"ی لێدەکەوەیتەوە، پێکدادانێک کە زۆر جار لەوێدا تەمەدونی ڕۆژئاوا بە شێویەکی دوژمنکارانە لە هەمبەر تەمەدونەکانی تر ڕادەگیرێ و ئاکامی ئەو دوژمنکاری ئەوەیە کە سەرئەنجام بۆ ئەوە کە ڕۆژئاوا تەمەدونی خۆی بەپارێزی دەبێ سەرجەم تەمەدونەکانیتر لە سەر ڕێ خۆی لابدا.[٤]

لە ٢٠ سالی رابردوو دا دیسانەوە لە کۆر و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوا و جیهانی سێهەمدا باسێکی تازە هاتۆتە ئاراوە کە لە باتی سەرنجدان بە ئیدعا و نورم ئابستراکتەکان و تێگەیشتنی جیهانشموولییەکان، زۆرتر سەرنج دەدەنە ڕۆڵی کولتور و داب و نەریتێک کە کۆمەڵگا مرۆڤییەکان هەیانە و قسە لە کاردانەوەی ئەو کولتور و داب و نەریتانە دەکەن لە سەر

[4]Fukuyama, F. (1992).The end of history and the last man. New York.

گەشـەکردنی کۆمەڵگاکانـدا. ئەو بیـردۆزانە هەرچەنـد لە سـەر ئەو بـاوەڕەن کە ڕۆژئـاوا وەک ناوەنـدی سـەرەکی ئـاڵوگۆڕە مودێرنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریی، کولتـوریی و فەلسـەفی دەتـوانی وەک دەلاقەیەک بـۆ بەراوەردکردنـی گەشـە و پێشـکەوتنی وڵأتـانی دیکـە کەڵکـی لـێ وەربگیـری، لـە هـیچ کۆمەڵگـایەک پێویسـت ناکـا کە دروسـت ئەو ڕێگـا و ڕەوتە بـۆ پێشـکەوتن، سـوبات و ئاسـایش و بەختەوەریی بگرێتە بەر کە ڕۆژئـاوا لە خـۆی نیشانداوە، بەڵکوو هەر کولتور و کۆمەڵگایەک دەتوانی بە خوێندنەوەی تایبەت بە خـۆی کە لە لە مێـژو و کولتـور و داب و نەریتیەکـی تـایبەتی ڕا سـەرچاوە دەگری لەو نۆرم و پێوانە و بایەخانەی رۆژئاوا ورد ببێـتە لێکبـداتەوە و نێوەرۆک و فورمی پێ بدا کە گونجاوی کۆمەڵگای خۆی بێ.[٥]

ئاکـامی ئەو بیرکـردنەوانە لە سـەر کۆمەڵگـایەکی ئیـدئاڵ کە لەسـەروە بە کـورتی ئامـاژەی پێکـرا لە ڕاسـتیدا بە ئـێمە دەڵێـت کە جیهان بە دوای شەڕی سارد دا نە تەنیا تووشی ئاڵۆزیەکی بەرچـاو لە پێوەندیە نێو دەوڵەتییەکاندا بووە، بەڵکوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی و ڕۆژئاوا بە تایبەتی لەگەڵ گرفتێکی جیدیی لە تێگەیشـتن لە خـۆی و جیهـانی دەورووە و بەری خـۆی دەسـتەو یەخە بـووە. ئەگەر لیبرالیـزم و مارکسـیزم وەک دوو ئیـدیۆلۆژیکە بە لانـی کەمەوە لە سەد ساڵی رابردوو دا تێگەیشتنی مرۆڤ لە سەر جیهانی دەوروبەری خۆی دیاریدەکرد و ئەگەر ناوئاخنی ئیدیولۆژیکی شەڕی سارد بـوون لە پێوەنـدییە نێودەوڵەتییەکانـدا و بەشـی هەرە زۆری جوگرافیـایی

[5]Eisenstadt, S.N. (2000) *Multiple Modernities.*Daedalus 129: 1-29.

سیاسی جیهان مەیدانی ململانێی ئەو دوو ئیدیولۆژی بو،بەڵام بە لەبەر یەکبڵاوبوونی سیستمی دوو جەمسەریی و تێکقرمانی جیهابینی سوسیالیستی و هەروەها بە نەزۆک مانەوە نەزمی نوێ جیهانی و کەم ڕەنگبوونەوەی پێوانە و بایەخەکانی کاپیتالیزمی لیبرال دێموکراتیک، سیاسەتی نێوەدەڵەتی تووشی ئاڵوگۆڕی چاوەڕۆانکراویی مەزن، هەم لە باری بالانسی دەسەلات و هەمیش لە باری دیاریکردنی ئاسۆی پێوەندییە نێوەدەوڵەتییەکان لە سەربنەمای ئیدیۆلۆژیەوە، هاتوە. بە واتایەکیتر حەقیقەتەیەک کە مرۆڤ پێوا بوو دۆزیویەتەوە، هەو نەبووە و دەبێ بەشوێن شتێکتر دا بەگەڕی.

لە سەر بنەمای ئەو لێکدانەوە هەوڵدەدرێت کە هەرچەند بە کورتیش، ئاڵۆگۆڕەکانی باسکراو لە سەرەوەدا لە سیاسەتی دەرەوەی زلهیزکانی پێوەندیدار بە کێشەی ڕۆژهەلاتی نێوڕاست شی بکەێنەوە و جێگا و ڕۆڵی ئەو زلهێزانە تاوتوی بکەین کە لە هەوڵ وتەقلا دان کە قوورسایی خۆیان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا دیاری بکەن.

## ئەمریکا و نەزمی نێودەوڵەتی پاش شەڕی سارد

لە ساڵی ١٩٨٩دا دیواری برلین دەڕووخێ و لە هاوینی ١٩٩٠دا پەیمانی وەرشۆ لێک هەڵدەوەشێ. چی وای پێناچی کە لە ٢ی ئوکتۆبری ١٩٩٠دا دوو لایەنی ئاڵمان یەک دەگرنەوە و کاپیتالیزمی لیبرال دێموکراتیک لە ڕۆژئاوا بە سەرکردەگیئەمریکا لە پێکانی مەبەستەکانی لە هەمبەر جیهانی سوسیالیستی دا بە ڕێبەرایەتی یەکیەتی سۆڤییەتدا هەست بە سەرکەوتن دەکا. پاش ساڵێک

ئامریکاییەکان قۆڵی لێ هەڵدماڵن و لە هێرش بۆ سەر کوێت بە مەبەستی رزگاری لە دەست هێزکانی سەدام، تەوەرەی ' نەزمی نوێی جیهانی' لە دایک دەبێ و لەوە بەدوا هەتا دێ، رۆڵی هێژمۆنی ئامریکا بە سەر جیهاندا دەبێتە جێگای باس و لێکدانەوە. لە ٣١ی دێسامبری ١٩٩١دا سەرەنجام یەکیەتی سۆڤییەت لێک بڵاو دەبێ و کاپیتالیزمی دێموکراتیک بە سەر سوسیالیزمی مارکسیست لێنینیستی دا سەردەکەوێ و بەم شێوەیە نەزمی بی پولێر یا خۆ دوو جەمسەریی کە بەرهەمی شەڕی ساردبوو، هەرەس دەبا!

ولاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا ئێستا وەک یەکەمین زلهێزی جیهانیی دەکەونە مانۆڕێکی سیاسی، نیزامی و دیپلۆماسی بەهێز بۆ ئەوە نیشان بەدەن کە توانای ڕێبەرایەتی جیهانی پاش شەڕی ساردیان هەیە. هەر بۆیە ئەوان بۆ نێشان دانی توانستەکانیان، ئامادە بوونیان بۆ دەستێوەردان لە ناکۆکی و کێشەکانی جیهانش ناشارنەوە و لە زۆربەی شەڕەکانی ساڵەکانی ١٩٩٠ هەتا سەرەتای دەسپێکی سەدەی ٢١مدا ڕۆڵی ڕێبەری خۆیان دەنوێنن.بە کورتی،لەو سەردەمەدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەموو هێز و تواناییەکانی خۆێ بەکار هێنا هەتا بتوانێ هێژمۆنی خۆی بچەسپێنێ.بووشیکور لە ڕۆژی هێرش بۆ سەر تاڵیبان لە ئەفغانستان دا لە ساڵی ٢٠٠١ لە وتارێکدا لەسەربیرۆکەی نەزمی کاپیتالیزمی لیبرال دێموکراتیک دا دڕاشتڕابوو بانگەوازی "ئازادی مافی هەموو تاکەکەسێ" کرد و لای وا بوو هەموو "نەتەوەکانیش دەبی لە داهاتوو دا بە ئازادی بژین".[٦]

[6] The guardian (2001): “Text of Georg Bush’s speech”: ttps://www.theguardian.com/world/2001/sep/21/september11.usa13

بەڵام بە درێژە کێشانی شەڕ، ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان لە ناوچە ئاڵۆزەکانی دنیا بە گشتی و لە ئێراق و ئەفغانستاندا بە تایبەتی هیچ دەراویەکی ڕوونی بۆ ئامریکاییەکان نەما کە سیاسەتی سەقامگیرکردنی نەزمی نوێ جیهانی بە ڕێبەرایەتی ئامریکا بە سەرکەوتنەوە جێی بە جێی بکەن و گوتاری نەزمی نوێ جیهانی لە ڕۆژەڤی سیاسی هاتە دەر و بەو پێیە سیاسەتی نیودەوڵەتی ئامریکا بۆ جێگیرکردنی نەزمی نوێ جیهانی بە ڕێبەری خۆی بە نەزۆکی ماوە و بەرەبەرە لەبیر چۆوە.

بە هاتنە سەرکاری ئۆباما وەک سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان رەسالەتی مێژوویی ئامریکاییەکان کە هەمان خۆڵقاندنی دنیایەکی ئازاد، دیموکراتیک و کاپیتالیستی بە ڕێبەرایەتی خۆیان بوو کەم ڕەنگ دەبێتەوە و لە ژێر ئاسەواریی سیاسەتی نەزمی نوێ جیهانی دا ململانی بۆ گۆزار بۆ نەزمێکی چەند جەمسەری دەست پێدەکا و نوێنگەی باڵا نەوێنی ئەو ململانە دیسانیش ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دەبێ.

لە هەل و مەرجێکی ئەتۆ دا تێڕوانین لە سەر ڕۆڵی وڵاتەیکگرتووەکانی ئامریکا لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە نێوخۆی ئامریکا و لە بەشەکانی تری دنیا دەبێتە جێی باس و دەمەقالە. لە ڕۆژئاوا بە گشتی و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکای ساڵەکانی ١٩٩٠ بەولاوە بە تایبەتی هەروەک لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەی پێکرا ڕوانگەیەک هاتە ئاراوە کە بۆ پرکردنەوەی بۆشای نەبوونی ئێدیۆلۆژیەک هەوڵیدەدا کەبیرۆکەی " پێکدادانی تەمەدونەکان" زەق

کاتەوە. ئەو ڕۆانگەی تەقلای ئەوە بوو کە ژێرخانی ئیدیولۆژیکی پێوەندی ڕۆژئاوا لە گەڵ دنیا لە سەر بنەمای " پێکدادنی تەمەدونەکان" دابڕێـژرێتەوە. ئەو لێکدانەوەیە بەڕوونی تەمەدونی مودێرنی ڕۆژئاوای لە هەمبەر بەرۆاڵەت تەمەدونەکانی چینی و ئیسلامی ڕاست دەکردەوە.ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە هەتا دێ بۆچوونێکی ریالیستی لە سەر ڕۆڵ و جێگای ئامریکا لە دنیای ئەمڕۆ دا پەرەدەستێنێت. لە ڕۆانگەی ڕێئالیستەکاندا قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مانای پاراستن و ڕاگرتنی سنووری جوغرافیایی و سەربەخۆیی سیاسی دا خۆ دەنوێنێ و بە گرینگترین ئەرکی دەوڵەت لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا حیساب دەکرێ، کە ئەم ئەرکەش تەنیا لە ڕێی پێکهێنانی هێزێکی سەربازیی گەورە و سازدانی هاریکاری و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دا مسۆگەر دەکرێ بۆ ئەوەی کە بەر لە شەڕ و پێکدادان بگرێ. لەم چوارچێوەیەدا ڕێئالیستەکانی ڕۆژئاوا بەو باوەڕە گەیشتوون کە دەبێ ڕۆل و جێگای زلهێزە جیهانی و ناوچەیەکانیتر لە بەرچاو بگیرێ و هەر لەو کاتە دا پارسەنگی هێزەکان بەجۆریەک شکڵ بگرێت کە جێگاو ڕۆڵی ڕۆژئاوا گرینگی خۆی لە دەست نەدا.

بە هاتنە سەرکاری ترامپ دەبینین کە بۆچوونی رئیالیستی هەتا دێ سەقامگیرتر دەبێ. لە لایەک بەهێزکردنی نەهادە نیزامییەکان و نوێژنکردنەوەی ئەرتەشی ئامریکا لە دەستوریی کار دایە و لە لایەکی دیکەوە ئامریکاییەکان لە سەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان خەریکن چاو بە پێوەندییەکانی خۆیان لە ڕادەی نێودەوڵەتیدا

دەهێنەوە.[٧] هەر لەو کاتە دا بە شێوەیەکی بەرچاو ئامریکاییەکان ڕادەگەینن کە چیتر بەتەمانین کە شێوازی ژیانی خۆیان و دێموکراسی بە دنیا دا بڵاو بکەنەوە. لە ڕۆژی دووشەمەی ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٧ سەرکۆماری ئامریکا ترامپ لە پەیامیکدا لە مەر ستراتیژی ئەمریکا لە ئەفغانستان بەم شێوەیە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئامریکای دەرکاند: "ئێمە جارێکتر خۆمان بە نەتەوە سازکردن خەریک ناکەێن. ئێمە خەریکی کوشتنی ترۆریستەکانین. ئێمە چیتر نامانەوێت کە هێزی نیزامی ئامریکا بۆ سازکردنی دێموکراسییەکان لە وڵاتانی دوور لە ئێمە بکار بەهێنین و یا خۆ هەوڵ بەدەین کە وڵاتان سازبکەینەوە بەو جۆرە کە ویستی خۆمانە... و ئێمە داواش لە کەس ناکەێن کە شێوازی ژیانی خۆیان بگۆڕن".[٨]

## رووسیە

بەدوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤێیەتدا ڕۆژئاوا پێی وابوو کە روسەکان لە ژێر وێرانەکانی ئەو ڕووخانەدا ناتوانن پشت ڕاست کەنەوە و بەرە بەرە وەک لایەنی سەرەکی دۆڕاوی شەڕی سارد دەستەمۆ و گوێڕایێلی شەرت و مەرجەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئامریکا دەبن. ڕوسەکان پاش ئەوە کە لە شوکی تێکرۆخانی یەکیەتی

---

[٧] بروانە باس لە سەر پێوەندیە نێوان وڵاتانی نا و ئەمریکا. ئەمریکایەکان چیتر حازر نین وەک پارێزریەکی سروشتی بۆ پارێزگاری لە وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ بێنە مەیدان.

[8] Foreign Policy (2017): “Trumps presidential speech on Afghanistan”. http://foreignpolicy.com/2017/08/22/trumps-presidential-afghanistan-speech/

سۆڤیەت خۆیان ڕزگارکرد توانیان بە ڕێبەرایەتی پووتین بە خۆیان دابێنەوە و داواکاری ئەوە بوون کە وەک زلهێزیک کە دووهەمین قودرەتی ئەتۆمی دنیایە، پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و ریزی بگرێ. هەر لەو کاتە دا روسەکان خۆازیاری ئەوە بوون کە بەرەبەرە وەک ئەندامێکی بنەماڵەی ناتۆ و لە دواتردا ئورووپا قەبووڵ بکرێن. کەچی ئامریکا و یەکیەتی ئورووپا بە نفووزکردنە وڵاتانی سەربەخۆی پاشماوەی یەکیەتی سوڤیەت کە لە باری مێژووییەوە حەوزەی نفووزی سیاسی روسەکان بوون، لە کردەوەدا ویست و ئارەزۆکانی روسیەکانیان وە پشت گوێ خەست.چوونکە هیوادار بوون بەوە کەئەوان دەتوانن روسیە لە ئاخردابە چۆکدابێنن. بەرهەڵستی ڕوسیە لەهەمبەر ئەو سیاسەتە بەتایبەتی لە ناوچەکانی قفقاز و هەروەها لەو ساڵانەی دوایدا لە ئوکراین و پاشان خۆ تێوەردانی لە شەری سووریەدا دەریخست کە حازر نیيە وا بە سانایە مەلکەچی ئامریکاییەکان بێت. بەو چەشنە روسیە بەو قەناعەتە گەیشتەوە کە ئەو وڵاتە شوێن و دەورییەکیەتی سوڤیەتی لە ڕادەی جیهانی دا بۆ پڕ نابێتەوە بەڵام وەک زلهیزیکی ناوچەیی لە ئاسیایی ناوەندی و رۆژئاوای ئورووپادا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ کایە بکاو بە هاوپەیمانی لە گەڵ زلهێزە ناوچەیەکانیتر پەل بکێشێتە ناوچەگەلێکی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەو چەشنە لە ئاستی جیهانیدا ڕۆڵی زلهێزیک بەخۆیەوە بگرێ.پاش ئەو بەرنگاربوونەوەی روسەکان ئێستا رۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو زلهێزەدا لە سەر دووڕیانەیەک ڕاوەستاوەن. دووریانەیەک کە ئاخۆ دەبێ رووسیە بخرێتە ژێر

گووشارەوە و تەریک بخریتەوە هەتاکوو بیر و ڕای رۆژئاواییەکان لە سەر نەزمی ناوەخۆ و جیهانی قەبووڵ بکا؟ یا خۆ فەزایەک بۆ پرۆسەی سیاسی ماوە کە  پێش بە نامۆ بوونی دوولایەنە بگرێ یا بە لانیکەمەوە ئێشەکەی کەمتر کاتەوەلە هەوڵ بۆ گەیشتن بە کۆنسیپتیکی هاوەبەش لە سەر نەزمی جیهانی؟[9] ئایا سنوورەکانی روسیە دەبێ ببنە هێلێکی ناکۆکی و پێکدادان،یاخۆ دەکرێت ببنە ناوچەیەک بۆ هاوکاری پێکەو بوونێکی ئاشتیخۆازانە؟لە وڵامی ئەو پرسیارانە دا کێشەکانی ئوکراین و سووریە بە باشی مەبەستی روسەکان دەردەخا.ئەوان بۆ بەدست هێنانەوەی جێگا و ڕۆڵی خۆیان لە ڕادەی نێودەوڵەتی زۆر جیدین و تا ئەو جێگایە کە دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی ئامریکاییەکان ڕوون نیە کە چلۆن لە گەڵ ڕوسیەی ئەو سەردەمە مامەڵە دەبێ بکەن.[10]

**چین**

وڵاتی چین خاوەنی هێزێکی لە سەریەک کەڵەکە بووی گەورەی ئابوری، سیاسی، نیزامی بە حەشیمەتێکی زیاتر لە یەک میلیارد مرۆڤە کە دەتوانێ لە مەیدانی سیاسەتی جیهانی دا ڕۆڵێکی بەرچاو بگێرێ. ئەم وڵاتە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدالە سەردەمی شەڕی سارد دا،خاوەنی نەریتێکی دوور و درێژ بوو کە ڕۆڵێکی چالاک

---

[9] The Atlantic (2016): “World Chaos and World Order”. https://www.theatlantic.com/international/archive/2016/11/kissinger-order-and-chaos/506876/

[redacted] [10] بڕاونە کێشەی پێوەندی ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپا لە سەر ئوکراین و هەروەها مەسەلەی دەستێوردانی روسەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا، کە لەڕاستیدا پێکدادانێکی ناوخۆی نیشان دەدا لە سەر ئەوە کە ئایا ئەمریکایەکان دەبێت روسیە وەک زلهێزێەک قەبووڵ بکەن و رۆڵ و جێگایەکی دەبێت لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا هەبێت یا دەبێت لە هەمبەر ڕۆژئاوا و ئەمریکا دا تەسلیم بێت.

وەئەستۆ نەگرێ. هەرچەند چینییەکان هیچ رسالەتیکیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەرزش و پیوانەو نۆرمەکانی ژیانی خۆیان لە جیهان دا نیە، بەڵکوو زۆرتر باوریان بە ریز لینان لە جەمسەربەندی دەسەلات و هەولدەداولاتانیتر هانبدا کە لە سەر ئەساسی ریز بۆ جیگا و رۆلی چین لە دنیای سیاسی و ئابووریدا، پیوەندییەکانی خۆیان دابنین.لەو سالانی دوایدا وەیدەچێ کە چین مایل, بۆ چالاکبوونی زیاتر لەو بوارە دا بگیرێ تا وەک هیزیکی بەرهەمهینەری جیگای متمانە ریز و پرستیژ بۆ پیشەنگبوونی خۆی بەدەست بەهینی. چین ئیستا هیلیکی دوور و دریژی سیاسی، ئابووریی، کولتوریی و ئەمنییەتی لە رۆژهەلاتی دریایی چین را تاکو کانالی ئینگلیس بلاوکردۆتەوە. چینییەکان خەریکن بە زیندوکردنەوەی ریگای ئاوریشم لە ریگای ئاسیای ناوەندیەوە خۆ بگەینە ئەرووپا و لە راستیدا ریگای ئاوریشم دەتوانیت ناوەندیی ئابووریی و سیاسی لە زەریای ئاتلانتیکەوە بگویزیتەوە بۆناوچەی بەربلاویی ئیرۆ-ئاسیا.[11] ریگایەک کە لە جەرگەی دەیان نەتەوە و کولتور، ئایین و نەهاد و دەولەتی نەتەوە رد دەبێ. لیرەشدا رۆژئاوا بەگشتی و ئامریکاییەکان بە تایبەتی لە سەر دووریانەیەک راوستاوەن کە چلۆن لە گەل ئەو دیارەدیە هەلسوکەوت بکەن. ئایا ئامریکا کیشەیەکی ئیدیولۆژیەکلە نیوان خۆی و چین دا دروست دەکا و خۆازیاری ئەوە دەبێ کە چین مەلکەچی نۆرم و بایەخەکانی

[11] The Atlantic (2016): “World Chaos and World Order”. https://www.theatlantic.com/international/archive/2016/11/kissinger-order-and-chaos/506876/

ژیانی ڕۆژئاوا بێ؟ یا خۆ لە بازاری ئازاد دا دەکەویتە کێبڕکێیەکی ئابووری بۆ وەدەست خستنی بازارەکان. لێرەدا ڕۆڵی ئورووپاییەکان زۆر گرینگە کە ئاخۆ بە تەمان شان بە شانی ئامریکا لە هەمبەر چین دا ڕابەوستن یا خۆ سەربەخۆ لەو وڵاتە پێوەندییەکانیان لە گەڵ چین درێژە پێ بەدەن؟ ئەوەی کە ڕوونە هەستی متمانە بەخۆ بوونی چینییەکان لە ئێستا دا لەو پەڕی خۆیدایە کەچی رۆژئاوا بەگشتی و ئامریکا بەتایبەتی لە گۆمان و دوو دڵیدا گیریانکردوە.

## یەکیەتیی ئورووپا

ئورووپا وەک سەرچاوەی ئەسلی بیر و ئەندێشە و جیهان بێنییە مودێرنەکان، لە هەموو بوارە جوراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و زانستیدا لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵیکی ناوەندیی لە دارشتنەوەی کۆمەڵگا مودێرن و پێشکەوتووکان و هەروەها لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دا کایەکردووە. لەو سەردەمەشدا لە باری ئابووریو تیکنۆلۆژی پێشکەوتووی سەردەم وەک زلهێزێکی جیهانی لە بازاری ئابووری دا خەریکی ململانییەکی بەهێزن، بەڵام لە باری سیاسی و سەربازییەوە خاوەنی ڕۆڵێکی ئەوتۆ نین کە لە هەمبەر ئامریکا، چین و یا خۆ رووسیەدا بە تەنیا بێنە کایەوە. هەربۆیە وڵاتانی ئورووپایی بە بەردەوامی لە بەهێزکردنی ناوەندەکانی یەکیەتی ئورووپا دان کە هەم لە باری سیاسی و ئابوورییەوە و هەم لە باری سەربازییەوە جێی و شوێنی خۆیان دیاریی بکەن. هاتنە دەری بریتانیا لە یەکیەتی ئورووپا گورزیکی قوورس بوو لە جستەی

یەکیەتی ئورووپا، کە لە لایەن کۆماریخوازەکانی ئامریکاوە پێشوازیی لێکرا. هۆکارەکەش زۆر روون بوو، بوونی ئورووپایەکی بەهێز دەتوانێت مەیدانی مانۆر بۆ سەربەخۆ بوونی ئورووپا لە سیاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بکا. هەڵویستی ترامپ لە سەر ناتۆ و هەروەها گرژیی و ئالۆزیی پێوەندییەکانی نێوان ئورووپا و ئامریکا لەو سەردەمەدا وای کردووە کە وڵاتانی ئورووپایی بۆ یەکەم جار پاش شەڕی دووهەمی جیهانی باس لەو دەکەن کە ئورووپا دەبێ خۆی لە ژێر سێبەری سیاسی و نیزامی ئامریکا دەرباز بکا.لە ئاخر و ئۆخری ژانویە ٢٠١٧ لە نامەیەکی سەرئاواڵە کە بۆ ٢٧ ئەندامی یەکیەتی ئورووپا نووسراوە، دۆناڵد تۆسکبەرپرسی شوورای یەکیەتی ئورووپا بۆ یەکەم جار سیاسەتەکانی سەرکۆماری نوێ ئەمریکای لە ریزیی ئەو مەترسیانە دانا کە هەڕەشە لە یەکیەتی ئورووپا دەکەن.[١٢] هەڵوێستێک کە نیشاندەدا کە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانە مێژوویەکانی وەک ناتوش لەو سەردەمە دا دەتوانن بکەونە مەترسیەوە. هەر لەو پێوەندییەدا راویژکاری ئاڵمان خاتوو مێرکل لە سەر سەربەخۆی ئورووپا پێداگری کرد و لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتەکانی ئامریکا لە مەڕ یەکیەتی ئورووپا و کێشە جیهانییەکاندا ئاماژەی بەوە کرد کە ئورووپا دەبێت زۆرتر لە سەر پێ خۆی ڕاوەستێت.بۆچوونێک کە هەتا دێت زیاتر لە هەمیشە لە بیر و ڕای گشتی و هەروەها لە ناو رێبەرانی سیاسی ئورووپا دا

[12]Independent (2017): http://www.independent.co.uk/news/world/europe/donald-tusk-donald-trump-existential-threat-europe-brexit-eu-theresa-may-a7555061.html

بەهێزتـر دەبێ.داهاتووی ئورووپا جیـا لە هەڕەشـە و مەترسـییەکانی دەرەکی، لە لایەن هێـز و جـوولانەوە ڕاستگەراکانی نێوخـۆی وڵاتـانی ئەو یەکیەتییەشـەوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە بەهێزبـوون دان و دژ بە سیاسـەت و ئیـدئالەکانی یەکیـەتی ئورووپـان، کەوتـۆتە مەترسـییەوە. ئورووپایەکـــانیش بەرەبەرە بەو قەناعـــەتە گەیشـــتوون کە دان بە جیاوازیەکـــان دابێـــنن و بە ڕێـــزەوە لەگەڵ جیهـــانینی و کولتـــورە جیاوازەکـان هەڵسـوکەوت بـکەن و چیتـر وەک جـاران خـەریکـی بەڕیکردنی شێوازی ژیانی خۆی بۆ دەرەوە نەبن.

### ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست وقەیرانی هوویەت

١٠٠ ساڵ لەمەوبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک دۆڕاویی سـەرەکی شەڕی یەکەمی جیهانی نەتەنیا لە باری نیزامـی و سیاسییەوە لە بەر یەک هەڵتەکا, بەڵکوو لە باری هوویەتیشەوەلە قەیرانێکی ماڵوێرانکەر دا چەقــی بەســت, کە تــا ئەوڕۆ هەر درێــژەی هەیە. زلهێزەکـــانی فەرانسە و بریتانیا کە لایەنی سەرکەوتووی ئەو شەڕە بوون، کەوتـنە دابەشکردنی لەگۆترە و ڕەمەکی سەرجەم ئەو ناوچانە کە بـۆ مـاوەی زیـاتر لە ٥٠٠سـاڵ لە ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتـوریی عوسـمانییەکان و پادشــاکانی ئێــران دا بــوون. ئەو زلهێــزانە کە نوێنەرانیسیاســەتێکی کلونیالیسـتی سـەردم بـوون بە زاڵبـوونی راسـتەوخۆ و ناراسـتەخۆی خۆیان بەسەر سەرچاوەکانی ئابوری و بازارەکـانی نـاوچەی ڕۆهەڵاتـی نێوەڕاســـتدا و ڕێخۆشـــکردن بـــۆ داســـەپاندنی ســـاختارگەلێکی کـــۆمەڵایەتی-کەلتـــوری و سیاســـی رۆژئـــاوایی و بگـــرە جموجـــۆڵە

مەزهەبییەکانی مسیونێرە مەزهەبییەکان لە ڕێگای ڕێبەرانی سیاسی و نوخبەکـــانی کـــۆمەڵایەتی و سیاســـی و کولتـــوریی تـــازە پێگەیشـتوویناوچەدا خـەریکی دارشـتنی سـاختارگەلێکی نـوێ لە ڕاســـتای قـــازانج و بەرژەوەنـــدییەکان خۆیانـــدا دەســـت پێکرد.تایبەتمەندیی هەر بەرچاویی ئەو سیاسەت و ئاڵوگۆڕانە ئەوە بوو کە لە کردەوەدا ململانەیەک سازکرا کە بە بێ لە بەر چاوگرتنی شـەرت و مەرجەکـانی کـۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئـابووری و کولتـوریی کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیە دەبـوو لە ڕێگای لە مەیدان بـردنە دەری داب و نەریتەکـان و بـاوڕ و ئەرزش و بایەخەکـانی کە کۆمەڵگاکـانی لە سـەر ڕاوسـتابوو ڕێگـا بـۆ پێشـکەوتن و گەیشـتن بە دنیـایەکی مودێرن خۆش بکا.

هەر بـۆیە دەبـوو دوکتـورینێکی نوێبـاو بێـتە ئـاراوە کە میراتـی چەندسـەد ساڵەی ئیسـلامیون بکـا و لە جێگـای ئەو سـێمبولگەلێکی تـازەی هـوویەتی کولتـوریی بێـتە بـازارەوە بـۆ دەوڵەتە مودێرنەکـان و هـوویەتی سیاسی و کـۆمەڵایەتی خەڵـک لە گەڵ هـوویەتی ڕۆژئـاوای پێـک بـگەن. هەر بـۆیە لە سـاڵەکانی ١٩٢٠ بەولاوە دەبینـین کە لە خـــۆرهەڵاتی نێوەڕاســـت گۆڕانکـــاریکی بنەڕەتـــی لە پرینســـیپەکانی مشـروعەیەتی سیاسـی و سـیمبولەکانی هـوویەتی کـۆمەڵایەتی دا بە شـێوەیەکی خێـرا دێـنە ئـاراوە. پێناسـەکردنی کۆمەڵگـای سیاسـی لە کـــادرێکی ئیســـلامی و کولتـــوریی کۆمەڵگاکـــانی نـــاوچە ڕا بەرەوە کادریکی ناسیونالیستی ڕووو بە بایەخ و پێوانەکانی ڕۆژئـاوایی گـۆڕدرا. لەو پرۆسـەیەدا هەوڵـدەدرا کە لە لایەکەوە ڕۆڵـی مەزهـەب و ئـایین

بەتەواویی لەکەڵک بەخن و لە لایەکی دیکەوە داب و نەریتەکانی دەورانی پێش ئیسلام لەگەڵ کولتوری رۆژئاوای تێکڵاو کەن بۆ دۆزینەوەی ڕەوایەکی سیاسی تازە و هوویەتێکی گشتی بۆ خەڵک.[١٣] لەو هوویەتە یەکدەستە نوێیەدا هیچ جێگایەک بۆ پلۆرالیزمی سیاسیی و کولتوریی نەبوو و هەر فۆرمێکی جیاوازتریی ئیتنیکی، ئایینی، و کولتوری و سیاسیتر کە لە گەڵ سیاسەتی گشتی دەوڵەتانی تازە دا نەهاتبانەوە، زۆر بە سانای حاشایان لێدەکرا و لەو جێگایانە کە پێویست با بە زبر و زەنگی خوێناوی سەرکوت دەکران. سەرجەمی ئەو ئاڵۆگۆڕانە خاوەنی ئەو ژێرخانە ڕۆشنبیریی، زانستی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوریانە نەبوون کە بەتوانن لە راستیدا ئەو نۆرمە کولتوریانە، ساختارە کۆمەڵایەتییانە و پێوەندییە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە تووشی ئاڵۆگۆریکی بنەڕەتی بکەن کە لە خزمەت، ئاشتی، ئاسایش، پێشکەوتنیکی بەرداوام و بنەڕەتی دابن. دەسەڵاتی سیاسی تەژیی بوو لە نابەرابەری. دەست پێراگەیشتن بە سەرچاوە و کەرەسەکانی ئابووریی و سیاسی تەنیا لە دەست کەمایەتێککەبەڕواڵەت نوخبەکانی دەسەڵاتداری کۆمەڵگا دا بوون کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیان نەبوو.هەرچەند ڕێکار و کەرسەو ئامرازەکانی موبیلیزەکردنی کۆمەڵایەتی، ڕوو لە

[13] بۆ نموونە لە تورکییە، زمانی تورکی وەک یەکەم زمانی مرۆفایەتی کە قسەی پیکراوە پێناسە دەکرا و بە گۆڕینی پیتەکانی ئەو زمانە لە ئارامی بۆ لاتینی لە ڕاستیدا خەڵکی تورکییە لە سەرجەم مێژۆ، زانست و کەلتوریی نووسەراوەی میراتیی ئەمپراتوریی عوسمانی و ئیسلامی دەرکەی لە سەر گاڵە درا. یاخۆ لە ئێران دا باس لە تمدونی مەزنی فارسی زمانی کورش دا دەکرا وەک کورش وەک بناخەدانەری بنەماکانی ماڤی مرۆڤ پیناسە دەکرا. بەشێکی زۆر لەو مێژوویە لە لایەن رۆژئاوایەکانەوە دەنووسەرانەوە و یا خۆ لە ژێر چاوەدێریی و ڕێنونەی ئەواندا پێداچوونەوەیان بەسەر دا دەکرا! بەکورتی بەشێکی زۆری ئەو هۆویەتانە لە سەر بنەماگەلێکی لێڵ و تەماویی و نادیار پێناسەکرابوون کە لە گەڵ هوویەتی واقعی خەڵک بەتەواویی نامۆ بوو.

گەشـە کـردن بـوو، کەچـی خەڵـک خـاوەنی ئەو ئـازادیە نەبـوون کە خۆیان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم سازمان بەدەن. ڕێبەرانـی سیاسـی هەتا دەهـاتن لە خەڵـک دوور دەکەوتـنەوە چـوونکە خـاوەنی بەرنـامە و ئەفکارگەلێکی بوون کە نە خۆیان خۆڵقێنەری بوونو هەر بەو پێیـەش باشـی لـێ حـاڵی نەبـوون و هەروەهـا لە توانایانـدا نەبـوو پاڵپشـتێکی کۆمەڵایەتی بۆ جێی بە جێکردنی دروست بکەن. هەر بۆیە سەرەڕای کۆمەڵێـک ئـاڵوگۆڕی ئەرێنـی و پێشکەوتنێکی ڕێژەیـی دەسـەڵاتداران هیچ کات نەیانتوانی وەفاداریکی بەهێز دروست بکەن بـۆ دەسـەڵات، ڕژیم و ئیدەکانی خۆیان. هەر بۆیە ئەو گۆڕانکاریانە هەتا دەهاتن بە شێویەکی سەرکوتکرانە و بە زۆرەملی بە سەر خاڵک دادەسپێندرا.

بە کورتی لەگەڵ هاتنی ڕۆژئاواییەکان و جیهان بینی و ئیدکانیانەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت چەنـدین دەوڵەتـی نـوێ  وەک بەرهەمـی بڕانەوەی شەڕ و لێکبڵاوبوونی ئیمپراتۆری عوسمانی و دەستێوەردانی زلهێزەکـانی ڕۆژئـاوا ( بریتانیـا، فەرانسـە و ئاڵمـان)، پێکـدێن. قـووت بوونەوەی دەوڵەتی مودێرن وەک شێوەیەکی تر لە بەڕێوەبەرایەتی و ســازدانەوەی کۆمەڵگــا کە شـــەرعییەتییەکی ئاســـمانی نەبـــوو و تایبەتمەنــدیکی ســێکولاری لە خــۆی نیشــان دەدا و هــوویەتێکی نەتەوەیـی کە چیتـر پشـتی بە باوڕەکـانی مەزهەبیـیەوە نەبەسـتبوو، نەتەنیا لە توانایاندا نەبوو کە ئاشتی، ئاسایش، ئازادی، و بەڕواڵـەت پێشکەوتن بەدیاریی بێنن بۆ خەڵک، بەڵکوو دەوڵەتە مۆدێرنەکان بە چەکـی زەخـت و زۆر و شـەڕ بـۆ جـارێکی تـر دەکەونە تێـدابردن و قەڵاچۆکردنی لایەنە دژبەرەکانیان. لەم ڕەوتە نوێیەدا دەسـەڵاتدارانی

تـازە پێگەیشـتوو (نیزامییەکـان و وردەبورژواکـان) دەکەونە گیـانی دەسەڵاتدارە سوننەتییەکان (دەربەگە گەورەکان، ڕێبەرانی مەزهەبی و سەرۆک عەشیرەکان) و بە زەبری زۆر هەوڵدەدەن کە مەیدانیان پـێ چـۆل بـکەن. بەکـورتی بەدیهـاتن و سـەقامگیر بـوونی دەوڵەتە ئوتـوریتێرە مودێرنەکـان، ڕێگـای هەر چەشـنە گەشـەکردن و پێشـوەچوونێکی بنەڕەتـی لە کۆمەڵگـا دەگـرن و دەروازەکـانی ئەم کۆمەڵگـایە بەرەوڕووی هەر چەشـنە ئـاڵوگۆڕ و نـوێ کـردنەوەیەک دادەخەن. بە واتایەکی تر، سیاسەتی زەخت و زۆر و نەبوونی کەش و هەوایەکـی کـراوە و ئـازاد ئەم نـاوچەیەی لە قەیرانەکـانی دا دەخنکێنێ و ڕێگا بۆ گێرە وکێشەی تازەتر خۆش دەکا و بێ دەرەتانی دەخاتە ڕوو و ڕێچکەی ڕزگاری دەبەستێ.

لەم سـەردەمەدا، لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، کوردسـتان دەکـرێتە چـوار بەش و دابەش دەکـرێ. هەر چەنـد لە پەیمـانی 'سێڤر'ی ساڵی ١٩٢٠دا، مـافی دیاری کردنـی چارەنووسی کورد لە لایەن هاوپەیمانانەوە بە شێوەیەکی تەماوی، تەمای لە سەر دەگیرێ، بەڵام ئەم بەڵێنیـە لەبەر بەرژەوەنـدی هاوپەیمانـان و کەمـتەر خەمـی خودی کوردەکان لە بیر دەکرێ. دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان هەر لە سـەرەتای ژیـانی خۆیـانەوە دەکەونە سـەرکوت و قەڵاچـۆ کردنـی نەتەوەی کورد.

لە دەورانی شەڕی سارد، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک ناوچەیەکی گرینگی ئیستراتیژیک دەبێتە مەیدانی ڕمبازێنی نفووزی سیاسی دوو جەمسـەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا و هەر چەشـنە هەوڵێـک بـۆ

بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ و چارەسەر کردنی قەیرانەکان لە بازنەی نفووزی سیاسـی و ئیـدیۆلۆژیکی ئەم دوو جەمسـەرەدا قەتـیس دەمێنێـتەوە. ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان نە تەنیا بوونیان ناکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکوو دەسـەڵات و هێـز و توانسـتیان بە هاوکـاری و لە ژێـر کـارکردی سیاسی ئەم دوو جەمسـەرەدا پتـر پـێ هەڵادەچـێ. بە واتـایەکی تـر یەکیـەتی سۆڤێیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ بەرگـرتن لە پەرەسـەندنی کـارکردی سیاسـی و ئیـدیۆلۆژیکی یەکتـر دەکەونە یـارمەتی دانـی ئەم ڕێژیمـانە و بەم شـێوەیە ئەو دەوڵەتـانە شـەرعییەتێکی تـر بـۆ درێـژەی ژیانیـان وەردەگـرن.بە تێـداچوونی جەمسەری سوسیالیستی پارسەنگ ڕاگیرانی دەسەڵات کە بەرهەمـی شـەڕی سـارد بـوو، لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەبـرێتەوە و لە ژێـر تیشکی ئەم گۆڕانکارییانەدا کێشەی کورد لە وڵاتانی ئێران، تورکیە و سووریە پێدەنێتە قوناخێکی دیکە لە ژیانی خۆیان و هەر لەو کاتە دا ئەو وڵاتـانە کە کوردستانیان بە سـەر دا دابەشـکراوە، جێگـە، ڕۆڵ و گرینگی ئەوان لە سیاسەتی ناوچەیدا تووشی ئاڵوگۆڕ هاتووە.

**ئێران**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران کە یەکێک لە هاوپەیمانە گرینگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا بوو

له ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێگا بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکا و بەو چەشنە پاش حەفتا ساڵ دزەکردنی بیر و ئەندێشە و تێگەیشتن و سیاسەتی رۆژئاوا کە لە شۆڕشی مەشرووتەوە دەستی پێکـــرد و لە بەرزەفەری مودێرنخــــۆازانەیکی ســــەرکوتکەرانەی ناسیونالیزمی فارسی محەمـەد رزاشـا دا ڕەنگـی دایەوە بە ڕێگـای شۆڕشیک کە بەزووی جڵەوکەی کەوتە دەست ئایەتووڵڵا خومـەینی ڕێبەری ئایینی و سیاسی کۆماری ئیسلامی، بەربەستکرا. حکوومەتی تازە لە تاران هەر زۆر زوو لە سیاسەتی ڕۆژئاواییەکاندا چۆ دەخانەی گۆمان و بەرەبەرە قەیرانیکی سیاسی، ئابووری و نیزامی و دیپلۆماسی قـووڵ بە هێرشـبردنە سـەر باڵوێزخـانەی ئامریکـا لە نێـوان ئێـران و ڕۆژئاوا بە گشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە تـایبەتی دەست پێدەکا. ئێران لە گەمەی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوا زۆر زیرکانە لە کارتی شەڕی سارد کەڵک وەردگرێ و لە دروشمی( نە شـەرقی نە غەربـی، کۆمـاری ئیسـلامی) هەر دووک لایەنـی شـەڕی سـارد دڵنیادەکـا کە ئێـران نـابێتە ناوەنـدی نفـووزیی لایەنێـک بە دژی ئەویتـرو بەرەبەرە نیزامیکـــی کۆمــاری و ئیســـلامی دادەمـــەزرێنیت، کە لە جیهـــانی ئیسلامدا بە گشتی و شیعەکاندا بە تـایبەتی پرستیژییێکی ئیسـلامی دژ بە ڕۆژئاوایی وەدست دەهێنێت و دەسەڵات و نفـووزی سیاسـی و مەعنوی ئێران لە سنوورەکانی خۆی سنووردار ناکا و ڕەق و بێزاری پنگخۆاردووەکـانی ڕەوتە ئیسـلامییەکان لە دژی ڕۆژئاواییەکـان و بە تایبەتی لە دژی ئەمریکا بەهێز دەکا. ڕۆژئاواییەکان ئێستا کە دەزانن ئێـڕان هەروا بە سـانای نـاکەوێتە ژێـرِ چتـری یەکیـەتی سـۆڤێیەت،

دەکەونە جموجۆڵی لاوازکردنی ئێران و هێرشی ئێڕاق بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا هەلیکی باش دەرەخسینێ تا ڕۆژئاوا بە یارمەتی دانـی نیزامـی و ئـابووری ئێـراق، کۆمـاری ئیسـلامی وەک نـوێنەری ئیسلامی سیاسی بخاتە تەنگانەوە. ئێرانی شـەکەت و لاواز لە شـەڕی ٨ســـاڵە لە گەڵ ئێـــڕاق، هەوڵـــدەدا کە بەرەبەرە لەبەرزەفـــڕیە ئیسـلامییەکانی کەم کـاتەوە و دەکەوێـتە هەوڵ بـۆ ئاسـایکردنەوەی پێوەنـدییەکانی لە گەڵ ڕۆژئـاوا. بەدوای مەرگـی ئـایەتووڵلا خـومەێنی دا، ڕەفسـنجانی وەک سـەرکۆماری ئێـران، لەو ئەرکەدا تـا ڕادەیەک سـەرکەوتوو دەبێـت. ئامریکـا و ئێـران لە سـەردەمی سـەرکۆماری کلینتـون و سـەرکۆماری خاتەمیـدا دەکەونە چـاوبڕکی دیپلۆماسـی بـۆ ئاســایکردنەوەی پێوەنــدییەکانیان و بە پــێ بیروەریەکــانی خــاتوو البرایت وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە نیـوان ساڵەکانی ١٩٩٧-٢٠٠١ ئێڕان ئامادە بوو بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی هاوکاری ئامریکاییەکان بکـا لە شــەڕ لە دژی دەســەڵاتی تاڵیبــان لە ئەفغانســتان. بە هــاتنە سەرکاری ئێدارەی بوشی کوڕ لە ساڵی ٢٠٠١ دا بە دوای کارساتی ١١ ســێپتامبر و ڕاگەیانــدنی بڕیــاری شـــەڕ لە دژی تاڵیبانـــدا لە ئوکتوبەری ئەو ساڵەدا ئێـران دەخـرێتە مێحـوەری شـەرارەت، و بەوە تاوانبـار دەکرێـت کە خـەریکی بەدەسـت هێنـانی چەکـی ئەتـۆمییە، و وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەست نیشـان دەکــری. کۆمــاری ئیســلامی کە بە هــۆی شــەڕ لەگەڵ ئێــڕاق و گەمــارۆی ئــابووریی و سیاسـییەکانەوە تاقـەتی لێبڕابـوو، بـە هـۆی هێنـدیک سیاسـەتی هەڵـەی ڕۆژئاواییـەکان لـە ناوچـە دا تاقـەتی

هاتەوەبەر.وەک شەڕی ئامریکاییەکان لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ وشەڕی ئێراق لە ٢٠٠٣ دا  کە لە کردەوەدا بە مانای لە بێن بردنی دوو دووژمنی سەرەکەی کۆماری ئیسلامی و لابردنی لەمپەرکانی نفوزی سیاسی ئێران لە ناوچەدا بوون. بەتایبەتی ڕووخانی سەدام بە مانای گەڕانەوەی دژبەرانی شیعەی ئێراقی لە ئێرانەوە بۆ بەدەستەوگرتنی دەسەڵات لە ئێڕاق دا بوو. هەروەها شەڕی ناوخۆی سووریەش لە ساڵی ٢٠١١ دا بە ئاشکرا ئەو مەودایەی دەستەبەر کرد بۆ ئێران کە لە سەر داوای  ڕەسمی ریژیمی بەشار ئەسەد، بوونی خۆی لە سووریە سەقامگێر بکا. بەو چەشنە نفوزی سیاسی ئێران ژێرخانێکی جوغرافیایەشی پێەوە زیاد بوو کە بە هۆی شیعەکانی لوبنان تا سنوورەکانی ئیسرائیل بڕ دەکا. بە هۆی پەلوپووگرتنی نفووزی سیاسی ئێران لە ناوچەکەدا و قەیرانی ئابووری و ماڵی ڕۆژئاوا، ئێرانییەکان توانیان لە ساڵی ٢٠١٣ بەولاوە دەرگای داخراوی ڕۆژئاوا بە سەر خۆیاندا لە ڕێگای وتوویژ لە سەر بەرنامەی ناوەکی ئێران بکەنەوە و بەوچەشنە گەلەکۆمەگییەکی نێودەوڵەتی کە لە سەر ئێران سازکرابوو لەبەر یەک بەترازێنن و سەرجەم گەمارۆکانی ئابووری، سیاسیی و ماڵی لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی، کە ئێرانی تووشی قەیرانێکی سەرسوورهێنەرکردبوو، لابەرن. ئێران لە ژێر سایەی تێک شکانی ستراتیژی ئامریکا بۆ دەستەبەرکردنی نەزمی نوێ جیهانی لە ڕاستیدا هەتا دێت وەک هێزیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی نیشان دەدا و کار گەیشتوتە جێگایەک کە سیاستمەداریەکی کۆنەکاری وەک هێنری

کسنجیر پێوایە کە ئێران بەرو ئیمپراتۆری بوون هەنگاو دەنێ. ئەو بۆچوونەی کسنجیر هەرچەند لە ڕاستی بەدووره و زۆرتر بۆ چاوترسینکردن و دڕدۆنگکردنی هەرچی زیاتری دژبەرانی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە،زیاتر دەرخەری ئەوەیە کە نابێ لە سیاسەتی نێوەدەوڵەتیدا ئێران وەبەرچاو نەگیرێ.

**ئێراق**

ساڵەکانی ۱۹۲۰ ئێراق وەک یەکێک لە ناوچەکانی پاشماوەی ئێمپراتۆری عوسمانی دەکەوێتە ژێر منداتی بریتانیاوە و لە ساڵی ۱۹۳۲ دەوڵەتی سەلتەنەتی ئێڕاق بە زاڵبوونی عەرەبە سوننییەکان بە سەر دەسەڵاتدارەتی ئێراق دا سەربەخۆی خۆی ڕادەگەیێنێت. لە ساڵی ۱۹۳۶ هەتا ۱۹۴۱ چەندین کودەتا لە ئێراق دا دێتە کایەوە و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوور و درێژ دێتە ئاراوە. لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەوڵەتی ئێراق بەکردەوە لایەنگری لە نازیسم دەکا. لە ساڵی ۱۹۴۱ بریتانیایەکان بە هاوکاری ئاسوری و کوردەکان ئەو ڕێژیمە لا دەبن و سەرئەنجام ئێڕاق دەبێتە پێگەیەکی نفووزی ئینگلیسییەکان بۆ سەر ئێڕان. بەدوای کۆتایی شەڕ دا بەرەبەرە نفووزی یەکیەتی سوڤییەت لە ئێراق دا پەرەدەستێنێت و لە ساڵی ۱۹۵۸ لە ڕێگای کودەتایەکەوە کە لە لایەن ژنرال عەبدولکەریم قاسم بەڕێوەچوو و وەک شۆڕشی ۱۴ی تەمووز ناسراوە تاج و تەختی سەلتەنەتی تێکەو دەپێچرێت و بە ئیلهام وەگرتن لە جەماڵ عەبدولناسر دەوڵەتێکی کۆماری لە ئێراق دا

دەمەزرێت کە سیاسەتی دژی ئیمپریالیستی و دژی سەڵتەنەتی کە خـــاوەن تایبەتمەنـــدیگەلێکی سوسیالیســـتی و ناسیونالیســـتی بوو،بەڕێوەدەبرد. لە ساڵی ١٩٦٣ لە کودەتایەکدا عەبدولکەریم قاسم لە دەسەڵات دەکەوەی وکلۆنیل عەبدولسلام عارف دێتە سەرکار. پاش ماوەیەکی کورت، لە ساڵی ١٩٦٨ حیزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەبی ئێراق لە کودەتایەکدا بۆ یەکەم جار دسەڵاتی ئێڕاق بەدەستەوە دەگرێت. ڕەوتێک سیاسی کە تێکهەڵکێشێک بوو لە ناسیونالیزمی عەرەبی و سوسیالیزم. ئەو رەوتە سیاسییە هەتا کۆتایی ڕێژیمی بەعسی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا دەسەڵاتی سیاسی ئێڕاق بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەولاوە سەدام حوسێن سەرکۆماری ئێراق ڕێبەرایەتی دەکرد. هەروەک دەبینین سەقامگێری سیاسی لە ئێڕاق، پـــاش عوســـمانییەکان لەرزۆک و مێژوویەکـــی پـــڕ لە کارەســـاتی سەرکوت و زەبروزەنگی هەبووە. ئەو وڵاتە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٥٣ هەتا تێکڕووخانی بلۆکی ڕۆژئاوا تا ڕادەیەکی بەرچاو،بیاڤی نفووزیی سیاسەتەکانی یەکیەتی سۆڤێیەت بوو. هەرچەند لە شەڕی ئێران و ئێراق دا ڕۆژئاوا بۆ بەرنگاربوونەوە لە هەمبەر ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی لە باری سیاسی و نیزامییەوە پشتیوانی ڕژیم بەعسی ئێراق بوو. بەدوای ڕووخانی ریژیمی سەدام، ئامریکاییەکان لە مەیدانی سیاسەتی ئێراقدا ڕۆڵی سەرەکییان کایە کردەوە. هەرچەند ئامریکاییەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ بەلاوە هێزکانی خۆیان لە ئێراق کشاندەوە، بەڵام نفووزی ئامریکاییەکـان لە ســەر عیراقییەکـان بە تەواویـی نەڕەویەوە و لە

دوڵەتـی فیـدرالی ئیراقـدا چ لە نێـو کوردەکـان و چ لە نێـو عەرەبە سـوننییەکان دا خـاوەنی نفـووزیەکی دیـاریکراوە. جیـا لەوانە ئامریکاییەکـان ئێسـتا لەگەڵ حکـوومەتی ناوەنـدی ئێـراق لە دژی داعـش لە شـەڕ دان، لە سـەر یەکیـەتی خـاکی ئێراقێکـی فیـدرال پێداگرێدەکەن.

**تورکیا**

دەوڵەتی تورکیا بەرهەمی سیاسەتێکی دیکتەکراوەی کۆلۆنیالیستی و لێک بڵاوبوونی ئیمپراتوری عوسمانی، لە سـەر بنەمـای تێگەیشـتنێک، کە هەڵقـوڵاو لە هـزر، فـەلسـەفە و تێگەیشـتنی ڕۆژئـاوای لە سـەر کۆمەڵگـا، دەوڵەت و مـرۆڤ و لە ژێـر نـاوەی بەڕۆاڵـەت بیـرۆکەی کەمـالیزم وەک یەکـانێکی سیاسـی، کولتـوری و کۆمەڵگـای سێکولار دامەزرا. ڕێبەرانـی ناسیونالیسـت و سـێکولاری تـازە بە دەسـەڵات گەیشتوو بە دوای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیا بە بێ لە بەرچاوگرتنی شـەرت و مەرجەکـانی کـۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئـابووری و کولتـوری کۆمەڵگا، دەستدەنە ئاڵۆگۆرگەلێکی ڕادیکاڵی لە کۆمەڵگای تورکیا و هەر هێـز و لایەنێـک لەهەمـبەر ئەو هەوڵـی ئـەوان بەرنگـاری بکـا، مەحکووم بە نەمان بوو. لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا تورکیا وەک شـەری یەکەم، لایەنـی دۆڕاوی شـەر واتـا ئاڵمـان دەگـرێ، بەڵام لە کۆتـایی شـەر دا دەگەڵ هاوپەیمانـان دەکەوی. تورکەکـان بە هـۆی دراوسێیەتی لەگەڵ یەکیەتی سوڤییەت بە خێرایی سەرنجی جیهانی ڕۆژئاوا بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و لەسەرەتای شەری ساردا وەک

هاوپەیمانێکی گرینگ لە سیاسەتی ڕۆژئاوا دا جێگای خۆی دەکاتەوە. بەم شـــێوەیە تورکیـــا دەبێـــتە دیـــوارێکی بڵینـــد بە مەبەســـتی بەرپەرچـــدانەوەی دەســـەلات و کـــارتێکردنی سیاســـەتی یەکیـــەتی سۆڤیێەت. هەر لەو پێوەنـدیەدا ساڵی ١٩٥٢ تورکیـا وەک ئەنـدامی ناتو وردەگیری و لە کردەوەدا دەکەوێتە بلۆکی ڕۆژئاوایـەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٩٦٠ بەولاوە هەوڵەکان بو بوون بە ئەندامی یەکیەتی ئورووپا دەست پێدەکا و لە ١٩٨٧دا تورکیا دەچێتە لیستی ئەم وڵاتانەوە کە کاندیـدا دەکرین بۆ چـوونە نێـو یەکیـەتی ئورووپا. لەگەڵ کەمڕەنـگ بـوونەوەی شـەری سارد و زەقبـوونەوەی ئیسلامی سیاسـی لە ئێـران و پەرەسـەندنی لە جیهـانی ئیسـلامدا لە لایەک و هەروەها وفـادار مانـاوەی ڕێبەرایەتـی سیاسـی ئەو وڵاتە بە ئەرزش و بایەخەکانی ڕۆژئـاوا، گرینگـی خـۆی وەک هاوپەیمانێـک گرینـگ بـۆ ڕۆژئـاوا دووپات دەکاتەوە، بەڵام پاش ٤٥ ساڵ وتـووێژ بـۆ بـاس لە ســەر شــەرت و مەرجەکــانی بە ئەنــدامبوونی تورکیــا لە یەکیــەتی ئورووپــا، لە ســاڵی ٢٠٠٥ دەســت پێــدەکا. ســەرەڕای ســەرکەوتنی ڕۆاڵەتی کەمالیزم و قەول و بەڵێنییەکانی ڕۆژئاوا بۆ مـانەوەی تورکیا لە بەرەی ڕۆژئــاوا دا، ئیســـلامی سیاســـی کە لە ســـاڵەکانی ١٩٥٠ بەولاوە وردە وردە خۆ لە بازنەی سەرکوت و نکۆڵی کەمـالیزم درباز کرد بوو، لە سەرەتای سەدەی ٢١ دا ئەو جووڵانەوەی بە ڕێبەرایەتی پـارتی (داد و گەشـە) هەم لە ڕادەی دەســەڵاتی سیاسـیدا و هەم لە ڕادەی کـۆمەڵایەتی دا بە پشـتیوانی جەمـاوەرێکی زۆر دەسـەڵات بەدەستەوە دەگرێت. ئەو جووڵانەوەی بە ئیلهام وەرگـرتن لە میراتـی

کولتـوری زیـاتر لە ٥٠٠ سـاڵەی دەسـەڵاتدارتی عوسـمانییەکان، هەوڵدەدا وەک نموونەیەکی مودێرن لە وڵاتێکی ئیسلامی کە خاوەنی بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی مودێرنە خۆی نیشان بدا. ڕێبەرانـی موسـلمانی تـورکیە هەوڵـدەدەن کە بەکەڵـک وەگـرتن لە میراتـی عوسـمانییەکان هانـدەریەک و سـەرچاوەیەکی ئیلهـام بـن بـۆ ئەوە کە لـە لایەکـەوە جـووڵانەوە ئیسـلامی و ناسیونالیسـتەکان و لە لایەکی دیکـەوە وڵاتە داخـراو و ئۆتۆکراتیکەکانی ئیسلامی بەشوێن تورکیـا ئیسـلامی کەوەن. بە سـەرهەڵدانەوەی بەهێـزی ئیسـلامی سیاسی لە تورکیا، یەکیەتی ئورووپا بیانووی گرینگی بەدەستەوەیە کە ڕەوتی بە ئەنـدامبوونی تورکیـا نەتەنیـا ودوا بەخـا، بـەڵکوو شانسـی بە ئەندامبوونی تورکیا بەدوای کودەتا بێ ئاکامەکەی ساڵی ٢٠١٦ دا، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە کزیـدایە. تورکیـای ئەردۆغـان بە پـێچەوانەی سـەردەمی سێکولارەکان نەتەنیـا مەل نـادا بە شـەرت و مەرجەکـانی ئورووپا، بەڵکوو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئورووپا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبـێ و ئەو دوو لایەنە لێـک دوور دەبـنەوە. ئـالۆزی و دڕدۆنگـی لە پیوەندی لە گەڵ وڵاتانی ئەندامی ناتو و بە تایبەتی ئامریکاییەکانیش وەک هاوپەیمـانێکی سـتراتیژیک لە پەرەسـەندن دایە. هۆکـارە سـەرکییەکانی ئەو دڕدۆنگـی و ئـاڵۆزیە لە لایەکەوە پیوەنـدیەکی ڕاسـتەوخۆی هەیە بە نەمـانی مەترسـی کۆمـۆنیزم. سـەرهەڵدانی ئیسـلامی سیاسـی و کەمرەنـگ بـوونەوەی گرینگـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست لە ستراتیژی ئامریکاییەکانـدا لە گرینگی تورکەکانی کەم کردووتەوە. تورکەکان لە ساڵی ٢٠١٦ بەلاوە لە شەڕ و ناکۆکییەکانی

سووریە دا هەر دێ لەبەرەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی دادەبڕی و بەرەوە بەرەی روسیە و ئێران دەڕوا.تورکەکانیش وەک ئێرانییەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە سەردەمی هێژمونی هزری و سیاسی و کولتوری ڕۆژئاوا بەسەر چووە و کاتی ئەوە هاتووە کە ڕۆژئاوا ناوچەکە بە جێی بێڵێت.

**سوریە**

دەوڵەتی سووریا بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەکەوێتە ژێر رکێفی فەرانسە. لە ساڵی ١٩٤٦ ئەو وڵاتە سەربەخۆی خۆی رادەگەینی. لە پاش شەری دووهەمی جیهانی دا ناسیونالیزم و پان عەرەبیسم شان بە شان جیهانبینی سوسیالیستی لە هێندک لە وڵاتانی عەرەبی و یەک لەوان سووریا گەشە دەکا و هەوڵدەدرا کە یەکیەتی عەرەبی پێک بێت. سووریا لەگەڵ میسر بە ڕێبەرایەتی جەماڵ عەبدولناسر وەک پێشەنگی ئەو بیرە، یەکیەتی عەرەبی پێک دێنن. ئەم زەماوەند هێندە ناخایەنێت و لە ساڵی ١٩٦٠دا سووریا لەو یەکیەتییە ماڵاوایی دەکا. لە ساڵی ١٩٧٠دا حافز ئەسەد لە رێی کودەتاوە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و پرۆسەی سەقامگیر بوونی ڕێژیمێکی ئۆتوریتر لە سەر فەلسەفەی زەخت و زۆر و سەرکوت دامەزراو و کۆمەڵگایەکی داخراوی سیاسی و سیستمێکی پۆلیسی پێکدێ. سوسیالیزمی بەڕواڵەت عەرەبی وەک ئامرازێکی پێوەلکاوی ئیدیۆلۆژیک لە سووریە وەک بەشێکی تر لە وڵاتانی عەرەبی بە لای زۆریدا سەرکەوتنێکی ئەوتو وەدەس ناهێنێ و لە دەستپێکی ساڵانی

١٩٨٠ بەولاوە ئیسلامی دەبووژێتەوە و دەوڵەتی ناوەندی بەتووندی بەرنگاری دەبێتەوە و سەرکوتی دەکا. لەگەڵ هەرەسهێنانی نەزمی دوو جەمسەری سووریا گرینگترین و بەهێزترین پشتیوانی خۆی کە سۆڤیەت بوو، لە دەسدەدا و هەوڵدەدا کە پێوەندی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئورووپا بەهێز بکا. سووریە بۆ ئەوە کە رەزامەندی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەدەس بەهێنی لە شەری رزگاری سووریە دەچێتە ژێر چەتر ئامریکاییەکان. بەڵام ئەو وڵاتە لە شەڕی دژە تێرۆری ئەمریکا بە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ەوە لە سیاسەتی ئەمریکا دا دەچێتە مێحوەری شەرارەتەوە و وەک مەترسی و هەڕەشەیەک بۆ نەزم و ئاشتی جیهانی چاوی لێدەکرێ. سووریە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نزیکترین هەوپەیمانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان بوو، ئێستا بەکردەوە چارەنووسی بە چارەنووسی ئێرانەوە گرێدراوە، چوونکە ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە مێحوەری شەرارەتدایە.نارەزایەتییە مەدەنی و دوور لە توونـدوتیژییەکانی کە لە ساڵی ٢٠١٠ بەولاوە لە چەند وڵاتی عەرەبیدا هاتبوونە ئاراوە و وەک "بەهاری عەرەبی" نێوبانگی دەرکردبوو، لە ساڵی ٢٠١١ دا خۆی گەیاندە سووریەش کە لەگەڵ سەرکوت زەبروزنگی هێزە نێزامییەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد بەرەوڕوو بووە. لە ماوەیەکی کورتخایەنداشەڕێکی خوێناوی و ماڵوێرانکەری نێوخۆی لە نێوان دەوڵەتی بەشار ئەسەد و بەرهەڵەستکاران و هێزە چەکدارەکانی داعش لێکەوتەوە. شەڕێکی نێوخۆی کە سووریەی کردە مەیدانی

ڕمبازین و پێکدادانی بەرژەوەندی ستراتیژییەکانی ڕۆژئاوا، روسیە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هەر لەسەرەتایی سەرهەڵدانەکان لە سووریەدا، ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا، وڵاتانی کومکاری عەرەبی، بەتایبەتی عەرەبستان، قەتەر، و ئیمارت و هەروەها تورکیە لە لایەک و چین، ڕووسیە و ئێران لە لایەکی دیکەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەو سەرهەڵدانەیان گرێدا بە قازانج و بەرژەوەندیە ناوچەیی و جیهانییەکانی خۆیان. ڕۆژئاوا زۆر بە ڕاشکاویی کەوتە کۆکردنەوەی هێز و لایەنەکانی ئوپۆزیسیونی سووریی و کومکاری عەرەبیش هاودەنگ لە گەڵ ڕۆژئاوا و تورکیە کەوتنە هەوڵدان کە جڵەویی ئەو جووڵانەوەیە بەخەنە دەست لە پێناویی گەیشتن بە کار و بەرنامە سیاسییەکانی خۆیاندا. چین و ڕووسیەش بە نۆبەی خۆیان، هەر لە سەرەتاوە بە دڕدۆنگییەوە سیاسەت و بەرنامەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبییان خستبووە ژێر چاودێریەوە و حازر نەبوون، هەروا بە سانایی پشت لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بکەن. سەرئەنجام ئێرانیش بە نۆبەی خۆی هەر لە سەرەتای ئەو سەرهەڵدانەوە، ڕاشکاوانە پشتگیریی خۆی لە ڕێژیمی ئەسەد ڕاگەیاند. بەو شێوەیە هەموو ئەو لایەنە ناوچەیی و جیهانییانە هەر لایەک بە خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی و لە سەربنەمای قازانج و بەرژەوەندیی دیاریکراویی خۆیان، چوونە دە نێو کێشەی سووریەوە.پاش تێپەڕین ٦ سال بە سەر شەڕی نێوخۆی سووریە چ بەرهەڵستکارانی ئەسەد بە پشتیوانی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و چ توندڕەوە ئیسلامییەکانی

وەک داعش لە پێکانی مەبەست کە بریتی بوو لە ڕووخانی ڕژێم ئەسەدا سەرکەوتوو نەبوون. کێشەیەک کە ژێر خانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوریی ئەو وڵاتەی رووخاندووە و زیاتر لە ٥٠٠ هەزار قوربانی لێکەوتووتەوە. بەڵام کۆتایی شەڕی سوریە ڕەنگە یەکەم هەنگاوەی بنەڕەتی بێ بۆ نەزمیکی کە لە داهاتوو دا لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەبێ بێتە کایەوە.

### کێشەی کورد پاش کۆتایی شەڕی سارد

هەروەک شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە مودێرنەکان، سەرەتای دابەشکردن و ڕۆژگاریکی پڕ لە کارەسات، چەوسانەوە و سەرکوتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو، کۆتایی شەڕی ساردیش نوختەگۆرانێکی گرینگ بوو بۆ بزوتنەی نەتەوەیی کورد لە پێناوی ئازادییدا. سەرەڕای ئەویکە کوردستان بە درێژایی سەدەی بیستم لە چوار بەشی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە بەرخۆدان و ڕاپەڕین دا بوو، لە شەڕی دووهەمی کەنداو بەولاوە کورد هەتا دێ هێدی هێدی دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان دا زیاتر دەچەسپێنن کە هاوپشتێکی جیدیی نێونەتەوەیشی بەدواوە بووە.

لە ئاگۆستی ساڵی ١٩٩٠ دا ڕێژیمی سەددام بە هێرشێیکی نیزامی وڵاتی کویت داگیر دەکا. ئەو دەستدرێژیە لە لایەن سیاسەتی نێودەڵەتی دا بێ وڵام نامێنێتەوە و لە ١٧ ژانویەی ١٩٩١ لە ماوەی نزیک بە ٧ حەوتوودا ئیتلافێکی نێودەوڵەتی بە ڕێبەرایەتی ئامریکا

لە شـــەڕیەکی کورتخایەنـــدا هێزکـــانی ئێراقیـــان تێـــک شـــکاند و وڵاتیکویت ڕزگار بوو. ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان و باشووری ئێڕاق لە مانگەکانی مارس و ئاوریلی ئەو ساڵەدا  لەگەڵ سەرکوتی دەڕندانەی هێزکانی ڕێژیمی بـەعس بەرەوڕوو دەبنەوە. سەرئەنجام دەبێتە هـۆی ئەوە کە لە ٥ ئاوریلدا شووڕای ئاسایشی ڕێکخـراوەی نەتەوە یەکگرتووەکـــان، بڕیارنـــامەی ٦٨٨ پەســـند بکـــا. لەو بڕیارنامەیەدا ڕێگا بۆ بەرنگاربوونە لەگەڵ ئەو مەترسی و هەرەشـە و ئەو هەلومەرجـانە کە ماڤەکـانی مـرۆڤ لە ئێـڕاق دا پێشـێل دەکەن، خۆش کرا. هەر بە پێی ئەو بڕیارنامەیە ئامریکاییـەکان بـە هاوکاری بریتانیـا و تورکیـە هێلێکـی ئاسـمانی نیزامییـان وەک چتریـەک بـۆ پاریزگـاری لـە کوردەکـانی باشـووری کوردسـتان لـە سـالی ١٩٩١ دروســت کــرد.ئــەو چتــرە ڕێگــا خۆشــکەر بــوو بــۆ دروســتکردنی حکوومـەتیکی هـەرێمی بۆ کوردەکانی باشـوور.هێـزە کوردییەکـان بـۆ یەکەمجـار پـاش خەبـاتێکی خوێنـاوی و پـڕ لە کارەسـات لـە سـالی ١٩٩٢ دا هـەلبژاردنیکی دێموکراتیکیـان بۆ بـەرێوبردەنی ناوچـەکانی ژێــر دەســەڵاتیان ســازدا و بەو چەشــنە دەســەڵاتداریەکی کــوردی دامەزرێنن کە سەرنجی دونیایی دەرەوە بەگشتیبە شیوەیەکی ئەرێنی بۆ لای خۆیان رابکێشن. زۆرێ نەخاياند شەڕیکی نێوخـۆی لـە نێـوان یەکیــەتی نیشــتمانی کوردســتان و پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان خــەریک بــوو تەواویــی ئەو دەســکەوتە نەتەوەیــی و ئەو پرســتیژە نێــودەوڵەتییە لە گرێــژنە بەرێــت. شــەڕیک کە بوبــە جیگــای سەرسوڕمانی هـەمووئەو لایەنانـە کـە بـە پەرۆشـەوە دەیـان ڕوانییـە

کیشەی کورد و متمانەی لایەنەکانی دوستی لە هەمبەر کوردەکان کەمرِەنگ کردەوە. ئەو شەرِە بێ ئاکامە کە بوو بە کەلێنێکی گەورە لە کۆمەڵگای کوردستان. سەرئەنجام بە هۆی بێدرەتانی لایەنەکانی شەرِ لە پێکانی ئەمانجەکانی خۆیان و بە هۆی گوشار و هەوڵ و تەقلای رِۆژئاواییەکان بە تایبەتی ولاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا کە ناوچەی کوردستان گرینگییەکی تایبەتی بۆ ئەوان تیدا بوو، کۆتایی پێهات. بەڵام ئاسەوارە نالەبارەکانی ئەو شەرِە چ لە رِادەی نێوخۆی و چ لە رِادەی نێودەوڵەتیدا حکوومەتی کوردەکانی لاواز کرد.

سەرەرِای ئەو هەلومەرجە نالەبارە،هێرشی نیزامی ئامریکا و هاوپەیمانانبۆ ئیراق لە سالی ٢٠٠٣دا و رووخانی سەدام، بۆ جاریکتر کوردەکانی لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دا زیندوکردەوە و توانیان جێی پێییان لە هەمبەر حکوومەتی ناوەندیی ئیراقداقایمتر بکەن. هاوکاری چالاکانە و بەرچاوی کوردەکان لە گەڵ رِۆژئاواییەکان لە شەرِی رِووخانی رِێژیمی بەعس دا بێ وڵام نەمایەوە و ئەگەر بەدوای شەرِی کەنداو دا لە ساڵی ١٩٩٢ کوردەکان لە باشوور توانیان بەشێک لە خاکی خۆیان بەدەستەوبگرن و دەسەڵاتێکی هەرێمی دامەزرینن، ساڵی ٢٠٠٥ پاش دوو ساڵ بە دوای تێکرووخانی رێژیمی سەدام، یاسای بنەرِەتی نوێ ئێراق کە لە سەربنەمایەکی فیدرالی گەڵاڵە کراوە، نەتەنیا حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە فەرمی قەبوولکرد، بەڵکوو دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم بە شێوەیەکی بەرچاو بە هێزکرا و مەودای ئەوی بۆ رِەخسا کە لە هەوڵی ئەوە دابێت کە نموونەیەکی باش لە مودێلکی

دیموکراتیک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی نیشان بدا. ئەو مــودێلە دیمــوکراتیکە کە ســەرکەوتنی بســتراوەتەوە بە شــێوازی بەڕێوبــەرییکی کــارامە، ســەقامگیرییکی درێژخــایەنی سیاســی، و پتوکردنی هەرچی زیاتریی ژێرخانی کومەڵایەتی، ئابووری و سیاسی هەرێم گرێدراوە.

سـەرڕای ئەو تێبنیـانە لە سـەر حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان و دۆزی کـورد لە باشـوور دوو ڕووداویتـریش، یـانی شـەڕی نێوخـۆی سووریە و بەشـداری چالاکانـەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لە شـەڕ لە گەڵ داعشـدا، پرسـی کـوردانی لە ڕۆژهەڵاتـی نێوراسـت بـۆ جاریکیتر بردە نێو رۆژەڤی سیاسـەتی نێـودەوڵەتی. تا ئەو جێگـایە کە دەگەرێتەوە سەر باشووری کوردستان بەشداری هێزی پێشمەرگە لە شـەڕ لە دژی داعشـدا لە لایەن کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بە گشـتی و وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئامریکـا بەرز نرخێنـدرا و بەدانـی کەرەسـە و ئامراز نیزامی و ناردنی کارناسـان بـۆ ڕاهێنـانی هێـزی پێشـمەرگە، بە پێشــۆازی کوردەکانــەوە هــاتن. هەروەهــا کاربەڕێوبرانی‌ــدەوڵەتی و ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوا بە بڵاوکردنەوەی وتار، ڕاپۆڕت و فیلم بە ســەرنجێکی تــایبەتییەوە بــاس لە ئــازایەتی و کــارامەی هێــزی پێشــمەرگە، ڕۆژانە هــاتە ئــاراوە. گیرۆدەبــوونەوەی حکوومەتەکــانی ناوەندی ئێراق و سووریە لە شـەڕە نێوخۆییەکانـدا لە دژی داعـش و دژبەرکانیتریاندا، و ناکارمەی و لاوازی هێزی نیزامی ئەوان، هەلێکی مەزنــی بــۆ هێــزی پێشــمەرگە رەخســاند کە نــاوچە دابڕاوەکــانی کوردســـتان وەک کرکــوک و ناوچەکــانی دەوروبەری بەتەواویـــ

بەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و مەودای دەسەڵاتی کوردی بەرینتر بێتەوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دایە کە باسی ڕیفراندۆم دەبێتە ڕۆژەڤی سیاسی کوردستانەوە.

## ڕیفراندۆمی کوردستان هەلومەرجی نێوخۆیباشووری کوردستان

لە کاتێکدا کوردەکان لە عێراق و سووریە لە بێ دەستەوستانی و لاوازیی دەسەڵاتەکانی ناوەندیی ئەو دوو وڵاتە تا ڕادیەکی بەرچاو کەڵکی پێویستیان وەرگرتووە، هیوادار بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆیکوردی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە بیر و ڕای گشتی کۆمەڵگای کوردواریدا ڕوو لە بەهێز بوونە. سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە باشوور و هێزکانی کوردیی لە ڕۆژئاوای کوردستان، گرتنەوەی کرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، بەرزنرخاندنی ڕۆڵ و فیداکاری نیزامی کوردەکان چ لە ناوەندە سیاسییەکان و چ لە بیر و ڕای گشتی ڕۆژئاواییەکاندا و هەروەها هاوکاری کوردەکان لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان بە گشتی و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا، بە تایبەتی لە شەڕ لە دژی داعشدا بە پشت بەستن بە مێژوویەکی پڕ لە کارەساتی ڕابردووی کوردەکان لە سەد ساڵی ڕابردوو دا بە بێ گۆمان دەتوانن هەر کام لە جێی خۆیدا هاندەریەک بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. هەر بۆیە ڕاگەیاندنی بەڕێوبردنی ریفراندۆم لە باشوور بۆ سەربەخۆی هەر بەو هۆکارانە کە لە سەرەوە باسکران دەکرێ وەک هەوڵێکی ڕەوا و گونجاو چاوی لێبکرێ و بە دڵنیایەوە پشتیوانی زۆربەی هەر زۆری خەڵکی کوردستان دەتوانێت بەدەست

بەهێنێ. لە دنیای ئاڵۆز و پڕ لە گێروکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا و هەروەها ئـاڵۆزی پێوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان و نەبـوونی ئاسـۆیەکی ڕوون لە دارِشـتنەوەی نەزمێـک کە بەتـوانی لە خـزمەت ئاشـتی و ئاسایەشی گشتی لە دنیـا دا و لە ڕۆژهەڵاتـی نێوڕاسـت دا بێ، هەر هەنگـاو و بڕیـاریەکی چـارەنووس سـازی وەک ڕیفرانـدۆمی باشـوور چەند قات دەژوارتر دەکا. هەر بۆیە لەو بەشەدا هەوڵدەدرێ لە ژێـر تیشــکی لێکــدانەوەی پێوەنــدیە نێودەوڵەتییەکــان و ڕۆڵ و جێگــای لایەنەکـانی پێوەندیـدار بە کێشـەی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، هەڵویستی سیاسی ئەو هێز و لایەنانە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە کێشە کوردەوە گرێدراوەن لە مەڕ پرسی ریفراندم تـاوتوی بکـرێ و بە وردی گلبــدرێنەوە. بڕیــاری ڕیفرانــدۆم، لە ســێ ئاســتدا لە گەڵ هەڵوێستی سیاسی بەرەو ڕوو بۆتەوە. یەکەم ئاستی نێوخۆی، دووهەم ئاستی نـاوچەی و سێهەم ئاستی جیهانی. لە سـەرەتای ئەو باسـە دا هەوڵدەدرێ کە بە وەردی هەلومەرجی نێوخۆی باشووری کوردستان شــێ بکــرێتەوە، و لەو دەلاقەیەوە پاشــان باســەکە دەپــرژێتە ســەر هەڵوێســـتی لایەنە پێوەندیـــدارەکانی نـــاوچەی و جیهـــانی لە ســـەر ڕیفراندۆم.

## بۆاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕادەی نێوخۆیدا

کۆمەڵگای کوردستان لە باشـوور لە بـاری سیاسیەوە لە مەوای ٢٥ ساڵی ڕابردوو تووشی ئاڵوگۆڕی بەرچاو بـووە. ڕیزبنـدییەکانی سیاسـی چ لەبــاری نێــوەڕۆکەوە و چ لە بــاری مــوبیلیزەکردنی کۆمەڵگــا دا

تووشی گۆڕانکاری بووە.سەرجەمی ئەو ڕەوتە سیاسیە کە هەرێمی کوردستان تا ئێرەی هێناوە نێشان دەدا کە کوردستان لە باری سیاسییەوە زیاتر لە جاران تووشی پلۆرالیزمیکی ڕادیکاڵ هاتووە و پشتیوانی بۆ سیاسەت و بەرنامەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەڕێوبەری حکوومەتی هەرێم لە کزی داوە. بۆ نێشاندانی ئەو ڕاستیە پێویستە چاوەیەک لە هەڵویستی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا بکەین. حکوومەتی هەرێم لە سالی ١٩٩٢ لە یەکەم هەلبژاردندا بەسەرکەوتنی بی ئەملا و ئەولای یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. لە سالی ٢٠٠٥ دیسانەوە ئەو دوو هێزە سیاسییە لە ژێر ناوی "لیستی کوردستانی" نزیک بە٩٠% دەنگەکانیان بۆخۆیان ترخانکرد، لە سالی ٢٠٠٩ دا ئەو پشتیوانییە بە ٥٧% دابەزی و لەکەمیدا، کەچی جووڵانەوەی "گۆڕان" نزیک بە ٢٤% دەنگەکانی بەدەست هێنا. لە هەلبژاردەنەکانی سالی ٢٠١٣ گۆران توانی یەکیەتی نیشتمانی وەک دووهەمین هێزی دامەزرینەری هەریم وەپشت خۆی بخا.هەروەها دوو هێزیی ئیسلامی بەناوەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی خاوەنی ١٦ کورسی لە ١١١ کورسی پارلمانن. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە مەیدانی سیاسەتی باشوور دا دەریدەخا کە سازدانی ئیتلافەکان و هەروەها پاراستنیان کارێکی چەتوونە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانە باس و دەمقاڵە لە سەر درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم و داخرانی پارلمانی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٥ دا بوو. ئاکامێکی تریی سیاسی ئەو ئاڵوگۆڕە بریتیە لەو ڕاستیە کە لە

کوردستاندا هیچ لایەنێکی سیاسی بەتەنیا خاوەنی زۆرایەتییەکی رەها نییە و لە هەر پرۆژیەکی سیاسی و نەتەوەیدا پێویستی بەهاودەنگی و پشـتیوانی لایەنەکـانیترە. لەهەلـومەرجێکی ئەوتـۆدا سـەرکەوتن یـا شکستی هەر پرۆژیەک بەستراوەتەوە بە ڕادەی وەفاداریی وئەخلاقی سیاسـی لایەنەکـانەوە کە تـا چ ڕادەیەک لە هەلـومەرجێکی دژوار و ئـالۆز دا خـۆ بە خـاوەنی ئەو پـرۆژیە دەزانـن. پلـۆرالیزمی سیاسـی لە وڵاتێکی سەقامگیر و بەهێـز و بە بـوونی نەهادگەلێکی دیمـوکراتیکی پـتەو و یاسـامەند دا وهەروەهـا لەکولتـوریکی سیاسـی کـراوە کە هاوپشتی، هاودەنگی و یەکتر تەحمولکردن بەسەری دا زاڵە، گەلێـک باش و بەکەڵکە، ئەگینـا دەتـوانێ سـەرەتایەک بێبـۆ ئـاژاوە و هەرج و مەرجـی سیاسـی و پێـک هـاتنی ئیتلافگەلێکـی لەرزۆک و بـێ هێـز. گرژبـوونەوەی بـاس لە سـەر سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان و داخرانـی نەهادێکیـدێموکراتیک وەک پارلمـان ئەویـش لە کاتێکـدا کوردسـتان بەتەمـایە وەک مۆدیلـک لە بەڕێـوەبەری سـەرکوتووانەی دێموکراتیـک لە ڕۆژهەڵاتـی نێوڕاسـت دا خـۆی نێشـان بـدا،دەتوانی تەمـی گومـان و دڕدۆنگـی لە سیاسـەتی کـوردی لە لایەن دوسـتانی کوردەوە بەهێزتر بکا.

بەو حاڵشەوە لە نێوخۆیباشووری کوردستاندا دوو هێـزی سـەرەکی کوردسـتان واتە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکیـەتی نیشـتمانی، پشـتیوانانی سـەرەکی بەڕێوەچـوونی ریفرانـدۆمن کە سـەرجەم نزیـک ٥٠% خەڵکـی کوردسـتان دەنگیـان پێـداوەن. گـۆڕان و کـۆمەڵی ئیسـلامی کە دەتـوانن لە سـەر پشـتیوانی ٣٠%خەڵکـی کوردسـتان

حیساب بکەن دژ بەو ڕیفراندۆمن. باقی لایەنەکانی دیکەش کە وادیارە پشتیوانی ریفراندۆمن یانی ٢٠% خەڵک کوردستان پێک دەهێنن. ئاکامی ئەو حیسابکردەنە یانی ٧٠ لە سەدی خەڵک لە باشووری کوردستان، واتا زۆرایەتی، پشتیوانی لەو بڕیارە دەکەن. بەواتایەکتر ڕەوا بوونی دەرئەنجامی دەنگی "بەڵی" چ لە ڕادەی نێوخۆیدا و چ لە ڕادەی جیهانیدا سەرنج ڕاکێش و بەهێزە. دیسانیش ئاڵوگۆریک کە لە ڕووبەری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دا هاتۆتە پێش، دەبێ جێگای سەرنجی تایبەتی دەستپێشخەرانی ریفراندۆم لە کوردستان دا بێت.

### ئاستی بۆاری ئابووری باشووری کوردستان

دامەزراندنی دەوڵەتێک بە پشتگیریی زۆرایەتی خەڵک، گەلێک گرینگە و بەردی بەناخی ئەو هەنگاوەیە.ئەو هەنگاوەلە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبی کە بە بوونی ئابووریکی سالم و بە هێز پشت ئەستور بێ کە بەدوای سەربەخۆیدا دوڵەت و وڵاتێک پەرەی پێبدا و مەیدانی گەشەکردنی بۆ بەرەخسێنێ تا بەتوانێ پێداویستیە گشتییەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکا، بەرهەم هێنەر بێ و بەرهەمەکانی درگای بەروڕووی بازاری جیهانیداکرابێتەوە و بەتوانێ سەرمایەی دەرەکی بۆ گەشە پێدانی ئابووری بۆ لای خۆێ ڕابکێشێ. ئابووری باشوری کوردستان لە دە ساڵی رابردوودا و بەتایبەتی بە هۆی بەرز بوونی نەرخی نەوت لە سالەکانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ دا و هەروەها بە هۆی ڕادەی سەرمایەگوزاریە دەرەکییەکان لە

کوردستاندا،گەشی سالانەی خۆی لە قەرەی ١٢% دەدا. حکوومەتی هەرێم لە توانای دابووە کە کەرتی وزە تا ڕادەیەکی بەرچاو گەشە پێبەدا و چەندین کۆمپانیای مەزنی مەعامەلاتی نەوتی بۆ کوردستان پلکێش بکا ولە قەراردادیەکی ٥٠ساڵەی نەوت و گاز لە گەڵ دەوڵەتی تورکیا کە بۆ ماوەی ٥٠ سال خۆی بگەێنێتە بازاری جیهانی.

سەرەڕای چەند ساڵ گەشەی ئابووری کوردستانی باشوور، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ وە تووشی قەیرانی ئابووریی هاتووە. ئابووری کوردستان لە گەڵ ئەوە کە گەشەکردنێکی بەرچاوی لە کەرتی نەوت و گاز دا بەخۆیەوە بینیوە، بازاری کوردستان، بازارێکی مەسرفییە کە پارسەنگی بەرهەمهێنان و مەسرفی بە هۆی نەبوونی ژێرخانێکی پتەوی بەرهەمهینان بە لای مەسرف دا شکاوتەوە. کوردستان لە باری سەنعەتی پێشەسازییەوە هیچ گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە. سەرەڕای ئەوەیکە خاکی کوردستان گەلێک بە پیت و بەرەکەتە، لە سەنعەتی وەرزێڕیشدا زۆر لاوازە. بەرهەمەکانی کشت و کاڵ کوردستان دەروەستی پێداویستی خەڵک نایە و تا ڕادەیەکی زۆر بە ئەو بازارە بستراوەتەوە بە بەرهەکانی ئێڕان و بە تایبەتی تورکیەوە. سەنعەتی گەشتیاری لە کوردستانێکی خۆش کەش و هەوادا و بە سروشتێکی دەست لێندراوەی سەرنج ڕاکێش زۆرتر بەستراوەتەوە بە توریستەکانی عەرەبی ئێراقەوە و بە سەقامگێری و ئاشتی لە ناوچەکەدا. هەر لەو کاتە دا لە چەند ساڵی ڕابردوودا هاتنی سەرمایە بۆ کوردستان بە هۆی مەترسی داعش و

نەبـــوونی بەرچاوڕوونیـــک لە ســـەر داهـــاتووی ئێراقـــدا و نەبـــوونی ســـەقامگیری کەمبـــۆتەوە. دابەزیـــن نەرخـــی نەوت و کەم بـــوونەوەی نـــاردنی نەوت بـــۆ دەرەوە لە ســـاڵی ٢٠١٥ بەولاوە کە ســـەرچاوەی ســـەرەکی مـــاڵی حکـــوومەتی هەرێـــمە، دەســـتەبەرکردنی بـــودجەی ســـاڵانەی حکـــوومەتی هەرێـــم بـــۆ جێـــی بە جێکردنـــی ئەرک و بەرنامەکانی خزمەتگوزاری گشتی، دانی موچەی کارمەندانی دەوڵەتی و بنکە و بنیاتـە گشتییەکانی تووشی قەیرانکرد. قەیرانـە ئابووریی و سیاســـییەکان لە ســـاڵانی ڕابـــردوو دا نـــاڕەزایەتی کـــۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە کە جاری واش زەخت و زۆری بەدواە بووە.بێکاری زۆرە و بە پێ ئەو دنگۆیانی کە لە ئارا دان کۆچی هێـزی کاری کارامەی گەنجان لە کوردستان بۆ دەرەوە ڕوو لە زیاد بـوونە. بژیـویی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکـی کوردســـتان بە نەهادەکـانی حکـــوومەتی و دوو هێـزی سـەرەکی کوردستان  پارتی و یەکیـەتییەوە گرێدراوە. بە پێ زانیارییەکان زیـاتر لە ۴ میلیـون کەس لە کوردسـتان مووچەخـۆری دەوڵەتـــی و هێـــزە سیاســـییەکانن. دیـــاردەیەک کە لە درێژخایەنـــدا نەتەنیا هیچ قازانجێکی بۆ گەشەی ئابووری کوردستان نابێ، بەڵکـوو چاو لەدەستی خەڵک بە لایەنێک و یا خۆ دەوڵەت, ڕادەی هێزی کار بەرهەم هێنەر دەباتە خـوار و نـۆرمگەلێکی کولتـوریکی خەسیوی کە مرۆڤەکـان فێـری دەستەوەسـتانی، چاپلوسـی و برتیلخـۆری، نەهـادینە دەبێ و لە کاتێکـدا سـەرچاوەکانی بژیـوی ئەو کـۆمەڵە لە خەڵـک بە هەر هۆکاریک بەربست بکرێ و یا خـۆ دەستەبەر نەکرێ، ئالۆزی

کـۆمەڵاتی و سیاسـییەکانی لـی دەکەوێـتەوە.سـەرەڕای ئەو کێشـانە حکوومەتی هەرێم هەتاساڵی ٢٠١٦ ٢٠ میلیارد دولار قەرزدارە.[14]

بە واتـایەکی تـر ئـابووری کوردسـتان کە لەسـەر پـێ ڕاگرتنـی دەوڵەتێکی کـوردی ڕۆڵێکـی حـەیاتی دەگێـڕێتەک رەهەندییـە و لە سـەریەک بسـتراوەتەوە بە بەرهەممهێنـانی نەوت و گـاز کە خـاوەنی ڕێگـایەکی سـەربەخۆ نیـیە بـۆ گەیشـتن بە بازارەکـانی جیهـانی و بەتەواویی بستراوەتەوە بە لۆلەکانی ناردنی نەوتی ئێڕاق و تورکیا. لە نـاوچەی کوردسـتاندا. گرینگتـرین و مەزنتـرین کانگـای نەوت کە دەتـوانێ پاڵپشـتێکی بەهێـز بـێ بـۆ کـارا کـردن و وەکارخسـتنی دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوچەی کرکوکە کە جێگای موناقشـەی کوردەکان و لایەنەکانی عەرەبی ئێراقییە.

## ئاستی نیزامی

جیـا لە هەلـومەرجی سیاسـی و ئـابووری حکـوومەتی هەرێمـی کوردستان لە باری نیزامیشەوە وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی پێویستی بە هێزێکی کۆک و پۆشتەی نیزامی نەتەوەیی هەیە کە بەتوانی لە

[14] https://www.economist.com/news/middle-east-and-africa/21701773-despite-string-military-successes-kurds-are-nowhere-near

دنیـا ئـاڵۆزی تەژی لە تونـدوتیژیی و دۆژمنـایەتی دا پارێزگـاری لە ئاســـایش و ســـەقامگیری سیاســـی کوردســـتان بکـــا. ڕاپـــورتە جوراوجورەکان نیشانی دەدەن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەر سێ لایەنی وەزارتـی پێشـمەرگە، یەکیـەتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان دا دابەشکراوەن کە بەشی زۆری ئەو هێـزانە لە ژێر فەرمانی یەکیەتی و پارتی دان و وفاداری ئەو هێـزانە پتـر بە بـاری حیزبـایەتی دا دەشـکێتەوە هەتـاکۆ بـاری نەتەوەیـی. دەنگـۆی ئەوش هەیە کە وەزارتـی پێشـمەرگە خـاوەنی ١٤ بەتالیونە کە وەک باڵی نیزامـی حکوومەتی هەرێـم دەکرێت چاویان لێبکرێت. هەوڵ و تەقلاکان بۆ دارشتنی ئەرتەشێکی یەکگرتـوویی کوردی کە تەنیـا لە ژێرِ فەرمانی حکوومەتی هەرێمـدا کار بکا لە ساڵی ٢٠١۴ بەولاوە ڕاگیـراوە و لە کـردەوەدا لە مەبەسـتی خۆیـدا کە بەتـوانێ هێزیکـی کـارامەی نیزامـی بێ لایەن پێـک بەهێنێـت کە تەنیـا لە خـزمەت قـازانج و بەرژەوەنـدییەکانی حکـوومەتی هەرێمـدا بێـت، سـەرکەوتوو نەبـووە و لە توانـای دانیـیە کە مـووچە و کەرەسـە و ئامرازەکـانی پێویستی هێز پێشمەرگە دابین بکا.

سەرەڕای ئەو کەم و کوڕیانە لە چوارچێوەی شەڕ لە دژی داعشدا وەزیرانـی دەرەوەی وڵاتـانی ئەنـدامی یەکیـەتی ئورووپـا بەتـایبەتی ولاتـانێکی وەک ئاڵمـان، بریتانیـا، فەرانسـە و کۆمـاری چێـک لە نیوەراسـتی مـانگی ئاگۆسـتی ٢٠١۴ دا بڕیاریـان دا کە هێـزی پێشمەرگەی کوردستان پرِ چەک و چۆڵ کەن. وڵاتە یەکگرتووەکان هەر لە سـەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٣ بەولاوە لە هەوڵـدابووە کە هێـز

پێشمەرگە چ لە باری ڕاهێنانی نیزامی و چ لە باری پێداویستی و کەرسە و ئامرازەکانی نیزامی یارمەتی بکا.[15] دیارە هیچ یەک لەو یارمەتییە نیزامییانە تا ئەو جێگایە بۆ دنیا دەرەوە ئاشکرا بووە، بە بێ چاودێریی و هاوکاری دەوڵەتی ناوەندیی ئێراق نەهاتوونە ئاراوە. پرسیاریەک کە لێرە دا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئاخۆ ڕۆژئاواییەکان بەدوای کۆتایی شەڕی داعش و کەمبوونەوەی پێویستی بە هێزی شەرکەر حازرن یارمەتییە نیزامییەکانیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان درێژە پێ بەدەن؟

## هەڵوێستی زلهێزەکانی نێودەوڵەتی و ناوچە لە هەمبەر ڕێفراندۆمدا

کێشەی کوردەکان لە سەرەتایی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانەوە تاکوو ئێستا هەمیشە بستراوەتەوە بە پشتیوانی و هاودەنگی نێودەوڵەتی. دابەشبوونی کوردستان لە جوغرافیای سیاسی چوار دەوڵەتی ناوچەدا، گۆڕینی ئەو سنوورانەی بۆ کوردەکان چەتوون کردەوە و بێ پشتیوانی نێونەتەوەیی لە توانا کوردەکان دا نییە.بۆیە ئەگەر بە سەرنجەوە چاو لە مێژووی ١٠٠ساڵ بەرخۆدانی کوردەکانلە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوراست بکەین، بۆمان دەردەکەوەی کە ئەو جووڵانەوە ڕەوایە، چەندین جار بۆتە قووربانی سات و سودا لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ و ڕاپەڕین کورد لە باشوور و پاشان کزکردنی جووڵانەوەی کورد لە باکوور و بەندکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان لە لایەن تورکیا، هەر

---

[15] NOS (2017): "wie geeft wat aan de koerden".https://nos.nl/artikel/689279-wie-geeft-wat-aan-de-koerden.html

هەموویان بە فیت و سات و سەودای نێوان وڵاتی ئێران، ئێراق و تورکیا و هەروەها پشتیوانانی بەڕواڵەت کێشەی کورد هاتوونە ئاراوە. جیا لەوەش کوردستان لە شوێنێک هەڵکەوتوو کە زمانی سەرکوت و زەبر و زەنگ تەنیا کەرەسەیەکە کە لە دەست دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا بە بەردەوامی کەڵکی لێ وەردەگیری و لە کردەوەدا بوونی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرانە وای کردووەوە کە جێگای فەرهەنگی وتوویژ و دانوستان و یەکتر قەبووڵکردن کولتوریکی پڕ لە تووند و تیژی، نکۆڵیکردن و سەرکوت ببێتە کولتوری باڵادەستی ناوچەکە. هەر بەو پێیە هەر لایەنێک (جا ئەگەر سەر بە نەتەوەی باڵادەستیش بێ) باس لە ڕزگاری و ئازادی و پێکەوە ژیانی ئاشتیخۆازانەش بکا، بە زمانی زەبر و زەنگ وڵامی دەدرێتەوە و ئەو دیسان دەبێ ئەو جووڵانەوەیە پەنا بۆ چەک و زەبر و زەنگ بری و بە شوێن پشتیوانی دەرەکی کەوێ بۆ پێکانی ئامانجەکانی. پشتیوانیک کە لە خوارەوە دەست ناکەوی، بەڵکوو دەبێ قازانج و بەرژەوەندی لایەنی یارمەتیدریشی تێدا بێ. هەر کات هێزی پشتیوان هەستی بەوە کرد کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی لە شوێن و لایەنی دژبەرەوە جێی بە جێی دەبێ و یا لە قازانجی دانییە لەگەڵ دوژمنەکەت بەرەوە ڕوو ببێتە، خۆی لە کێشەکە دەدزێتەوە. هەر بۆیە پشتیوانی دەرەکی گەلێک گرینگە بەڵام بێ مەترسی و زەرەریش نییە.

لە دونیای ئاڵۆزی ئەوڕۆدا، وەک چۆن لە سەرەوە بە وردی باسی لێکرا، هاوپەیمانی مێژوویی و قوورس و قایمەکانی ڕابردووش، تەماوی بوون و هەر لایەن بە دڕدۆنگییەوە دەڕوانێتە پێوەندییەکانی

خـــۆی لە گەڵ دنیـــای دەوروبەری. بە واتـــایەکی تـــر فەلســـەفەی کۆنبـاوەی ' دوژمنــی دوژمــنەکەم، دوسـتی مـنە' کە لە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاستیشدا زۆر باو بوو، ئیتر ئێستا برِ ناکا، جێی پێی لیژ بـووە. هەر بۆیە لێردا بە دوور لە هەر دڕدۆنگییەک سەرنج دەخـریتە سـەر ئەو هەڵویسـتانە کە دوسـتان و هاوپەیمانـانی کـورد لە هەمـبەر پرسـی ریفراندۆم ڕایانگەیاندووە.

## وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا

ئامریکاییەکـان وەک هاوپەیمـانی سـەرەکی  کوردەکـان لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بە قـازانج و بەرژەوەنـدیەکی زۆرەوە لە ڕۆژهەڵاتــی نێوەراست هەر لەوکاتەوە کە سەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١۴ تەمـای کوردەکانی بۆ بەڕێـوبردنی ریفرانـدۆم ئاشـکرا کـرد و پاشـان لە سـاڵەکانی دواتریشـدا دووپـات و چەنـد پـاتی کـردەوە، بە بەردەوامی لە یەکیەتی خاکی ئێـراق و چارەسـەرکردنی کێشـەکان لە ڕێگـای دانوسـتان پێـداگری کـردەوە. لە سـاڵی ٢٠١۶ دا دەزگـای بەڕێوبەری ئۆباما لە ڕێگای  جێگری سەرکۆمار جۆ بایدنەوە لە گەڵ پێداگری لە سەر پشتیوانی ئامریکا لە ئێراقێکی فیـدراڵی یەکگرتـوو و دێموکراتیک، داوای لە حکوومەتی ناوەندی و هەولێر کرد کە هەنگاو بـاوین بەرەو بەهێزکردنــی سیاسـەتێکی یەکگرتــوو و سـەقامگێری ئابووریی.[١۶]

[16] Daily Sabah (2016): “EU against formation of Kurdish state in Middle East, Mogherini says.” http://www.dailysabah.com/eu-affairs/2016/02/23/eu-against-formation-of-kurdishstate-in-middle-east-mogherini-says

دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ئیداری ئوباما بۆ ترامپ وای دەردەخا کە سیاسەتی ئۆباما لە مەڕ کوردستانی باشوور ڕەچاو دەکری.بە واتایەکی تر بە شێوەیەکی ڕەسمی دەوڵەتی ئامریکا لاگری سەربەخۆی دەولەتێکی کوردی نییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو ولاتە پشتیوانیکی بەهێزیش بووە لە کیشەی کورد لە ئیراقدا و لەو دوایانە خۆی لە کوردەکانیسووریەش نزیک کردووتەوەو لە ناوچەکەدا پێوەندیکی جێگای ڕەزامەندیان هەیە. بە تایبەتی لە شەر لە دژی داعش دا بەبەردەوامی ڕۆڵی گرینگ و بەرچاوەیی نیزامی هێز پێشمەرگە و هێزکانی کوردیی لە سووریە بەرز دەنرخێنێ و کەرەسە و ئامراز و ڕاهێنانە نیزامییە پێویستییەکانی لە خزمەت هێزی پێشمەرگە ناوە.

بەڵام کاتێک لە هەڵویستی حکوومەتی ترامپ لە پێوەندی لەگەڵ ریفراندۆم بە باشی ورد بینەوە جیاوازیەکی تایبەتی دەبینین لەگەڵ هەڵویستی ئیدارەی ئۆباما. ڕۆژی پێنج شەمە ٨ی ژانویەی ٢٠١٧ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی لە بەڕێوبردنی ریفراندۆم دەربڕیی و بەڕێوەچوونی ئەو ریفراندۆمەی وەک هەوڵێک نەرخاند کە دەتوانێ ' ئەولەویەتگەلێکی هەنووکەیتر' وەک تێک شکاندەنی داعش تووشی کێشە بکات. هەرچەند ' ڕەوا بوونی ریفراندۆمی' بۆ کوردەکان بەرز نەرخاند و بە ماقی بی ئەملاوئەولای کوردەکانی زانی، بەڵامدیسانیش پشتیوانیکرد لە " ئێراقیکی یەکگرتوو، فیدراڵ، سەقامگێر و دیموکراتیک" ڕاگەیاند کە:"ئێمە ... دەسەڵاتدارانی ناوچە (کوردستان) بانگهێشت دەکەین کە لەگەڵ حکوومەتی ئێڕاق

له سەر کۆمەڵێک مەسەلەی گرینگ، به تایبەتی  پێوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر له سەربنەمای یاسای بنەڕەتی ئێراق پێکەوە هەڵسووکەوت بکەن". [17] هەر لەو پێوەندیەدا له مانگی جولایدا، برێت مکگۆرک که له گەڵ ڕێبەرانی سیاسی کورد و ئێراقی وتوویژی له سەرپرسی ریفراندۆم کرد، ئاشکرای کرد که : " بەڕێوبردنی ریفراندۆمێک له کاتێکی دیاریکراوی وا دا، بەتایبەتی له ناوچەکانی جێی ناکۆک، به باوەڕی ئێمە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی گرینگی بێ سۆباتی و ئێمە ئەو پەیامەی خۆمان زۆر بەڕوونی دەربڕیوە." [18]

ئەو پەیامە بۆ دنیای دەرەوە ڕنگە ئەو لێکدانەوەی لێ بکەوێتەوە که ئامریکاییەکان کێشەیەکی ئەوتۆیان له هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە و تەنیا کات و ساتی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم بۆ ئەوان ناخۆازراوە، مەگەر بەغدا خۆی ڕازیی بێ که له ئێستادا کوردەکان له ئێراق جودابنەوە، و له هەلومەرجی ئێستا دا ئێمە خۆمان به بەرپرس نازانین له کارێک که دەبێتە هۆی بێ سۆباتی له ناوچەکەدا. ئەو هەڵویستە له لایەن سەرۆکایەتی کوردستانەوە دەبێ زۆر به جیدی تاوتوی بکرێ و به هۆی پێوەندییەکی باش و راستەوخۆ که لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا هەیەتی له مەبەست و نیازی سەرەکی ئامریکاییەکان لەو بۆچوونانەیان بکۆڵێتەوە و لێ حاڵی بن. چوونکه ئەو پەیامە تەماویە و

[17] http://www.businessinsider.com/r-us-concerned-iraqi-kurdish-referendum-will-distract-from-war-state-department-2017-6?international=true&r=US&IR=T
[18] https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-07-14/u-s-against-kurds-holding-referendum-in-september-mcgurk-says

مەیدانی مانۆڕی سیاسی ئامریکاییەکانی بۆ هەڵبژاردنی جوراوجور لەمەڕ ئەو مەسەلەیە لە داهاتوو دا بەرفراوانتر دەکا. لێرە دا چەند پرسیار دەکری بێنە ئاراوە. ئایا ئامریکاییەکان بە تەمان بەدوای شەری داعش دا پرسی سەربەخۆی کوردستان بکەنە مەسەلەی سەرەکی خۆیان؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارە بەڵی بێ، ئەگەر وابێ ئامریکاییەکان خاوەنی بەرنامە وپلانێکی ڕوونن لە سەر داهاتووی باشووری کوردستان. ئەگەر لەو دەلاقەیەوە چاو لە مەسەلەکە بکرێ دەبێ کوردەکان بزانن کە ئامریکاییەکان لە پرۆسەی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی لە باشوور دا تا چ ڕادەیەک دێنە پێش و چلۆن و لە چ ڕادەیەکدا لە کوردەکان پشتیوانی دەکەن و مەودای ئەو پشتیوانەیە چەندەیە؟ گرینگتر لەوانەش پرسیار ئەوەیە کە کاکڵ و نێوەرۆکی ئەو پشتیوانیە لە سەر چ بنەمایەک دامەزراوە؟ بە واتایەکی تر ئامریکاییەکان لە هەمبەر ئەو پشتیوانیەدا چی شتێکیان لە کوردەکان دەوێ؟ ئەگەر ریفراندۆم لەو سەردەمە دا لە ناوچەکانی جێی ناکۆک دەبێتە هۆی ئالۆزی و بێ سۆباتی، ڕۆڵ و ئەرکی ئامریکاییەکان لەو بێنە دا چ دەبێ؟

بێ گۆمان وڵامدانەوە بەو پرسیارانە کاریکی چەتوونە، بەڵام بە پێ گۆڕینەوە ئەو پەیامەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەیەکگرتووەکان دا بووە، مرۆڤ دەتوانێ تاڕادەیەک باس لە هێندک گریمان بێنێتە ئاراوە. بەتایبەتی کاتیک لە ١١ی ئاگۆست ئەوساڵدا هەواڵی پێوەندییەکی تەلەفونی نێوان تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆکی هەرێم مسعود بارزانی بڵاوەبووە،

دەرکەت کە ئامریکا جارێکتر پێداگریکردوە لە وتوێژ لە نێوان هەولێر و بەغدا و هەر لەوکاتە دا خۆازیاری دواخستنی بەرێوبردنی ریفراندۆم بووە. هەرچەند ئەو هەڵویستەی ئامریکا تازە نییە، وڵامی بەرێز بارزانی دەتوانێ جێگای سەرنج بێ. سەرۆکایەتی هەرێم لەو وتوویژە تەلەفونیەدا بە ڕاشکاوەی دواخستنی ریفراندۆمی بەستۆتەوە بە گارانتی و ئالترناتیڤەکان و دەڵی بە هۆی نەبوونی ئەو دوو مەرجە ریفراندۆمیش دوا ناخرێ.[19]

بە پێی ئەو قسانەی بەرێز بارزانی دەکری ئەو ئاکامە لەو وتوویژە بگیرێ کە لە ڕاستیدا ئامریکاییەکان نەتەنیا هیچ پلانێک و بەرنامەیەکی ڕوون و تەمایەکی بەهێزیان بۆ پشتیوانی سەربەخۆی کورد لە دوارۆژدا، لە حالی حازر لە بەردەست دانیە، بەڵکوو لە هەمبەر دواخستنی ڕیفراندۆمیش دا هیچ گارانتی و ئاڵترناتیڤێک جگە لە دانوستاندن و وتوویژ لە سەر ناکۆکییەکان نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی یاسای بنەڕتی ئیراقی فیدراڵدا شک نابن و هەر لەو ڕۆانگەیەشەوە ئەگەر بەڕێوبردنی ریفراندۆم لە ناوچەکانی جێیناکۆک وەک کرکوک بە بێتە هۆی ئاڵۆزی و پێکدادان، ئەوان خۆی بە بەرپرسیار نازانن، چوونکە لە پێشدا بە ئاشکرا ئاماژەیان بە کێشەکەکان کردەوە. لە ژێر ڕووناکی ئەو خوێندنەوەیەدا دەکری مرۆڤ بەو ئەنجامە بگا کە ڕێبەرانی سیاسی کورد لە هەلومەجی هەستیار و چارەنووس سازی کوردستان، هەنگاویک هەڵگری کە پتر لە هەمیشە لە خزمەت ئاسایشی کوردستان دا بێ، ئەگینا شەر و

[19] http://www.presidency.krd/english/articledisplay.aspx?id=NL18vpOtcbI=

پێکدادان و گرژبوونەوەی پێوەندییەکانی هەولێر وبەغدا و پێوەندی ئامریکاییەکـان لە گەڵ هەردوو لایـەن،لە گەڵ چارنووسـێکی نادیـار بەرورِوو بێت.

## وڵاتانی ئورووپا

ئورووپاییەکان چ لە خۆڵقانی کێشەی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا و چ لە پشـتیوانی کردنـی جووڵانەوەکـانی کوردیـدا بە درێژایـی مێـژوو ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـووە. لە کـاتی تێـوەگەلانی کوردەکـان لە شـەڕ لە دژی  داعـش دا لە سـاڵی ٢٠١٤، بەشـێکی بەرچـاو لـە وڵاتـانی ئورووپـای یـارمەتی نیزامـی کوردەکانیـان داوە و بەشـداری کـارگێر و چالاکـانەی پێشـمەرگە و هێزکـانی یەکینـەکانی پاراسـتنی گـەل لـە کوردسـتانی سـووریە، وەک دیـاردەیەکی بەرز دەنرخانـد. بـۆ نمـوونە هەر لە ساڵەکانی  ٢٠١٤–و ٢٠١٥ زیـاتر لە ١،٨٠٠ تۆن چەک و تەقەمەنی و پێداویستیەکانیتری سەربازیان بۆ هێزی پێشمەرگە ناردوە.[٢٠] لە دیسامبری ٢٠١٥ دا دەوڵەتـی ئالمـان ڕاێگەیاند کە سیستمگەلێکی ڕاکێتـی و زرێپۆشی سەربازی تەحـویلی هێزی پێشمەرگە داوە.[٢١] جیا لە وڵاتی ئاڵمان، وڵاتانی ئیتالیـا، نـورویژ

[20] Wallace, Stephan (2015): “Germany Steps Up Military Aid to Kurdish Forces in Iraq.” http://www.aicgs.org/issue/germany-steps-up-military-aid-to-kurdish-forces-in-iraq/

[21] Der Spiegel (2015): “Kampf gegen den IS: Deutscher Waffennachschub für die Peschmerga.” http://www.spiegel.de/politik/deutschland/deutscher-waffen-nachschub-fuer-diepeschmerga-a-1068371.html

و بریتانیا بە شێوەیەکی چالاکانە لە ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگەدا بەشداریان کردووە.[٢٢]

بەڵام سەرەڕای یارمەتێکی بەرچاوی نیزامی وڵاتانی ئوروپای و بەتایبەتی ئاڵمان هەر لە سەرەتای سازبوونی دەنگۆکان بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نەسازاوەن. لە کۆنفرانسی ئەمنییەتی مونیخ لە ساڵی ٢٠١٦ دا چاوپێکەوتنێک لە نێوان سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وزیری دەرەوی ئەوکاتی ئاڵمان فرانک والتر شتانمایر دا هاتە ئاراوە. لەو چاوپێکەوتنە دا وەزیری دەرەوی ئاڵمان نیگەرانی خۆی لە بەڕێوەچوونی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان بە ئاگاداری بەڕێز مسعود بارزانی گەیاند.[٢٣] هەروەها ساڵێک پێشتر یانی لە دیسامبری ٢٠١٥ دا لە سەفەریەک دا بۆ هەولێر، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە هەولێر و بەغدا، داوا کرد کە یەکیەتی خاکی ئێراق بەپارێزن و هەر لەو کاتە دا دژایەتی خۆی لە گەڵ درووستبوونی سنوورگەلیکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەربڕی.[٢٤] هەر لەو پێوەندیەدا بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا خاتوو موگرینی لە ڕوونکردنەوەی هەڵویستی یەکیەتی ئورووپا دا ڕایگەیاند کە: "

[22]Reuters (2016): “Kabinett billigt Ausweitung von Bundeswehr-Einsätzen in Irak, Mali.” http://de.reuters.com/article/chland-kabinett-bundeswehr-idDEKBN0UK0LF20160106

[23] The National Interest (2016): “2016: The Year Kurdistan Finally Breaks from Iraq?” http://nationalinterest.org/feature/2016-the-year-kurdistan-finally-breaks-iraq-15321

[24]Reuters (2015):“Steinmeier dringt auf staatliche Einheit des Iraks.” http://de.reuters.com/ article/is-irak-deutschland-steinmeier-idDEKBN0TR1AT20151208

یەکیەتی ئوروپا یارمەتی هیچ بەرنامەیەکی سەربەخۆی کوردەکان ناکا – چ ئەو هەوڵە لە تورکیە بێ یا لە ئێراق یان سووریە." [25]

هەر لەو پێوەندیەدا لە ١٩ جولای ٢٠١٧ وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا داوایان لە کوردەکان کرد کە خۆ بەپارێزن لە بەڕێوبردنی ریفراندۆم لە ٢٥ی سیپتامبردا. ئەو وەزیرانە پێداگریان لە سەر ئەوە بوو کە " لە هەر چەشنە هەوڵێکی یەکلایەنە دەبێ دوورە پەرێزی بکرێ و سەرجەم پرسەکان لە ڕێگای لێک تێگەیشتن لە سەر بنەمای یاسای بنەڕەتی ئێراق بێنە چارەسەرکردن". [26] جیا لەو هەڵویستە وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا ئاماژەیان بەوەشدا کە ئەو یەکیەتییە لە سەر داوای دەوڵەتی ئێراق هەوڵدەدا کە " تیمێکی ڕاوێژکاری و یارمەتیدر" پێک بەهێنن بۆ یارمەتیدانی ئاودانکردنەوەی ئێراقیپاش شەڕ لە دژی داعش دا. [27]

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە بە باشی لە هەڵویستی ئوروپاییەکان ئاگادار بوو لە مانگی ژانویەی ٢٠١٧ دیسانەوە لە سەردانێک بۆ ئوروپا کەوتە هەوڵی ئەوە کە پشتیوانی ئوروپا بۆ لای بڕیاری ریفراندۆم ڕابکێشێ. لە ٨ ژانویەی پاش چاوپێکەوتنی مسعود بارزانی لە گەڵ وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش دا، دیسانەوە بێ مێلی وڵاتی ئاڵمانی لە مەڕ

[25] Daily Sabah (2016): “EU against formation of Kurdish state in Middle East, Mogherini says.” http://www.dailysabah.com/eu-affairs/2016/02/23/eu-against-formation-of-kurdishstate-in-middle-east-mogherini-says

[26]

[27] https://www.apnews.com/9d8aeef9c5d047f1a6e79fd45f345898

پرسی ریفراندۆم راگەیاند و ئەو بڕیارەی بە سەرچاوەیەک بۆ پەرەهەسەندنی گرژی و ئالۆزی و نەبوونی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، ناوبرد.بەریز زیگمار گابریل لەو پێوەندیەدا گوتی کە " سەرەڕا دارشتنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت، ڕێگایەکی دروست نیە و کۆمەڵێک گیر وکێشە و هەلومەرجێکی بێ سەقامگیری لە هەولێر و بەغدا ئەوەندی دیکەش بە ئاقاریەکی خراپ دا دەبا." [٢٨]

هەڵویستی ئوروپاییەکان لە مەڕ ریفراندۆم پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی ئەوتۆ نییە. ئورووپاییەکان بە هۆی هاوسنوور بوونیان لە گەڵ ڕۆژهەلاتی نێوراست بۆیان دەرکەوتووە کە شەڕ و پێکدادانەکان لە ناوچەیە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، بە نەرخێکی مەزن بۆ ئەوان تەواو دەبێت. چونی هەزاران پەنابەری ناوچە ئاڵۆزەکانی شەڕ لێدراو بۆ ئورووپا، نەتەنیا لە بۆاری ماڵییەوە نرخێکی مەزنی بۆ ئەوان بەدواوەیە، بەڵکوو بە هۆی ڕادەی زۆر بوونی پەنابەران،نارەزایەتی خەڵکی ولاتانی ئورووپایی لێکەوتۆتەوە و هەروەها بۆتە خۆراکێکی باشی پرووپاگەندە بۆ حیزبەکانی ڕاستگەرا لە موبیلیزەکردنی خەڵکی نارازی. سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتانە نەتەنیا دژ بە پەنابەرانن، بەڵکوو خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیشن کە لە دژی پرۆژەی یەکیەتی ئورووپان و بەهێز بوونی ئەوان هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لە سەر مانەوەی ئەو یەکیەتییە. ریفراندۆمی "نا" لە

---

[28] **Reuter (2017): "Germany warns Iraqi Kurds against 'one-sided' referendum plans."http://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-kurds-germany-idUSKBN18Z2BM.**

بریتانیا تـوانی بە زەقکـردنەوەی کێشـەی پەنـابەری بەشـێکی زۆری دەنگەکـانی خـۆی بەدەسـت بەهێنـێ. وادیـارە ئورووپاییەکـان لەوە دەترسن کەپێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی شـەر و نـاکۆکی و بـێ سـەقامگێری لێـدەکەوەێتەوە، هەر بـۆیە زۆر ڕاشـکاوانتر لە ئامریکاییەکـان لە هەمـبەر ڕیفرانـدۆم دا هەڵویسـتی خۆیـان دەرخستووە. یەکیەتی ئورووپا هەروەها پێویستی بەرچاوی بە نەوەت و گـاز ئەو نـاوچەیە هەیە، بـۆ ئەوەی کە ئـابووری ئەو یەکیـەتییە بە باشـی بەگەڕی، کە تـازە لە قەیرانێکـی ئـابووری و مـاڵی کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٨ بەلاوە تووشـی بـوو، خـۆی رزگـار کـردەوە. شـەر و ناکۆکی تازە لە ئێراق و ناوچەکەدا دەتـوانێ کاردانەوەیەکی نالەباری بـۆ ئـابووری یەکیـەتی ئورووپـا لێبکەوێـتەوە.

**روسیه**

روسیە لە سەردەمی ئێستا دا پێوەندیەکی باشی لەگەڵ کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا هەیە و چەک و چۆڵ بە هەر دوو لایەن بۆ شەڕ لە دژی داعش دەدا. لە ساڵانی ڕابردوو دا رووسەکان کەوتنە هەوڵ کە خۆ بگەێنە بازاری نەوتی کوردستان و ئێستا یەکێک لە کۆمپانیا نەوتەییەکانی رووسیە گرێبەستێ لە گەڵ کوردستانی باشـوور هەیـە. رووسەکان زۆریان پێخۆشە لە کێبڕکی پشتیوانی کـردن لـە کورد لە گەڵ ئامریکاییەکـان وەپـێش کەون. لە پێوەنـدی لەگەڵ ریفراندۆمـدا

رووسەکان لە زمانی باڵیوزی ئەو وڵاتە لە ئێراق پێداگری کردووەوە، لە سەربەخۆیی و یەکیەتی ئێراق و لایان وایە کە هەر چەشنە باسێک لە سەر دوڵەتی فیدراڵی ئێراق دەبێ دەرئەنجامەکی لە ڕێگای وتوویژ لە نێوان بەغدا و هەولێر دا بێتە ئاراوە. ڕەنگە روسەکان بە شێوەیەکی ئامرازی پشتیوانیش لە ریفراندۆم بکەن، لە ئەگەری پشتیوانی نێودەوڵەتی لە ریفراندۆمی کوردستان.تا ڕەوابوونی ریفراندۆمی کریما بەسەلمێنیت و هەروەها ڕێگا خۆش بکا بۆ جودایخوازانی ئوکراین و یا کەمایەتییەکانی قفقازی باشوور. زۆر جێگای گومانە کە پێوەندی خۆی لەسەر ریفراندۆم لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و یا خۆ لە دواتردا لەگەڵ ئێران و تورکیا بەخاتە مەترسییەوە.

لەو پێوەندییەدا پێویستە بە کورتی ئاماژیەک بە هەڵویستی چین لە سەر ریفراندۆمی کوردستاندا بێتە بەر باس. چین لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورد سیاسەتێکی دیاریکراوی نیە. چین زۆرتر لە بواری ئابووری لە هەرێمی کوردستان دا چالاکە و لە بواری سیاسییەوە خۆی لە کێشەگەلێکی ئاڵۆزی وەک ریفراندۆم لە ئیستا دا نادا و بە لە سەرەخۆیی چاوەڕوان دەمێنێتەوە تا بەزانی پرسی ریفراندۆم بەکام لا دا دەکەوێتەوە. جیا لەوەش هەم چین و هەم روسیە بە شێویەکی نەریتی دوو لایەنگری سەرسەختی یەکیەتی خاکی دەوڵەتانن.[۲۹] هەروەها چین کێشەی کەمایەتی نەتەوەکانی

[29] Atlanticcouncil (2014): “The Kurdish Move Toward Independence.” http://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/the-kurdish-move-towards-independence

وەک تەبەتییەکــانی هەیە کە تــا ڕادەیەکــی بەرچــاو پشــتیوانی ڕۆژئاواشــیان لە پشــتە. جــا هەر بەو هــۆیە پشــتیوانی چــین لە ریفرانــدۆمی کوردســتان کێشــەی تەبەتییەکــان و کەمایەتییــەکانی دیکەی و پشتیوانانی جیهانی ئەو کەمایەتییانە بەهارووژێنێ کە لە سەر چارەنووسی ئەوانیش ڕێگا، بۆ ڕیفراندۆم خۆش بکرێ.

## وڵاتانی عەرەبی

وڵاتــانی عەرەبــی نــاوچە بە گشــتی و وڵاتــانی قەتەر،عەرەبســتان و ئیمـارت بە هـۆی بەهێـز بـوونی نفـووزی بـەرچاوی ئیـران لە ئێـراق، سووریە و لوبنان و هەروەها دزەکردنی ئەو نفـووزە بـۆ وڵاتـێ یەمـەن لە لایەک و ئاسـای بــوونەوەی پیوەنــدی ئێــران لە گەڵ بەشــێکی بەرچاوی کۆمەڵگای نێـوەدوڵەتی لە ساڵی ۲۰۱۶ بەولاوە، هەست بە مەترسێکی مەزن دەکەن. هەر بۆیە لەو ساڵانەی دوایدا و بەتایبەتی بە دەســت پێکردنــی شــەڕ لە ســووریەدا و ڕێکــەوتنی کۆمەڵگــای نێودەوڵەتی لە وتوویژەکانی ۵کۆی۱ لە گەڵ ئێران لە سەر بەرنامەی ئەتــۆمی ئێــران زۆر بە ڕاشــکاوی و چالاکــانە هــاتنە مەیــدان بــۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. ئیتلافی عەرەبی لە شـەڕی یەمـەن دا، هەروەهـا هەوڵـەکانی عەرەبستان بـۆ سازدانی بەرەیەکـی ئیسـلامی دژە تێـرۆر و یـارمەتی مـاڵی، سیاسـی و نیزامـی زۆری ئەو وڵاتانە بە دژبەرانی بەشار ئەسد لە سووریە، کۆمەڵێـک هەنگـاوەن کە عەرەبەکـانی نـاوچە لە دژی ئێـران لە خۆیـان نێشـان داوە. ئەو وڵاتــانە لە دەلاقەیەکــی سیکتاریســتیەوە چاویــان بڕیــە

رووداوەکانی سووریە و ئەو جووڵانەوەیان وەک ڕاپەڕین و خەباتێکی زۆرایەتی سوونییەکان لە دژیی کەمایەتی عەلەویی لێکداوە کە دەسەڵاتی سیاسی، نیزامی و ئابووریی ئەو وڵاتەی لە چنگ دایە و هەر لەو کاتە دا هاوپەیمانێکی ستراتیژیی گرینگی ئێرانە لە ناوچەکەدا. ئێرانێکی شیعە کە وڵاتانی عەرەبی سوننی، بەتایبەتی عەرەبستانی سەعوودیی و قەتەر، وەک مەترسێکی مەزن لە هەمبەر خۆیانی دا دەبینن.

ئەو وڵاتانە لە ساڵی ٢٠١٥ بەولاوە لە کوردەکاندا کە زۆربەیان سوننی مەزهەبن، هاوپەیمانێک دەبینەوە کە هاوسنوورە لەگەڵ دوژمنی سەرەکییان لە ناوچەکەدا. میوانداری و پێشوازی بەشکۆی پاشای عەرەبستان لە بارزانی لە دیسامبری ٢٠١٥ دا، دەنگۆی ئەوە کە کوردەکان لەجەمسەربەندی نوێی ناوچەکە دا بە چوونە جەمسەری تورکی _ عەرەبی سوننییەوە، ئەو جەمسەرەی بەهێزتر کرد. هەرچەند بوونی هاوپەیمانێکی لەو چەشنە بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساختاری ئەو یەکگرتنە بەدوای قەیرانێک، کە لە نێوان قەتەر لە لایەک و عەرەبستان و ئیمارت لە لایەکەی دیکەوە سەرجەم پرۆژەکانی تورکی-عەرەبی لە ناوچەکەدا تووشی نسکۆ کرد. قەتەر و تورکیە بە کردەوە لەو هاوپەیمانییە هاتنە دەر. هۆکاری سەرەکیی ئەو قەیرانە دەکرێ، لە دەستەوستانی ئەو لایەنانە لە تێک شکانی ئەو پرۆژەیەدا بەبینینەوە کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەیان دەبرد. پرۆژەی لایەنی عەرەبی-تورکی و ڕۆژئاوا لە سووریە کە لە سەر ئەو باوەڕە دامەزرابوو کە ڕێژیمی

ئەسەد لە ماوەی چەند مانگ دا برۆخی، نەتەنیا سەری نەگرت، بەڵکوو ڕێژیمی ئەسەد بە هاریکاری ئێران، حیزبوڵڵا و روسیە، هەر وا لە دەسەڵات دایە. رۆژئاواییەکان مەرجی لاچوونی بەشار ئەسەد لە سەر کاریان، وەلا ناوە. دووهەم پرۆژە پێوەندی بە یەمەنەوە هەیە کە پاش نزیک بە دوو ساڵ ئیتلافی عەرەبی هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی تیدا بەدەست نەهێناوە. سێهەم پرۆژە هەوڵێکی هەمەلایەنەی سعودییەکان بوو، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی سوننی، بۆ ئیزۆلە کردنی ئیران لە جیهانیی ئیسلامدا، کە ئەویش دەسکەوتێکی ئەوتۆی بەدواوە نەبوو. وڵاتانی کەنداو لە ڕاستیدا بە هۆی پەلەیەکی زۆر،لە سەر خۆیان و ئەو ڕۆڵ و جێگایە کە لە جیهانی ئیسلامدا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ نوێنەرایەتی بکەن، تووشی لێکدانەوەیەکی نادروستبوون. وڵاتانی کەنداو خاوەنی هیچ یەک لە فاکتۆرەکانی کۆمەڵایەتی، هێزی مرۆڤی، نیزامی، سیاسی و ئابووریەکی بەرهەمهێنەر نین کە بەتوانن وەک ڕێبەر لەو ناوچەیە دا بێنە مەیدان. عەرەبستان لە جیهانی ئیسلامیدا تەنیا بە هۆی بوونی شارەکانی پیرۆزی مەککە و مەدینە و هەروەها بوونی سەروەت و سامانی زۆر،خاوەنی ئوتۆریتەیەکی دەستکردە لە جیهانی ئیسلامیدا.دەسەڵات و نفووزی قەتەر و ئیمارتیش تەنیا بە سەروەت و سامان بەستراوەتە. لەوەش زیاتر ئەو وڵاتانە بۆ سیستمی پاریزگاری وڵاتەکانی خۆیان بەتەواویی بستراوەنەوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەو شێوەیە دەردەکەوەێ کە وڵاتانی عەرەبی کەنداو نزیکبوونەوەیان لە کوردەکان، دەکرێ

نزیکبوونەوەیەکی ئامرازی بێ و لە درێژ خایەندا چی وای لێ شین نەبێتەوە.

**تورکیا، ئێران، ئێراق و پرسی ڕیفراندۆم**

دوا بە دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری ریفراندۆم، هەر سێ وڵاتانی ئێران. ئێراق و تورکیا، ئەو بڕیارەیان بەهەنگاویەکی هەڵە زانی، کە بە باوەڕی ئەوان دەبێتە هۆی سەرچاوەیەکی ئاژاوە و بێ سەقامگیری لە ناوچەکەدا. دیارە ئەو هەڵویستانە دوور لە چاوەڕوانی نەبوون. بێ گۆمان دەتوانن شوێندانەر دەبن لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچە بە دوای بەڕێوەچوونی ریفراندۆمدا.

لە دە ساڵی ڕابردوو هەتا پێوەندی نێوان بەغدا و هەولێر ئاڵوزتر دەبووە، هەر بەو ئەندازەیش پێوەندی ئانکاراو هەولێر لە پەرسەندندا بوو. تورکیە ڕێگای هەرە گرنگی ناوچەیی هەرێم، بۆ جیهانی دەرەوە بوو. پێش هاتنە سەرکاری ئەردۆغان کێشەی کوردەکان لە باشوور هەمیشە وەک مەترسێک بۆ یەکیەتی خاکی تورکیا چاویی لێدەکرا،بەڵام لە ساڵانی رابردوو دا بەڕێوبەرانی حکوومەتی هەرێم میوانی زۆر بەڕێزی دوڵەتی تورکیا بوون. بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٣ دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەردۆغان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە دیاربکر پێکەوە وتاریان پێشکەش کرد. بەڵام بە هاتنە گۆڕی پرسی ریفراندۆم وا وەێ دەچێ کە ئەو پێوەندییە بکەوێتە مەترسی و ڕوو بە ئاڵۆزبوون بەچێت. چونکە دەوڵەتی تورکیا مەسەلەی ریفراندۆم بە بڕیاریکی زۆر هەڵەی مەترسیدار دەزانی و

داوای لە هەرێـــم کـــردەوە کە لەو بڕیـــارەی خۆیـــان پاشـــگەز ببنەوە.[٣٠] گرینگی تورکیە وەک ڕێگای سەرەکیی پێوەندی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ دنیا دەرەوە و بە تایبەتی وەک تەنیا ڕێگای هەناردە کردنی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان،دەتوانی کاردانەوەیەکی نەرینی لە سەر ئابووری کوردستان هەبێت. جیا لەوەش تورکیا، بە هۆی بوونی گەلی تورکەمەن لە ناوچەی کرکوک، دەتوانی لەو ڕێگایەشەوە کێشە خوڵقێن بێ لە سەر هێمانایەتی ناوچەی هەرێم. دیارە تورکەکان نایێشارنەوە ئەگەر بە پێویستی بزانن هێزی نیزامیش لە دژی هەرێم بکار دەهێنن.

پێوەندی نێوان ئێران و حکوومەتی هەرێم تا ئاشکرا بوونی، بەڕێوەبردنی ریفراندۆم ئاسایی بوو. پێوەندی ئابووری ئێران لە گەڵ هەرێم، کەمترەلە تورکیا، بەڵام نفووز سیاسی ئێران لە باشووری کوردستان حاشای لێ ناکری. ئەویکە ئەو نفووزە تا چ ڕادەیەک دەتوانی بە فریای ئێرانەوە بێ، بۆ دەستتێوردان و ئاڵۆزی ناوچەی هەرێمدا زۆر ڕوون نیە. ئێرانییەکان بە هۆی نفووزێکی بەرچاو کە لە نێو شیعەکانی ئێراق دا هەیانە دەتوانن بە بێ ئەوە کە خۆیان ڕاستەوخۆ کێشە بۆ کوردەکان دروست بکەن، لە ڕێگای هێز چەکدارییەکانی شیعە لە نانەوەی ئاژاوە و شەر و پێکدادان لە گەڵ کوردەکاندا کەڵک وەرگرن. ئێرانیش هەروەک تورکیا ریفراندۆمی ٢٥ سیپتامبری ٢٠١٧ی وەک هەنگاویکی پڕ مەترسی ناو بردەوە و لە دژی ڕاوستاوە.

---

30

دەوڵەتـی فیـدرالی ئێـڕاق و هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١٠ بەلاوە لێک دوور کەوتوونەوە. بەتایبەتی بڕینـی بـودجەی کوردستان لە لایەن حکوومـەتی ناوەنـدییەوە، کە قەیرانێکی ئابووری بۆ هەرێم لێکەوتەوە.ئەو پێوەندییە ئەوەنـدتریش لەرزۆکتـر کـرد. هەر چەنـد لە شــەڕی داعــش دا و لە هەوڵەکــان بــۆ گــرتنەوەی موســڵ هێــزی پێشــمەرگە و هێــزە نیزامییەکـانی ئێـراق بە باشــی لە گەڵ یەکتــر کەوتنە هاوکاری، بەڵام دوڵەتـی فیـدرالی ئێڕاق وێدەچی کە مـل بۆ قەبووڵکردنی بڕیاری ریفراندۆم ڕا نەکێشێت. ئێراقییەکان ئەو بڕیـارە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسای بنچێنەی ئێڕاق دا دەنـێن و هەر بەو پێیەش ڕەتـی دەکەنەوە.گەورەتـرین سـەرچاوەی ئاڵۆزی و پێکـدادانی ئیحتمــالی کوردەکــان لە گەڵ دەوڵەتــی ناوەنــدی بــۆ ســەر نــاوچە جێناکۆکـەکان دەگـرێتەوە. ئێراقییەکـان بە درووسـتبوونی دەوڵەتێکـی کوردی لەگەڵ هێندیک گێروکێشەی دارِشتنەوەی سنوورەکانی نێوان خۆیان و دەوڵەتـی کـوردی بەرەوڕوو دەبـنەوە. ناوچەکانی کـرکـوک و خانەقین وەک ناوەندی سەرەکی وزە و توانستی دەوڵەتـی کـوردی بە هۆی بوونی سەرچاوە نەوتییەکان و هەروەها  ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ دەتوانن سەرچاوەیەکی مەزن بن بۆ ئاڵۆزی و پێکدادانی نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ئێڕاق.

دیــار هەڵوێســتی ئەو وڵاتــانە رابردوویــەکی مێژوویــی دوور و درێژیشی هەیە کە هەر لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی کێشـە کـورد لەو وڵاتـانە دەسـتی پێکـردەوە.  ئەویـش دەگـەرێـتەوە سـەر ئەوە کە ئەو دەوڵەتـانە بە شـێوەیەکی سیسـتماتیک نکۆڵیـان لە مـاقی کوردەکـان

کــردەوە و تــاکۆ ئێســتاش لە تورکیــا و ئێــران ڕێگایــەکی گونجــا بۆچارەســەرکردنی کێشــەی کــورد نەدۆزراوەتەوە. هەر ئەو هەلــو مەرجەش هۆکاریکــە کە کوردەکــان ئەو دوو وڵاتە لە هەر،هەلــو درفەتێک کەڵک وەرگرن بۆ ڕووبەروو بوونەوەی سیاسی ئەو وڵاتـانە. هەر بــۆیە بــوونی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کــوردی لە باشــووری کوردســتان لە پـلەی یەکەمـدا، کـاردانەوەیەکی بـەرچاویی دەبێ لە زەقبوونەوە و بەهێزبوونی کێشەی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتانی تورکیا و ئێڕاندا. دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەرکەوتوویی کورد، بێ گۆمان لە باری سایکۆلۆژییەوە دەتوانێ ببێ بە سـەرچاوەی ئیلهام و هانـدەریکی بە هێـز بـۆ کوردەکان لە ئێـران و تورکیـا کە زیـاتر لە هەمیشــە و لە ڕادەیەکـی جەمـاوەریتر و بـەربڵاوتر دا بـۆ بەدەسـت هێنانی ماڤەکانی خۆیان بکەونە بەرخۆدان.

هۆکـارێکی دیکـەی دژایەتـی تورکیـا و ئێـڕان لە هەمبـەڕ پرسـی ڕیفراندۆم، دەگەرێتەوە بۆ ترسێک لە سەر شێوەی پێوەندی دەوڵەتـی کوردەکان لە گەڵ دنیای دەرەوەیە. هەم ئێران و هەم تـورکیە لایـان وایە کە کوردستانی باشوور دەبێتە هاوپەیمـانێکی ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی ئامریکا. بەو چەشنە جێی پێـی ئەوان لە نـاوچەکە دا خۆشـتر دەکا. ئێران کە دژایەتێکی دێرینی لە گەڵ ئامریکا و ئیسـرائیل هەیە و پێوەندی تورکیا لە حاڵی ئێستا دا  لە گەڵ ڕۆژاوا ئاڵۆزە و خـاوەنی داهاتوویکی نـاڕوونە. هەردوو وڵاتـە ئەو مەترسییە هەست پێدەکەن کە ئــاواڵە بــوونی دەســتی ئامریکاییەکــان لە کوردســتان،دەتوانێ هەڕشـەیەکی گـەورە بێ لە سـەر ئەمنییەتـی نەتەوەیـی ئەو وڵاتـانە.

دیارە بە بێ شک بوونی ئامریکا لە سنوورکانی ئێران تێچوویهەڵگرە بۆ ئێران، لە ئەگەری پێکدادانی ئێران و ئەمریکا دەتوانی تەواوی ناوچە لە شەڕیکی ماڵوێڕانکەر دا نوقم بکا. کە کۆتاییەکی نادیاری دەبێ. هەم ئێران و هەم تورکیا لەو دەلاقەیەوە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بە سەرچاوەیەک لە بێ سۆباتی و ئاژاوە لە ناوچەکەدا لە قەڵەم دەدەن. هەموو هەوڵەکانی خۆیان دەخنە گەڕ کە ئەو پرۆسەیە بەربەست بکەن.

**دەرئەنجام:**

بەدوای تێکڤرمانی یەکیەتی سوڤێیەت و نەمانی شەڕی سارد پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاری و کێشەی چاوەڕووان نەکراو بەرەوڕوو بووە. ئەو کێشانە کە لە سەرەتادا زۆرتر وا ویدەچوو پێوەندی بە کێشەی لێکترازانی بالانسی دەسەلات لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دایە، بەرەبەرە بو بە کێشەیەکی هوویەتی کە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا ئینسانییەکانی گەرتەوە و دەرکەوت کە تێکڕووخانی یەکیەتی سۆڤییەت و بلۆکی ڕۆژهەلات تەنیا لێک هەڵوشانەوەیەکی فیزیکی نەبوو، بەڵکوو تێکڕمانی جیهانبینی و تێگەیشتنیەکیش بوو لە سەر مرۆڤ، کۆمەڵگا، ئاشتی و ئاسایش و بەختەوەری و رزگاری مرۆڤ. لە پێی کەوتنی جیهانبینی سوسیالیزمی مارکسیزم-لینیزم کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئیلهامدەر و هاندەری میلیونها ئینسان بوو، دەیان جووڵانەوە و ڕەوتی لایەنگری ئەو ئیدیۆلوژییە لە ئاستی جیهاندا کە هیوادار بوون

بە دنیایەکی باشتر، لاواز کرد. کاپیتالیزمی لیبرال دیموکراتیک کە خۆی خۆش کردبوو ئەو جێگایە پڕ کاتەوە لە پێکانی مەبەستی خۆیدا سەرنەکەوت. ڕۆژئاوا وەک ئاڵا هەڵگری ئەو جیهانبینییە لە چەسپاندنی هێژمونی ئەو جیهان بینییە لە دنیا دا سەر نەکەوت و لە ناوخۆشیدا تووشی قەیران هات. سەرهەڵدانەوەی ڕەوتە ڕاستگەراکان، پەرەسەندنی بێ باوەڕی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەرانەوە بۆ کاپیتالیزمێکی ڕووت، داپلۆسینی دەولەتی خوشگوزەرانی، پەرەسەندنی هەلاواردنی رەگەزیو دژایەتی ئاشکرا و کەمبوونەوەی تۆلرانس لە هەمبەر خەڵکان و کولتورەکانیتر و بەو شێوە لەرزۆک کردنی باوەڕ بە ماقی مرۆڤ و بایەخە دیموکراتیکەکان، چەندین نموونەیە لەو قەیرانانە کە ڕۆژئاوا لە ناوخۆ دا لە گەڵیان بەرەوروو بۆتەوە. ئەو ئاڵوگۆڕ و قەیرانانە لە ڕۆژئاوای کاپیتالیستی و لیبرال دیموکراتدا لە ئێستادا بۆتە هۆی ئەوە کە ئاخۆدەبێ ڕۆژئاوا نوێنەرایەتی لە بایەخگەلێکی وەک دیموکراسی، بازاری ئازاد و ماقەکانی مرۆڤ لە پێوەندییە نێودەولەتییەکان دا بکا یا کوو بە پێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی خۆی هەڵسوکەوت بکا.

سەرنەکەوتن ڕۆژئاواییەکان لە چسپاندنی هێژموونی ئیدیولۆژی کاپیتالیستی لیبرال دیموکرات بە سەر دنیا دا ڕێگای بووە خۆشکردووە کە زلهێزە جیهانی و ناوچەیەکانی دیکە بە کولتوور یاژێرخانی تەمەدونگەلێکی جیاوازوە بۆ دۆزینەوەی جێگا و ڕۆڵی خۆیان لە پێوەندییە نێودەولەتییەکاندا بکەونە ململانی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان و هەتا دێ لەو پێکدادانە دا ڕۆڵی ئیدیولۆژی لە

ڕەوایدان بە سیاسەتی نێودەوڵەتی دا بەرەو لاوازی دەچێ و قازانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان جاریکتر دەبنە پێوانە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر کردندا.

لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزی لەو چەشنە دا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک ناوەندی سازدانەوەی نەزمی جیهانی دەبێتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە و ململانی چەندین هێزی ناوچەیی و جیهانی. باشووری کوردستان هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ وە بە هاریکاری ڕۆژئاوا، دەسەڵاتداریەکی کوردی دادەمەزرێنی و بە سەرهەڵدانی شەڕ لە سووریە و هەروەها سەرهەڵدانی خەلافەتی ئیسلامی داعش دا و شەڕ لە دژی ئەو دیاردەیە دیسانەوە کوردەکانی باشوور و ڕۆژئاوا لە چۆارچێوەی ستراتیژیی شەڕ لەگەڵ داعش سەرنجی ڕۆژئاوا، روسەکان و هێز ناوچەییەکان بۆ لای خۆیان ڕا دەکێشن. ڕۆژئاوا و مسکو هەر کام بە بەشی خۆی دەکەوەنە یارمەتی هێزەکانی کوردی لە شەڕ لە گەڵ داعش دا و بەو چەشنە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هێندک ناوچەی ئۆتۆنۆم لە لایەن کوردەکانەوە دا دەمەزری. ئەو پشتیوانی و سەرنجە نێودەوڵەتییانە و هەروەها سەرکەوتنی کوردەکانی باشوور لە گرتنەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە هەرێم و بە تایبەتی کرکوک کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی نەوتییە هاندەریک دەبن بۆ کوردی باشوور کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا هەنگاو بەرو سەربەخۆی هەڵگرن. بەوردبوونەوە لە هەڵویستی ڕۆژئاواییەکان لە هەمبەر بڕیاری ریفراندۆم دا بۆمان دەردەکەوەێ کە کوردەکان ناتوانن لە سەر

پشـــتیوانییکی ئەوتـــۆی رۆژئاواییەکـــان بـــۆ پێکهێنـــانی دەوڵەتێکـــی سەربەخۆی کوردی حیساب بکن. بەواتایەکیتر بەشداری چالاکانە و سـەرکەوتنی کوردەکـان لە شـەڕ لە گەڵ داعـش دا ڕۆڵـی ئـەوان لە باری نیزامییەوە لە ڕادی جیهانیدا بەرچاوتر و گرینگتـر کـردوە. هەر بەو هۆیەشـــە کە هاریکـاری و پشـــتیوانی و ســـەرنجێکی گرینگیـــان پێـــدراوە، بەڵام لە بـــاری سیاســـییەوە تـــاکوو ئێســـتا نەبـــۆتە هـــۆی دەستمایەکی جێگـای متمـانە بـۆ پشـتیوانی سیاسـی بـۆ سـەربەخۆی کوردستان لە لایەن هێـز و لایەنێکـی نێودەوڵەتی وەک ئامریکا و یا وڵاتانی یەکیەتی ئوروپا کە پشتیوانی سـەرەکیی کوردەکـان لە شـەڕ لە گەڵ داعـش دان. بە پـێچەوانەوە، لێکـدانەوەی سیاسـی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی لە سـەر هەلـومەرجی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، پـاش لێـک ڕاســتبوونەوەیەکی خوێنــاوەی، لایەنە مەزهەبــی و ئیتنیکییەکــان کە دوژمنـایەتی ئەو لایەنـانەی لە نـاوچەکەدا قـوڵتر کـردەوە، تـازە بەو ئاکامە گەیشتووە کە دابەشـکردنی هەرچیٚ زیـاتری ئەو نـاوچەیە بە سەر لایەنە دژبەرەکانی ئیتنیکـی و مەزهەبیـدا مـایەی بی سـوباتی و تێکدانی نەزم و ئاسایش لە نـاوچەکە دایە، کە ڕێگـا خـۆش دەکـا بـۆ شەڕ و پێکدان و پێشێلکردنی  هەرچی زیاتری ماقی مرۆڤ.[٣١]

بە لە بەر چـــاوگرتنی هەلـــومەجی ئـــالۆزی نەزمـــی نێـــودەوڵەتی، دژایەتـــی وڵاتـــانی وەک ئێـــران و تورکیـــا لەگەڵ ڕێفرانـــدۆم و هەلـومەرجی نێوخـۆی کوردسـتان کە خـاوەنی یەکیـەتییەکی سیاسـی

[31] هەر لەو کاتە دا چار نا جاریەک حەکومەتی هەریم تۆمتبارکراوە بە پیشیل کردنی ماقی مریف و تبعیز و نابەرابەری ئیتنیکی ولە

بەهێـز نیـیە و هەروها نـاکۆکی و گـرژی لە سـەر سنووری هەرێمی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێراق چاوەڕووانی ئەوە دەکری کە پرۆسـەی دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی کـوردی پـڕ لە مەترسـی و ئـاڵۆزی بێـت. ئەزمـوونی گۆڕانکارییەکـانی ئەو دوایـانەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و بە تـایبەتی وڵاتـی سووریە نیشانی داوە کە دوست لەو سەردەمەدا زۆر چەتوونە کە لە دووژمـن جیـا بکـرێتەوە و ویست و داخـۆازییە ڕەوا و ئینسـانییەکان بە سـانای دەتـوانن ببـنە قوربـانی سات و سەودای هێز و لایەنەکان بەرژەوەندیدار و هـیچ مانایەکییـان نەمێنێ.

لە هەلومەرجێکی دژواری ئەتۆدا بە بێ شک کاریکی زۆر چەتوونە کە ڕەوتـی ڕووداوەکـان بە جـۆریەک بـڕۆنە پـێش کە مـرۆڤ چـاوەڕووانی دەکـا. هۆکارەکەشـی دەگـەرێتەوە بـۆ ئـاڵۆزی و بـوونی قـازانج و بەرژەوەنـدی گەلێکـی زۆری دژ بەیەک لەو نـاوچەیەدا، کە هەر کـام دەتـوانی بە جـۆرەی پێویسـت ڕەوتـی ڕووداوەکـان بە ئاقاریەک دا بەری کە کوردستان تووشی شەڕ و پێکدادان و یا لە خۆشبینانەترین حال دا بەرەوە بی سوباتی و ئاژاوە ببات. ئەوە زۆر ڕاسـتە کە مـاڤی سـەربەخۆی لە لایەن هـیچ لایەن و زلهێزیەکـەوە وەک دیاری بە کوردەکان نادرێ، و کورد یەکەم بەرپرس و ئاخرین بەرپەرسە لەو هەنگاوەدا. سەرکەوتن و یا تێکشکانی پرۆسەیەکی لەو چەشنە لە هەر هەلومەرجێکدا دەگەرێتەوە سەرشانی کوردەکان، جا هەر بـۆیە ڕێبەرانـی سیاسـی باشـوور وەک بەر پرسـی سـەرەکی ڕێکخسـتنی ریفرانـدۆم دەبێـبە باشـی سـناریوکانی کە ئەو هەرێـمە

لەگەڵیان بەرورووو دەبێتەوە هەڵسەنگاندبی و زەرەرووو و قازانجەکانی ئەو هەنگاوەیـــان لێکـــدابێتەوە و بە ئاگـــا بـــوون لە خاڵـــە لاواز و بەهێزکانی خۆیـان بڕیاریـان دابـێ و لە لێکدانـەوەی خۆشـیاندا بەو ئاکامە گەیشتبن کە ئەو ڕێگایە کە کوردستان گرتویەتە بەر،بەرەو هێمنـایەتی و ئاسایش و بەختـەوەری هەرچـێ زیـاترە دەڕوا. ئەگینـا کوردستان دەبێتە مەیدانیکیتر لە ململانی و پێکدادان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بە بێ داهاتوویەکی ڕوون.

تیشک

# سەربەخۆیی باشووری کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر رۆژهەڵات

عیرفان رەهنمون

کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم کە کۆڕێکی پێکهاتوە لە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و نوێنەری کەمینە نەتەوایەتییەکانی جێگیر لە هەرێمی کوردستان ، بڕیاری داوە کە ٢٥ ی مانگی ٩ی ٢٠١٧ دا، بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی هەرێمی کوردستان ، گشتپرسییەک بەڕێوە ببات.

بەو هۆیەوە کە ریفراندۆمەکە بە ئامانجی سەربەخۆیی ئەنجام دەدرێ و یار و نەیارانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، لێیان روونە کە زۆرینەی خەڵکی باشووری کوردستان ، بێ دوودڵی ، بە " بەڵێ " ، وەڵام دەدەنەوە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هیستریا و پانیکی سیاسی سەرجەم ئەو وڵاتانە بگرێتەوە کە ساڵەهای ساڵە ، خاکی کوردستانیان لە نێوان خۆیان دا دابەش کردوە و رێگای هەموو هەناسەدانێکی سیاسییان لە نەتەوەکەمان، داخستوە.

بێگومان ئەم بڕیارەیەکێ لە بڕیارە مێژووییەکانی کۆی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە و لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئێمەی کورد لەم کات و ساتەدا، لە بەردەم گۆڕانی گرنگی سیاسیداین و ئەم رۆژو مانگ و ساڵانە، مێژوویی و گرنگ و چارەنوسسسازن.

پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان، بڕیاری ریفراندۆمی بە ئامانجی سەربەخۆیی باشووری کوردستان پەسەند کرد ، هیچیەک لە داگیرکەرانی کوردستان بە ئەندازەی ناسیونالیزمی فارس- ئێرانی ، نەشڵەژا و هیچ نەیارێکی

دیکە وەک ئەم دوژمنە سەرسەختەی کورد، پیلانی جۆراوجۆری بە مەبەستی هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە مێژووییە، نەگێڕا.

بەرای من هۆکاری دوژمنایەتیی سەرسەختی ناسیونالیزمی فارس- ئێرانی لە گەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئیدئۆلۆژیی رەگەز پەرەستانەی حکوومەتی ئێران کە هەمیشە هەوڵی داوە لە ژێر ئەم هێڵە فاشیستییەدا کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ نیە و بەشێکە لە نەتەوەی ساختەی بە ناو " ئێران "، ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد بسڕێتەوە و بیکاتە ئامرازێ بۆ پەرەدان بەهێژموونی کولتوری- سیاسیی خۆی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا.

هەر بۆیە دژایەتیی ناسیونالیزمی فارس- ئێرانی لە گەڵ پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دا، بە تەنیا دژایەتییەکی سیاسی نیە، بەڵکو دژایەتییەکی ئیدئۆلۆژیکی و هیژموونیخوازانەیشە.

بەهاتنە بەر باسی پرسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئیدئۆلۆژیی هیژموونخوازانەی پان ئیرانیستی و پان فارسیستی دوچاری پارادۆکسی مانایی و چەمکی دەبێت و لە ناوەوە هاڕە دەکات و دادەڕمێ.

تەنیا لەم گۆشە نیگایەوە دەتوانین، هۆکاری سەرەکیی ئەم هیستریا هەژێنەرە و ئەم پانیکە توندە سیاسییەی ناسیونالیزمی فارس- ئێرانی ، شرۆڤە و ئانالیز بکەین .

هەر بـۆیە سـەربەخۆیی کوردسـتانی باشـوور کـاریگەریی بەرچـاو دادەنێ لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە رووی مانایی و ئیدئۆلۆژیکەوە، پێگەی وێژمانیی کورد دەباتە سەر و بونیادە ئیدئۆلۆژیکییەکانی ناسیونالیزمی فارس- ئێرانی دوچاری تەنگژە و قەیرانی قووڵی مانایی دەکات.

ناسـیونالیزمی فـارس بە پـێچەوانەی ناسـیونالیزمی عەرەب و تورک، خاوەنی وێژمانی تایبەت بە خۆیەتی سەبارەت بە کورد و ئەمەش یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییە میتۆدیکەکانی داگیرکەرانی کوردستانە و هەر ئەمەش، رازی دژایەتیی سەرسەختانەی ناسیونالیزمی فارس- ئێرانییە لە بەرامبەر پرسی ریفرامدۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان دا.

بە سـەربەخۆبوونی باشـووری کوردسـتان، ناسـیونالیزمی فـارس- ئێرانی دوچاری پێکناکۆکیی ئیدئۆلۆژیک و وێژمانی دەبێ و هەر لەم رێگەیەشـەوە، هیژمـوونی کولتـوری - ئیـدئۆلۆژیکییەکەی کـاڵ دەبێتەوە و ناتوانێ ئامانجە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا و بە تایبەت لە پەیوەندیی لە گەڵ پرسی کورد دا، بپێکێ .

کـۆی ئەو کارلێکـانەی کە خسـتمانە بەربـاس، پـێگەی وێژمـانی - ئیـدئۆلۆژیکی کـورد تـۆکمە دەکـات و لە قۆنـاخی بەرگـرییەوە، دەیگوازێتەوە بۆ قۆناخی هێرشبردن .

هەر بۆیە لە سەر ئەو باوەڕەم کە گرنگترین کارتێکەریی ئەرێنیی سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتان لە سـەر ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی هیژموونیی وێژمانی.

بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە کوردستان بە سەر چوار وڵات دا ، دابەش کـراوە و لەم پرۆسـەیەدا، تەنیـا بەشـێکی بچـووکی کوردستان بەرەو رزگاریی یەکجارەکی دەڕوات و بەشەکانی دیکە هەروا لە ژێر ستەمدان و رزگاریی باشووری کوردستان، بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بە مانای رزگاریی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیە.

روونە کاتێ باشووری کوردستان لە قۆناخی دەسەڵاتی دیفاکتۆوە پـێ دەنێـتە قۆنـاخی دەوڵەتـی سـەربەخۆ کە خـاوەنی سـەروەریی سیاسـییە، لەهەمانکـاتیش دا، ناچـارە بە پێـی یاسـا و رێسـا نێونەتەوەییەکان، سەروەریی وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بپارێزێ و رەچاوی بەرژەوەندییەکانیان بکات.

ئەمەش واتە چێبـوونی بەربەسـت بـۆ خەباتکـارانی رۆژهەڵاتیـی جێگیر لە باشووری کوردستان و بە تایبەت پێکهاتنی بەربەست و لەمـپەر بـۆ خەبـاتی چەکـداریی بزاڤـی نیشـتیمانیی رۆژهەڵاتـی کوردستان.

دیارە، پرۆسەی سەربەخۆیی، پرۆسەیەکی کاتبەرە و تا لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە بە فەرمی بناسرێ، گەلێ ئاستەنگی کردەکی لە بەردەم دایە و بەو ئاسانییە بە ئاکام ناگات. بەڵام جێی خۆیەتی کە بزاڤـی کـورد لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان، وێـڕای پشـتیوانی لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان، خۆی بۆ ئەگەرە نیگەتیڤەکانیشی ئامـادە بکـات و رێکـاری کردەکـی و تەبـا لە گەڵ دۆخە پێشبینیکراوەکاندا، بگرێتە بەر.

# دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو:
# کەیسی کۆماری ئیسلامی ئێران

د. ئیدریس ئەحمەدی

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، دیاردەیەکڕووی لە زیادبوون کردووە کە لە ئاستی گشتیدا بە "ڕێژیمی تێکەڵاو" ناوزەد کراوە.[١] ئەو جۆرە ڕێژیمانە دەکەونەنێوان دیموکراسی جێکەوتوو و دیکتاتۆرییەتی تەواوەوە. لە گەڵ ئەوەی سەرەڕۆبوون خاڵی هاوبەشیانە، بەڵام جیاوازیشیانپێکەوە هەیە. ئەمەش وای کردووە بە شێوەی جیاواز پێناسە بکرێن؛ لەوانە"سەرەڕۆیی هەڵبژاردنکارانە"، "سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە"، "سەرەڕۆیی نارەکابەرانە"، "سەرەڕۆیی نوێ" و هتد.[٢]

تایبەتمەندی سەرەکی ئەو ڕێژیمانە بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە "هەڵبژاردن" بە مەبەستی شاردنەوەی سروشتی سەرەڕۆیانەی خۆیان و هەروها بۆ وەدەستهێنانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی.[٣]لە ئەساسدا، ئەو جۆرە ڕێژیمانە دژی دیموکراسین، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە دیموکراسی لە سەردەمی مۆدێرندا سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسییە، هەوڵ دەدەن ڕوو بە دەرەوە سیمایەکی

[١] دەستەواژەی "ڕێژیمی تێکەڵاو" لە بەرانبەر hybrid regime-دا دانراوە.

[٢] دەستەواژەی "سەرەڕۆیی هەڵبژاردنکارانە" لە بەرانبەر electoral authoritarianism، "سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە" لە بەرانبەرcompetitive authoritarianism و "سەرەڕۆیی نارەکابەرانە" لە بەرانبەرnoncompetitive authoritarianism-دا دانراون.

[٣]بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دیموکراتیک بێتە ئەژمار، دەبێ چەند مەرجێکی بنەڕەتی لە ئارادا بن، لەوانە: مافی بەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی ڕێکخستن و پلورالیزمی سیاسی. هەروها لە کاتی دەنگداندا، نابێ زۆر لە دەنگدەران بکرێ و دەبێ بە بێ دەستکاریکردن، ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردن بگیردرێ. بە کورتی، هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەر مانا و مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە.

دێموکراتیــــک لە خۆیــــان نیشــــان بــــدەن. ئەمەش بە دیــــاردەی "هەڵبژاردن بە بێ دێموکراسی" وەسف کراوە.[٤]

لە گەڵ ئەوەی کۆمـاری ئیسـلامی ڕیژیمێکـی تـێکەڵاوە (واتە، هەم کۆمـاری و هەمـیش حکـومەتی دینییە)، لە زانسـتی سیاسـیدا کەمتـر وەک ڕێژیمێکی سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە باسی لێوە کراوە. هەڵبەت لە سـاڵانی دوایـدا، چەنـد هەوڵێـک دراوە بـۆ دەسنیشـانکردن و لێکـدانەوەی کۆمـاری ئیسـلامی وەک ڕێژیمێکـی سـەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە. ئەم لێکۆڵینەوانە، کە بەشێکیان لە لایەن لێکۆڵەری فارسی دانیشـتووی وڵاتـانی ڕۆژئـاواوە ئەنجـام دراون، لە گەڵ ئەوەی دان بە سـەرەڕۆبوونی کۆمـاری ئیسـلامیدا دەنـێن، لەوەدا کـۆکن کە هەڵبـژاردن لە کۆمـاری ئیسـلامیدا بـووەتە دامەزراوەیەکـی گرنـگ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئێراندا، دەشێ ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی لـێ بکەوێـتەوە. سـەرەڕای هێنـدێک نـاکۆکی لە لێکدانەوەکانیانـدا، هەروەها جۆرە خۆشبینییەکیان سەبارەت بە باڵی "ریفۆرمیست" و بە گشتی دەرفەتی گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە.[٥]

---

٤ بڕوانە:

Larry Jay Diamond, "Thinking About Hybrid Regimes," *Journal of Democracy*, Vol. 13, No. 2 (April 2002), pp. 21-35.

٥ بڕوانە:

Luciano Zaccara, "Elections and Authoritarianism in the Islamic Republic of Iran," in MahoudHamad and Khalil al-Anani (eds.), *Elections and Democratization in the Middle East: The Tenacious Search for Freedom, Justice, and Dignity* (New York: Palgrave Macmillan, 2014); PejmanAbdolmohannadi and GiampieroCama, "Iran as a Peculiar Hybrid Regime: Structure and Dynamics of the Islamic Republic," *British Journal of Middle Eastern Studies*, Vol. 42, No. 4 (2015), pp. 558-587; NaserGhobadzadeh and Lily Zubaidah Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran," *Contemporary Politics*, Vol. 22, No. 4 (April 2006), pp. 450-468.

هەڵبەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیش لە ساڵانی دواییدا بە دەرئەنجامی هاوشێوە گەیشتوون. دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی توانیویەتی بەرە بەرە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆیدا بتوێنێتەوە و بەشێکی تریشیان تووشی سەرلێشێوایی و دووبەرەکی بکا.

لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتاکوو ئێستا سیاسەتێکی ڕوون و شێلگیرانەی هەبووە لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا و بەردەوام داوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی کردووە. بە تایبەتی لەوەتی ڕاسانی بەرپا کردووە، بە جیدی و ستراتژیک بەرەنگاری ڕێژیمی ئێران دەبێتەوە. هەروەها لە پیوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ساڵانی دواییدا شاهیدی هاوکاری نێوان هێزە کوردییەکان بووین.

ئەم وتارەی بەردەست هەوڵێکی دیکەیە لە ڕاستای لێکدانەوەی دیاردەی سەرەڕۆیی هەڵبژاردنکارانە لە کەیسی ئێراندا، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کۆماری ئیسلامی وەک دیکتاتۆرییەتێکی هەڵبژاردنکارانە پێناسە دەکا. بە کورتی، گوزارەی سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵبژاردن، ئەویش لە ڕێگای پێکهێنانی ترس و تەڵەکەبازییەوە، خەڵکی وادار کردووە کە بە دەنگدان، دیکتاتۆرییەت هەڵبژێرن.

لێرەدا هەروەها سێ تێزی سەرەکی پێشکەش دەکرێ.**یەکەم**، لە گەڵ ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردنبۆتە دامەزراوەیەکی بایەخدار بۆ ڕێژیم، بەڵام لە خزمەت دیکتاتۆرییەتدایە. بە واتایەکی

دیـکە، هەڵبـژاردن یارمەتیـدەری جـێکەوتن و سـەقامگیریی ڕێژەیـی دامەزراوەکانی ڕێژیمی ئیسلامییە لە ئێران تاکوو ئەوەی دەرفەت بێ بـۆ گـۆڕان. **دووهەم**، بـاڵی بەنـاو ڕیفۆرمیسـتی کۆمـاری ئیسـلامی ڕێژیمپارێزن، نەک ڕێژیمگۆڕ. حـزووری ئەوان زۆرتـر یارمەتیـدەری مانەوەی ڕێـژیمە. دیاردەی ڕیفۆرمیستی هەروەها لەلایەکەوە ڕێگـرە لە سـەرهەڵدانی هاوپەیمـانی نێـوان ڕێکخراوەکـانی ئۆپۆزیسـیۆنی هەرێمە جیاوازەکانیئێران و لەلایەکی دیکەشەوە بۆتـە هـۆی نانەوەی دووبەرەکـی لە نێـوان وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا. **سێهەم**، چینـی مامناوەنـدی فـارس، کە دەتـوانن دەوری کلیـدی بگێـڕێ لە گـۆڕینی ڕێژیمـدا، ناسیۆنالیزمی فارس و خولیایی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامیدا ڕێگای لێگرتـووە دەورێکـی وا بگێـڕێ. بـۆیە، لەهەرێـمە فارسنشـینەکاندا، نارەزایەتی هەیە بە بێ شۆڕش.

لە دەرئەنجامـدا، ئەم وتـارە پێشـنیار دەکـا کە ئۆپۆزیسـیۆن دەبـێ هەوڵی گۆڕینی ڕێژیم بـدا. بۆ گـۆڕینی ڕێـژیم، پێویست دەکـا ڕاسـان پەرەی پێ بدرێ.

## هەڵبژاردن لە خزمەت سەرەڕۆیی و دیکتاتورییەتدا

وەک لە سەرەوە باس کرا، نەک تەنیا بەشێک لە ڕێژیمە سـەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکـان بەرەو دێموکراسـی گوزاریـان نەکـردووە، بەڵکـوو بەشـێکی بەرچاویـان تەبـدیل بـوون بە سـەرەڕۆیی هەڵبژاردنکـارانە. بەڵام کەیسی کۆماری ئیسلامی هەروها نیشانی دەدا جۆرە ڕێژیمێک هەیە کە دیکتاتۆریەتی هەڵبژاردنکارانەیە.

جیـــــاوازی ســـــەرەڕۆیی و دیکتـــــاتۆرییەت لەوەدایە کە لە دیکتاتۆرییەتـدا، کەم تـا زۆر دەسـەڵات لە دەسـتی یەککەسـدا کـۆ کراوەتەوە.بێ گومان، هەمـوو نیزامێکی دیکتـاتۆر سـەرەڕۆن، بەڵام لە کۆمـاری ئیسـلامیدا، لە گەڵ ئەوەی دامەزراوەگەلێـک وەک پۆسـتی سەرکۆماری و مەجلیس وجوودیان هەیە، دەسەڵات لە دەستی وەلی فەقیهدا کۆکراوەتەوە. ئەگەر گۆڕانێـک لە کۆمـاری ئیسـلامیدا ڕووی دابێ، ئەوا لە ڕووی فەرمی و نـافەرمییەوە، بە پێی زەمـان دەسـەڵاتی وەلی فەقیە زیادی کردووە. بۆ نموونە، پاش هەموارکردنەوەی یاسایی بنـەڕەتی کۆمـاری ئیسـلامی لە سـاڵی ١٩٨٩، دەسـەڵاتی وەلـی فەقیـە کـرا بە ڕەهـا. هەروهـا دەسـەڵاتی نـافەرمی وی لە ڕێگـای کۆمەڵێـک دامەزراوەوە، لەوانە بونیادەکان، زیادی کردووە.[٦]

هەڵـبەت هەڵبژاردنـی سـەرکۆمار و ئەنـدامانی مەجلـیس سروشـتی ڕاستەقینەی ڕێژیمان داپۆشیوە. هەبوونی باڵی جیاواز لە نێو ڕێژیمـدا، بە تـایبەت ئەوانەی کە خۆیـان وەک "ڕیفۆرمیسـت" پێناسـە دەکەن، وای کردووە لای دەنگدەران و ڕۆژئاواش، باوەڕ بە گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا پێک بێ. لە کۆمـاری ئیسـلامیدا دەنگدان زۆرەملێـیە. ئەو بـاوەڕە یـان دروسـتر بڵێـین ئەو ترسـە لای بەشـێکی زۆر لە خەڵـک دروست بووە کە ئەگەر دەنگ نەدەن و پاسپۆرتەکانیان مـۆر نەخـوا، ئەوا نە کاریـــان دەس دەکەوێ، نە دەتـــوانن لە زانکـــۆ درێـــژە بە خوێنـــدن بـــدەن و نە دەتـــوانن یـــارانە وەرگـــرن. ڕێـــژیم هەروهـــا بە

---

[٦] بڕوانە:
Ali Abdelzadeh and IdrisAhmedi, “Iran” in CarstenAnckar and Thomas Denk (eds.), *Komparativpolitik: Niopolitiska system* (Lund: Studentlitteratur, 2015).

بەرجەستەکردنەوەی کاندیدی "خراپتر" لە بەرانبەر کاندیدی "خراپدا"، بژاردەی چەواشەکارانە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ. دواجاریش، خەڵک بە هەرکامیان دەنگ بدەن، دەنگێک دەبێ بە ڕێژیم. کەوابوو، ئەگەر هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا یارمەتیدەری گۆڕان بووبێ، ئەوا یارمەتی جێکەوتنی دیکتاتۆرییەت بووە.

لێرەدا جێگای ئاماژەیە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ٢٠١٣دا، ڕێژەی کاندیداکانی سەرکۆماری، واتە ئەوانەی ڕێژیم پەسەندیان دەکا بۆ خۆپاڵاوتن، لە نۆ دەرسەدەوە (8.89%) داشکاوە بۆ کەمتر لە یەک دەرسەد (0.69%).[٧] کەوابوو، بە پێی زەمان، ڕێژیم بەرتەسکتر و یەکدەستر بووەتەوە، نەک کراوەتر و فرەدەنگتر.

## ڕێژیمپارێز، نەک ڕێژیمگۆڕ

لە گەڵ ئەوەش، ئەوو دوو فاکتەرە، واتە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و سەرهەڵدانی باڵی بەناو ڕیفۆرمیستی ڕێژیم، وایان کردووە کە کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا وەک سەرەڕۆییەکی هەڵبژاردنکارانە پێناسە بکرێ، بەڵکوو هەروەها وەک سەرەڕۆییەکی ڕەکابەرانەش لە قەڵەم بدرێ.[٨] جیاوازی ئەو دوانە لەوەدایە کە لە سەرەڕۆیی

---

[٧] بڕوانە:
Zaccara, "Elections and Authoritarianism in the Islamic Republic of Iran," p. 160.
[٨] بڕوانە:
Ghobadzadeh and Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran,"pp. 454-5.

ڕەکابەرانە، ڕێگا بە ڕەکابەریی لە نێوان حیزبی جیاوازدا دەدرێ و هەڵبژاردن دەتوانێ ببێ بە دەرفەت بۆ پێکهێنانی گۆڕان.[٩]

لە کۆماری ئیسلامیدا، حیزبی سەربەخۆ وجوودی نییە و فرەحیزبیبوون، تەنانەت بە مەرجی کۆماری ئیسلامی، جێی نەکەوتووە. لە کاتی هەڵبژاردندا، باڵەکانی ڕێژیم دابەش دەبن بە سەر دوو بەرەی سەرەکیدا. جیاوازییەکی تری کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەو ڕێژیمانەی کە سەرەڕۆیی ڕەکابەرانەن لەودایە کە ئۆپۆزیسیۆن ڕێگای پێ نادرێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی بکا. دەبێ لێرەدا جەخت بکرێتەوە کە باڵی ڕیفۆرمیست ئۆپۆزیسیون نییە، بەڵکوو بەشێکە لە ڕێژیم. کۆماری ئیسلامی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیونی بە "هەڵوەشاوە" ڕاگەیاندووە. تەنانەت هێندێک حیزبی خۆشیانی داخستووە؛ دەتوانین داخستنی"جبهه مشارکت ایران اسلامی" و "سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی ایران" پاش ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ وەک نموونە بێنینەوە.[١٠]

لە کۆماری ئیسلامیدا، وشە یان ئیتیکێت جێگای چەمکی گرتۆتەوە. ئەمەش دەبێ لە درێژەی سیاسەتی فریوکارانەی هەڵبژاردن بە بێ دێموکراسیدا ببیندرێ. "ڕیفۆرم" واتای چەمکیی

---

[٩] بڕوانە:

Steven Levitsky and Lucan A. Way, "The Rise of Competitive Authoritarianism," *Journal of Democracy*, Vol. 13, No. 2 (April 2002), pp. 51-65; Andreas Schedler, *The Politics of Uncertainty: Sustaining and Subverting Electoral Authoritarianism* (Oxford: Oxford University Press, 2013), chap. 10.

[١٠] بڕوانە:

Ghobadzadeh and Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran,"pp. 454-5.

خۆی هەیە و بریتییە لە پێکهێنانی گۆڕان لە دامەزراوەی سیاسی و دوجاریش لە دەستووردا. لە کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٠ پرۆژە یاسایەک پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاسای چاپەمەنیدا، بەڵام وەلی فەقیە و شۆرای نیگابان، کە دەتوانن ڕێگری بکەن لە پەسەندکردنی هەر یاسایەک لە مەجلیس کە لە گەڵ ئیسلام و بەرژوەندی ڕێژیمدا نەگونجاو بێ، پێشیان بە پەسەندکردنی گرت.[١١]

ریفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا باسی گۆڕینی دەستووریان نەکردووە. بە پێچەوانە، هەموویان پابەندن بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی. گلەییان ئەوەیە کە ئەو دەستوورە جێی بە جێی ناکرێ. محەمەد خاتەمی لە لێدوانێکدا لە ڕێکەوتی ١٠ جونی ٢٠٠٦دا دان بەوەدا دەنێ کە خاوەن مانیفێست نەبوون: "کێشەیەکی ریفۆرمخوازی [لە ئێراندا] ئەوە بوو کە پێناسەیەکی ورد لە ریفورم نەبوو و هەر کەس و گرووپێک کە تێیدا بەشدار بوون، پێیان وا بوو ڕیفۆرمیستن."[١٢]

بەو پێیە، دروستر وایە کۆماری ئیسلامی وەک تێکەڵاوێک لە دیکتاتۆرییەتی هەڵبژاردنکارانە و سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە دەستنیشان

---

[١١] بڕوانە:
Ghobadzadeh and Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran,"p. 455.

[١٢] ئەو لێدوانەی خاتەمی لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Quoted in AnoushiravanEhteshami and MahjoobZweiri, *Iran and the Rise of Its Neoconservatives: The Politics of Tehran's Silent Revolution* (London: I.B. Tauris& Co Ltd, 2007), p. 1.

بکرێ. هەڵبەت ڕەکابەریی لە کۆماری ئیسلامیدا سنووردارە بە بەدامەزراوەیکردنی[١٣] ململانێی نێوان باڵ و کەسایەتییەکانی نێو ڕێژیم.ئەو ڕەکابەرییەش بە نۆرەی خۆی یارمەتیدەری جێکەوتنی دیکتاتۆرییەت بووە تاکوو ئەوەی زەمینە پێک بێنێ بۆ گۆڕان.

ڕاستە، لە پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز، کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی نارەزایەتی بەرچاو بووەوە، بەڵام بە سەرکوتکردن وەڵامی دایەوە. هەڵبەت سەرکوت هۆی سەرەکی شکستی ئەو بزووتنەوەیە نەبوو.

گرفتی سەرەکی لەو پێوەندییەدا سێ شت بوو. **یەکەم،** نارەزایەتی کەسایەتیگەلێک وەک میرحوسێن مووسەوی و مێهدی کەڕوبی نیشانەی قەیرانێک بوو لە بەدامەزراوەییبوونی ململانێی نێوان باڵەکانی ڕێژیم، نەک ئەوەی لایەنگری گۆڕان بن. **دووهەم،** جەماوەری بزووتنەوەی سەوز، کە چینی مامناوەندی فارس پێک دێنن، خوازیاری ئەوە بوون مەحموود ئەحمەدینژاد لە سەر کار نەمێنێ و مووسەوی جێگای بگرێتەوە. کەوابوو، جەماوەری بزووتنەوەی سەوز، بە پێچەوانەی چینی مامناوەند لە وڵاتانی دیکە، خوازیاری ئازادی و دێموکراسی نەبوون. ڕاستە، دواتر دروشمی هێندێک لە نارازییان لە شەقامەکان گۆڕدرا بە دروشم دژ بە

---

[١٣] دەستەواژەی "بەدامەزراوەییبوون" (نهادینەشدن بە فارسی) زۆر جار بەکار دەبردرێ، بەڵام ڕوون نییە مەبەست چییە لێی. لێرەدا وای پێناسە دەکەم کە ئاستی بەدامەزراوەییبوون یانێ تا چ ڕادەیەک لایەنە سیاسییەکان پابەندن بە ڕێسا یان قانوونگەلێک کە لە پێشدا دانراون، جا لە پێڕەویی حیزبێکی سیاسیدا بێ یان لە دەستووری وڵاتێکدا.

دیکتـاتۆر، بەڵام ئەوە پشتئەسـتوور نەبـوو بە مانیفێسـتێکی ڕوون و ئۆپۆزسـیۆنێکی تـۆکمە. **سێهەم،** ئەو بـزووتنەوەیە بە هـۆی نەبـوونی مانیفێستێکی ڕوونی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی، نەیتوانی سرنج و هاوسۆزی خەڵکی کوردستان بۆ لای خـۆی ڕاکێشـێ. هەر ئەمەش وای کرد بە سانایی سەرکوت بکرێ.

به کـورتی، بە هـۆی ئەوەوە کە ڕیفۆرمیسـتی ئێرانـی ڕێژیمپـارێزن، سەرهەڵدانی نارەزایەتی ناوە ناوە لە هەرێمە فارسنشینەکان ناتوانێ ئۆپۆزیسیۆنێکی تۆکمەی لێ بکەویتەوە یان ئەوەی زەمینە خـۆش بکا بـۆ هاوپەیمـانی لە گەڵ بـزووتنەوەی کـورد و بـزووتنەوەی گەلانـی دیکە.

هەرچەنـد سیاسـەتی نێـودەوڵەتی بـابەتی ئەم وتـارە نیـیە، بەڵام دیسان جێگای ئاماژەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاواش دەرکییان بەو ڕاستییە نەکردووە کە ڕیفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمگۆڕ نین. ئەمەش وای کـردووە ڕۆژئـاوا سـەبری زۆریـان هەبـێ لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامیدا. بۆ نموونە، پشتیوانیکردن لە تێرۆریـزم و باقی سیاسـەتە ناسـەقامگیریی پێکهێنەرانەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی لە ئاسـت نێودەوڵەتیـدا، وەپـاڵ بـاڵی "کـۆنەوار" یـان "توونـدڕەو" دەدرێ و ڕۆژئاواییەکـان خولیـایی ئەوەیـان هەیە کە بەدەسەڵاتگەیشـتنی "ڕیفۆرمیسـتەکان"، هەم سیاسـەتی نێوخـویی و هەمـیش سیاسـەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا بێ. هەبوونی ئەم دوو بـاڵەی ڕێـژیم و تێگەیشـتن یـان دروسـتر بڵێـین هەڵەتێگەیشـتنی ڕۆژئاواییەکـان لەو بـاڵانە بـۆتە هـۆی ئەوەی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا

سیاســەتێکی یەکدەســتییان لەهەمــبەر ئێــران نەبــێ و تەنــانەت دووبەرەکـی بکەوێـتە نێوانیـانەوە. هەرچەنـد ئیسـپاتکردنی زەحـمەتە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە دەرککردن بەو ڕاستییە، بە ئەنقەست ئەو باڵانە لە بەرانبەر یەکتردا بەرجەستە دەکاتەوە بۆ ئەوەی درز بخـاتە نێـوان ڕۆژئاواییەکـانەوە. کەوابـوو، جەناحبـازی کۆمـاری ئیسـلامی و ئەنجامـدانی هەڵبـژاردن هەروهـا بـووە بە سـامانێکی دیپلۆماتیـک لە دەستی ڕێژیمـدا بە مەبەستی سەرلێشێواندن و نانەوەی دووبەرەکی لە ئاست نێودەوڵەتیدا.

## ناڕەزایەتی بە بێ شۆڕش

سەرەڕای ئەوەی شۆڕش هۆکاری زۆری هەیە و لە مێـژوودا چـین و تــوێژی جیــاواز لە شۆڕشــی زۆر وڵاتــدا بەشــدارن بــوون، بەڵام شۆڕشـێک کە دواجـار بتـوانێ دیموکراسـی بە دوای خۆیـدا بێنــێ، پێویستی بەوەیە چینی مامناوەنـد، بێ گومـان بە هاوپەیمـانی لە گەڵ چین و توێژی دیکەدا، دەوری کلیلی تێدا بگێڕێ.[١٤]

کێشەی ئێـران لەوەدایە کە چینـی مامناوەنـدی فـارس، کە دەتـوانێ ئەو دەورە بگێڕێ، بە هۆی ئەوەوە کە ترسی لەکیسچوونی دەسەڵاتی نەتەوەی فارسی هەیە، ناڕازییە بە بێ ئەوەی بیهەوێ شۆڕش ئەنجام بدا. بێ گومـان هەروەها ئەو هیـوا بێبنـەمـایەی کە کەسانی سـەر بە

---

[١٤]بڕوانە:
Francis Fukuyama, *Political Order and Political Decay: From the French Revolution to the Globalization of Democracy* (New York: Farrar, Straus and Giroux, 2014), chaps. 29-30.

چینی مامناوەند هەیانە بە ڕیفۆرمیستەکانی نێو کۆماری ئیسلامی، ئەمەش وای کردووە بیر لە شۆڕش نەکەنەوە.

چینی مامناوەندی فارس لەم ڕووەوە لە بیرکردنەوەدا، هاوشێوەی چینی مامناوەندی چین و تایلەندە. چینی مامناوەند لەو وڵاتانە بە هۆی نیگەرانی لە دیموکراسی و کرانەوەی دەرفەت بۆ چینی هەژاری وڵاتەکەیان، کە بە لەدەستدانی ئیمتیازی خۆیانی دەزانن، مانەوەی حکومەتی سەرەڕۆ لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەبینن.[١٥]

هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە مەسەلەی ئەساسی بۆ نەتەوەی فارس، مادییاتە. لە بنەڕەتدا مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی فارس، کە وای کردووە نەتەوەی فارس ئەگەر بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا زاڵ نەبێ، فارسەکان هەست دەکەن شوناس یان ناسنامەی خۆیان لەدەست دەدەن. ناسنامەی نەتەوەی فارس بە شێوەیەکی چەوت لە سەر بنەمای باڵادەستی خۆیان و ژێردەستی نەتەوەی دیکە دروست کراوە.

کەوابوو، دیموکراسی لە ئێراندا زیاتر لە ڕیفۆرمی کۆماری ئیسلامی، پێویستی بە ڕیفۆرم لە ناسیۆنالیزمی فارسدا هەیە. باجێک کە نەتەوەی فارس بەردەوام دەبێ بیدا بۆ ڕاگرتنی پێوەندی باڵادەستی خۆیان و ژێردەستی نەتەوەکانی دیکە، تەحەمولکردنی دیکتاتۆرییەتە.

---

١٥ بڕوانە:
Fukuyama, *Political Order and Political Decay*, p. 442.

### شانۆگەری یان دەرفەت؟

سـەبارەت بە هەڵبـژاردن لە ریـژیمە سـەرەڕۆکاندا سـێ بۆچـوون هەیە: ١) هەڵبـــژاردن وەک دیکـــۆر و شـــانۆگەری بە مەبەســـتی بەلارێدابردنی ڕای گشتی و وەرگرتنی شەرعییەتی نێودەوڵەتی؛ ٢) هەڵبـژاردن وەک ئـامرازێکی گرنـگ بـۆ سەرلێشـیواندنی خەڵـک، پێکهێنانی دووبەرکی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا، هەروها خونساکردنەوەی کەسانی دەروون ڕێژیم یان بەدامەزراوەییکردنی ململانێی دەسەڵات لە نێوان نوخبەی سەر بە ڕێژیم و هتد؛ ٣) هەڵبژاردن وەک مەیدان و دەرفەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێـژیم و پێکهێنانی هاوپەیمانیی لە نێوان ناڕازیانی نێو ڕێژیمی حاکم و ئوپۆزیسیۆن بە مەبەستی گۆڕان و هەنگاونان بەرەو دێموکراسی.[١٦]

لە سـەر بنەمـای ئەو لێکـدانەوەیەی لەم وتـارەدا پیشـکەش کـرا، دەتـــوانین بەو دەرئەنجـــامە بگەیـــن کە هەڵبـــژاردن لە کۆمـــاری ئیسـلامیدا ئەو کـارکردانەی هەیە کە لە خـاڵی یەکـەم و دووهەمـدا هاتوون، بەڵام نەک لە خاڵی سێهەمدا. هۆیەکەشی ئەوەیە، کۆماری ئیســـلامی لە بنەڕەتـــدا دیکتـــاتۆرییەتێکی هەڵبژاردنکـــارانەیە و ریفۆرمیستەکانی نێو ڕێژیم، ڕێژیمپارێزن نەک ریژێمگۆڕ.

ئەگەر ئوپۆزیسـۆن پێـی وابـێ هەڵبـژاردن لە کۆمـاری ئیسـلامیدا مەیـدان و دەرفەتە، ئەوا گـۆڕی خـۆی دەکەنـێ، چـوونکە بە هانـدانی خەڵـک بـۆ بەشـدارییکردن لە هەڵبژاردنەکـانی ریژیمـدا، دەبـێ بە خزمەتکاری.

---

[١٦] بڕوانـە:
Schedler, *The Politics of Uncertainty*, pp. 5-7.

## داهاتووی کۆماری ئیسلامی

لە گەڵ ئەوەی پێشبینیکردن لە زانستی سیاسیدا ئەستەمە، بەڵام دوو لێکۆڵینەوە لە ساڵانی دواییدا ئەنجامدراون کە دەشێ بکرێن بە بنەما بۆ پێشبینی شیمانەیی (ئیحتمالی) سەبارەت بە داهاتووی کۆماری ئیسلامی. هەڵبەت پێشبینی کورتمەودا و نێوەندمەودا بڕێک ساناترە تا پێشبینی دوورمەودا.

لێکۆڵینەوەی یەکەم ١٥٠ ڕێژیمی سەرەڕۆ لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تاکوو ٢٠٠٢ لە خۆ دەگرێ. لەو لێکۆڵینەوەدا، ئەو ١٥٠ ڕێژیمە دابەشکراون بە سەر دوو دەستەدا؛ ٩٣ کەیسی سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە و ٥٧ کەیسی سەرەڕۆیی ناڕەکابەرانە. لە دەستەی یەکەمدا، ٦٨ لەو ڕێژیمانە لەو ماوەیەدا توانیوانە بەردەوام بن لە حکوومەتکردندا، بیستیان گوزاریان کردوە بەرەو دێموکراسی و پێنجیان بە هۆی جیاوازە (شەڕی نێوخۆیی، کودەتا یان تەبدیلبوون بە دیکتاتۆرییەتی تەواو) لەنێوە چوون. لە دەستەی دووهەمدا، واتە سەرەڕۆیی ناڕەکابەرانە، چلوپێنجیان توانیویانە لە سەر دەسەڵات بمێننەوە، شەشیان تەبدیل بوون بە سەرەڕۆیی ڕەکابەرانە، سێیان بوون بە دێموکراسی و سێ دیکەیان بە هۆی جیاوازەوە لەنێو چوون.[١٧]

لە هەردوو دەستەدا، ڕێژەی مانەوەی ئەو ڕێژیمانە (٧٣ دەرسەد لەوانەی سەرەڕۆیی ڕەکابەرانەن و ٨٠ دەرسەد لەوانەی ناڕەکابەرانەن) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە ڕێژەی گوزاریان بەرەو دێموکراسی (٢٠ دەرسەد لەوانەی سەرەڕۆیی ڕەکابەرانەن و

---

١٧ Schedler, *The Politics of Uncertainty*, pp. 342-343.

تەنیا ٣ دەرسەد  لەوانەی نارەکابەرانەن). وەک لە سەرەوە باس کرا، کۆمـــاری ئیســـلامی تـــایبەتە و لەم وتـــارەدا وەک دیکتـــاتۆرییەتی ڕەکـابەرانە پێناسـە کـراوە. بەو پێـیە، کۆمـاری ئیسـلامی بە ڕواڵەت ڕەکابەرانەیە و زۆرتر دیکتاتۆرییەتی وەلی فەقیهە. تەنانەت دەتوانین بڵێین ڕەهەندی ڕەکابەرانەی کۆماری ئیسلامی وێڕای هەبوونی باڵی ڕیفۆرمیستی ڕێژیم، زۆرتر یارمەتیدەری مانەوەیەتی. بۆیە، کۆماری ئیسـلامی دەکەوێـتە خـانەی ئەو ڕێژیمـانەوە کە نارەکـابەرەن و بە پشتبەستن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی یەکەم، دەکرێ بڵێین ئەگەری مانەوەی زۆرترە تاکوو ئەوەی گوزار بکا بەرەو دێموکراسی.

بە کورتی، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لاواز بووە و هەروەها مەسەلەی هەڵبـژاردن بـۆتە هـۆی سـەرهەڵدانی دووبەرەکی لە نێو ئوپۆزیسـیۆندا، ڕێـژم زۆرتـر جێگیـر بـووە. لێـرەدایە بـــایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکـــانی ڕێـــژیم بـــایەخی ســـتراتژیکی هەیە، چـوونکە هەڵبـژاردن بـۆ ڕێـژیم تەنیـا شـانۆگەریی نیـیە، بەڵکـوو بۆتـە ئـامرازێکی سـتراتژیکیش. کەوابـوو، ئەگەر ئوپۆزیسـیۆنێکی تـۆکمە لە بەرانبەر ڕێژیمـدا شـکڵ بگـرێ و بتـوانێ قەنـاعەت بە گەلانـی ئێـران بێنـێ کە بە بەرینـی هەڵبژاردنەکـانی ڕێـژیم بـایکۆت بـکەن، ئەوا کۆمـاری ئیسـلامی تووشـی قەیرانـی جیـدی دەبێـت. لە خـۆڕا نیـیە خـامنەیی پـێش هەڵبژاردنەکان لە هاووڵاتییـان و تەنـانەت دژبەرانـی ڕێــژیمیش دەپــاڕێتەوە کە بەشــداری لە هەڵبژاردنــدا بــکەن. ئەو پاڕانەوە بـۆ خـۆی ئیسپاتی دەکا کە بـایکۆتکردن، بە مەرجـێ بەریـن بێ، دەتوانێ گاریگەر بێ.

لێکۆڵینەوەی دووهەم تایبەتە بە لەدەسەڵاتکەوتنی دیکتاتۆرەکان و ٣٠٣ کەیس لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ تاکوو ٢٠٠٨ لە خۆ دەگرێ.[١٨] ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە: ٢٠٥ دیکتاتۆر (واتە ٦٨ دەرسەد) لە نێوان ئەو ساڵانەدا لە ڕێگای کودەتاوە لەدەسەڵات لابراون؛ ٣٢ دیکتاتۆر (١١ دەرسەد) لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەریدا لە دەسەڵات کەوتوون؛ ٣٠ دیکتاتور (١٠ دەرسەد) لە ئەنجامی گوزار بەرەو دێموکراسی ناچار کراون لەدەسەڵات نەمێننەوە؛ ٢٠ دیکتاتۆر (٧ دەرسەد) تیرۆر کراون؛ ١٦ دیکتاتۆریش (٥ دەرسەد) لە ئەنجامی دەستێوەردانی هێزی دەرەکیدا لەدەسەڵات لابراون.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی دووهەم، نەتیجەکانی کاتێک گرەنگە ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەک دیکتاتۆرییەتی وەلی فەقیە پێناسە بکەین و لایەنی سەرەڕوویی ڕەکابەرانەی وەک ئامرازێک لە خزمەتی دیکتاتۆرییەتدا ببینین. هەڵبەت کێشە لەودایە کە ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵبژاردن و هەروەها بە هەبوونی دامەزراوەگەلێک و پۆستی سەرکۆمار و مەجلیس، دەیەوێ ئەم ڕاستییە بشارێتەوە. وەک باس کرا، سەرهەڵدانی باڵی بەناو ریفۆرمیستی ڕێژیم ئەووەندەی دیکە مەسەلەکەی ئاڵۆز کردووە. بۆیە، دواجار مانەوە یان لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی بەندە بەوەوە کە ئایا هاووڵاتییانی ئێرانی، ئوپۆزیسیۆن و وڵاتانی ڕۆژئاوا بتوانن سروشتی ڕاستەقینەی

---

[١٨] بڕوانە:
Milan Svolik, *The Politics of Authoritarian Rule* (Cambridge: Cambridge University Press, 2012), pp. 4-5.

کۆماری ئیسلامی ببینن یان نا. هۆیەکەی ئەوەیە کە واقعیيەت، بە تایبەت واقعییەتی سیاسی، بەندە بە تێگەیشتنی مرۆڤەوە تاکوو ئەوەی خۆی وەک دیاردەیەکی بابەتی دەربخا.

بەڵام با وای دابنێین لانی کەم نوخبەی سیاسی و نیزامی ڕێژیم دەزانن کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆرییەتی وەلی فەقیهە. ئەوجا دەکرێ بڵێین ریسکی کودەتا لە کۆماری ئیسلامیدا زۆرترە لە ئەگەرەکانی دیکە. هەڵبەت خامەنەیی تەمەنی زۆرە و هەروەها سپای پاسداران لە ژێر سایەیی ئەودا، بە پێی زەمان بەنفووزتر بوون. بۆیە، لە کورتمەودا، ئەگەری کودەتا کەمە و لە نێوەندەمەودادا سپای پاسداران زۆرتر بەنفووز دەبن. بە بەراوەرد لە گەڵ ئەو کاتەی خومەینی وەلی فەقیە بوو، ڕۆڵی سپای پاسداران لە ڕووی ئابووریی، سیاسی و نیزامییەوە زیادی کردووە. بۆیە، ڕەنگبێ پاش نەمانی خامەنەیی، ململانێیی نێوان باڵەکانی ڕێژیم ڕوو لە زیادبوون بکا و سپا کودەتایەکی نەرم ئەنجام بدا بەو مانایەی کە جێگرەوەیەک بۆ خامەنەیی دابنێن کە ملکەچی خۆیان بێ.

وەک لە ڕاپۆرتی مستافا هیجری، سکرێتری گشتی حیزبی دێموکرات، بۆ حەڤدەهەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبەدا هاتووە، کۆماری ئیسلامی لە کاتی ئێستادا لە سێ ئاستدا بەرەوڕوویە لەگەڵ گرفتی جیدی.[١٩] **یەکەم**، کێشەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم قووڵتر بۆتەوە. **دووهەم**، نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لە ئێران ڕووی لەزیادبوون

---

[١٩] مستەفا هیجری، "کۆماری ئیسلامی بەرەو داشکان"، .http://www.kurdistanmedia.com/sorani/dreje/28385

کـردووه و ڕێککەوتنــی ئەتــۆمی نەبــۆتە هــۆی کەمبــوونەوەی ئەو ناڕەزایەتییـانە. **سێهەم،** بە ســەرکردایەتی ئەمریکـا، هاوپەیمـانییەکی نێودەوڵەتی لە حـالەتی شکڵگرتندایە بۆ پاشەکشەکردن بە کۆماری ئیسـلامی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا. کەوابـوو، کـۆی ئەو پـارامێترانە بە شـێوەیەکی ئـاڵۆز کارتێکەرییـان دەبـێ لەسـەر داهـاتووی کۆمـاری ئیسلامیدا لە کـورتمەودا، نێوەنـدمەودا و هەروەها دوورمەودادا. بـۆیە، لە پاڵ ئەگەری کودەتا، یان کودەتای نەرمـی سپای پاسداران، پاش نەمانی خامەنەیی، لە نزیکمەودا و نێوەنـدمەودادا، فـاکتەری نێوخـۆیی و دەرەکـی دەشـی دەوری گرنـگ بگێـڕن لە دیـاریکردنی داهـاتووی کۆماری ئیسلامیدا.

هەڵبەت ئەوەی کە دواجـار دەبێـتە فـاکتەری یـەکلاکەرەوە، دەوری ئۆپۆزیسـیۆنە. نـاڕەزایەتی نێوخـۆیی، قووڵبـوونەوەی کێشـەی نێـوان باڵەکانی ڕێژیم و هەوڵی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژ بە ئێران نـاتوانن لە خۆیانـــدا یارمەتیـــدەری گـــۆڕینی ڕێـــژم بـــن، مەگەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی تۆکمە دژ بە کۆماری ئیسلامی شکڵ بگرێ.

### دەرئەنجام

سەرەتا باس لەوە کرا کە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بـووەتە هۆی سەرلێشێواندن و پێکهێنـانی دووبەرەکی لە نێوان ئۆپۆزیسـیۆنی ڕێژیمـدا. هەڵبـژاردن لە کۆمـاری ئیسـلامیدا تەنیـا شـانۆگەری نیـیە، بەڵکـوو بـۆی بـۆتە ئـامرزازێکی سـتراتژیکیش. بە هـۆی سروشـتی دیکتاتۆربوونی کۆماری ئیسلامییەوە، هەڵبژاردن لە ئێرانـدا نەبووە بە

مەیـدانی بەشـدارییکردن و دەرفەت بـۆ گـۆڕان. بـۆیە، سیاسـەتی دروسـت و کـاریگەر ئەوەیە کـاری جیـدی بکـرێ بـۆ بـایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ڕێـژیم. بە هـۆی ئەوەوە لە هەرێـمە فارسنشینەکانی ئێـــران نـــاڕەزایەتی هەیە بە بـــێ شـــۆڕش، دەبـــێ ئەو کـــارە لە کوردستانەوە دەس پێ بکا.

سـەرکەوتن لەو پەیوەنـدییەدا بەنـدە بە کـۆدەنگی و هاوکـاریی ستراتژیک لە نێـوان هێـزە کوردییەکان و دواجـاریش بـایکۆتکردنی بەرینـــی هەڵبژاردنەکـــانی ڕێژیمـــی ئیســـلامی لەلایەن جەمـــاوەری کوردستانەوە. ئەو کۆدەنگیی و هاوکارییەش بە نۆرەی خۆی پێویستی بە تێگەیشتنێکی دروست هەیە لە سروشتی کۆماری ئیسلامی.

لە ئاستێکی بنەڕەتیدردا، دەبێ جەخـت بکرێتەوە کە تێگەیشتنێکی دروســت لە سروشــتی کۆمــاری ئیســلامی و هەروهــا گــرتنەبەری سیاسـەتی دروسـت بە بـێ حـزوور و دەوری هێـزی پێشـمەرگە لە گۆڕەپانی سیاسیدا ناتوانێ دەسکەوتی هەبێ. چەنـد ساڵێک بـوو، زۆر لایەن ســەرقاڵی باســێکی بێهــوودە بــوون ســەبارەت بەوەی ئایــا بـــــزووتنەوەی نەتەوایەتـــی لە ڕۆژهەڵات، خەبـــاتی چەکـــدارانە بەرپابکاتەوە یان تێکۆشانی مەدەنی بکا.دانانی خەباتی چەکدارانە و تێکۆشانی مەدەنی لە بەرانبەر یەکتردا لە کەیسی ئێراندا، کارێکی چەوتە. ئامادەبوونی پێشمەرگە لە شاخ و لە نێو خەڵکدا و هەروها بەرهەڵەســتکاری مەدەنـــی لە شـــارەکانی کوردســـتان، تەواوکەری یەکترن. یەکێک لە ماکەکانی خەباتی مەدەنی لە ئێران، بـریتییە لە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی.

بـۆ گـۆڕینی ڕێـژیم لە ئێـران، پێویسـت بەوە دەکـا لە هەمـوو بەشـەکانی ئێـران ڕاسـانی هاوشـێوەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەرپـا بکرێ. ئەگەر ئەوەش ڕوو نەدا، ئەوا ڕاسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ لانیکەم بەلووچستان و ئەهواز.

ڕاسـان ئامـانجی تێکەڵکردنـی دەسـەڵاتی زبـر و نەرمە. دەسـەڵاتی نەرم (واتە هێزی فکری و گوتاری) درێژکراوەی دەسەڵاتی زبرە (کە لە کەیسی کوردستاندا، بریتییە لە هێزی پێشمەرگە). بە بێ هێزی پێشمەرگە، فکر و گوتاری سیاسی بزووتنەوەی کورد، کە یەکێک لە ماکە ئەساسییەکانی دێموکراسیخوازییە، بوردی نابێ.

ئەگەر ڕاسان ڕێژیم نەگۆڕێ، دەتوانێ یارمەتیدەری گۆڕینی ڕێـژیم بـێ، یـان لانـی کەم، وێـڕای فـاکتەری جیۆسیاسـی، لە کوردسـتاندا پاشەکشە بە ڕێژیم بکا.

**تێبینی:** ئەم وتارە لە سێمینارێکدا لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئوگوست لە ئـازادی، یەکێـک لە بنکەکـانی حیزبـی دێمـوکرات لە کوردسـتان، پێشکەش کرا.

Tishk 44

گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتێرنێت

http://www.kurdistanmedia.com

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

کۆمیسیۆنی پەروەردەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەریدەکا